# ڕێبەری ماموستا

## میتۆدەکانی فێرکردن

## و

## ڕاسپاردەکان و ڕێنماییەکان

نووسین و ئامادەکردنی/ یاسین حەسەن گۆران

سەرپەرشتیاری خانەنیش

چاپی یەکەم /٢٠٢٤

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿وَقُل رَّبِّ زِدْنِي عِلْمًا﴾

﴿١١٤﴾ طه

ناوی کتێب: ڕێبەری ماموستا

نووسینی کۆمپیۆتەر : یاسین حەسەن حوسێن .

دیزاینی ناوەرۆك : نووسەری کتێب

هەلەچنی و پێداچونەوە : ماموستا / عبدالسلام عبدالله طه

سەپەرشتیاری پەروەردەیی(پسپۆری بیرکاری ) لە پەروەردەی بەردەرەش

نەخشەسازی بەرگ : ماموستا/ محەمەد حازم

چاپخانە : پەڕاوگەی زانست / قەزای بەردەڕەش

چاپ : چاپی یەکەم

تیراژ : ( ) دانە

لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ـ هەولێر / ژمارەی سپاردن ( ٢٩٣ ) ساڵی (٢٠٢٣)پێدراوە .

مافی چاپکردنی پارێزراوە بۆ خاوەنی کتێب

# پێرستی ناوەرۆکی بابەتەکان

| بابـــــــــــەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێرستی بابەتەکان | ٤ |
| پێشەکی | ٥ |
| تەوەری یەکەم / میتۆدەکانی فێرکردن | ٧ |
| تەوەری دووەم/ ڕێگاکانی وانە گۆتنەوە | ٥٩ |
| تەوەری سێیەم / فێرکردن و فێربوون بیرکاری | ٧٠ |
| تەوەری چارەم / وانەی سەرکەوتوو | ٩٣ |
| پێنجەم/ پلان و جۆرەکانی | ١٠٣ |
| تەوەری شەشەم/ پرسیاردانان و تاقیکردنەوەکان | ١١٦ |
| تەوەری هەفتەم/ هەلسەنگاندن | ١٢٤ |
| تەوەری هەشتەم/ تایبەتمەندییەکانی ماموستای سەرکەوتوو | ١٣٢ |
| تەوەری نۆیەم / کاری بەکۆمەل ( سیستەمی گروپ ) | ١٤٢ |
| تەوەری دەیەم / ڕێنماییەکان بۆ ماموستای بیرکاری | ١٥٦ |
| تەوەری یازدەم / ئاستەنگ و هۆکارەکان | ١٦٨ |
| سەرچاوەکان | ١٧٥ |
| ژیانی نووسەر | ١٧٧ |
| بەرهەمەکان نووسەر | ١٧٩ |

# پێشەکی

بسم الله الرحمن الرحیم

( وفوق کل ذي علم علیم )   صدق الله العقیم .

بەئەرکی سەرشانی خۆم زانی بە پێی شیانی خۆم وەکو سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە بواری پەروەردە کارم کردووە توانیم ئەو زانیاریانە کۆبکەمەوە خوا دەرفەتی پێمدا بکەمە کتێبێك بە ناونیشانی (ڕێبەری ماموستا) بخەمە بەردەستی ماموەستایان بۆ کارا کردنی رۆلی ماموستاو پەرەپێدانی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن  لە قۆناغەکانی فێرکردن  بە ئومێدم سوود بەخش بیت .

هەموو پیشکەوتنە زانستیە مرۆییەکانی هاوچەرخ لە پلانی تۆکمە سەرچاوە وەردەگرێت ، چوونی مرۆڤ بۆ سەر مانگ و داهێنانی کۆمپوتەر و ئەنتەرنێت و دروست کردنی مووشەکی دوورهاوێژ و گەشتە ئاسمانیەکان بۆ ناو گەردوون . هەروەها هێنانە کایەوەی وزەی ئەتۆمی و داهێنانی مێشکی ئەلکترۆنی ئەوانە هەموویان لە بەرهەمەکانی گەشەکردنی بابەتەکانی زانستیە  بۆیە زانایان و پسپۆران بۆ پێشخستن و گەشەپێدانی بابەتی زانستی  زۆر بایەخیان پێداوە بە تایبەتی لە پرۆگرامی خوێندنی بابەتەکانی بیرکاری و فیزیاو .... لە قوتابخانەکان . فێربوونی ئەو بابەتانە  تەنها بایەخدان بە شێوازی وانە گۆتنەوە نیە هەروەها شیکاری پرسیارەکانی قورس و رێساو یاساکان  بەلکو گوتنەوەی وانەی بابەتەکان  (هونەر و زانستە) .

**هونەرە :** بۆ مەبەستی پێدانی شارەزایی زانستی و کردارە پێویستەکان بۆ ژیانی ڕۆژانەی قوتابی . بە ڕێگای ئاسان و دروست .

زانستە : فێربوونی زانستی بابەتەکان بە قۆناغ ڕوو دەدات و دێتە بەرهەم لەگەل تواناى ئاستی قوتابیان دەبێ پەرە بستێنێ . دەست گرتنە بە کۆلەگەکانی زانستەکە.  بۆ گرنگی دان بە بابەتەکان دەبێ کادیری لێزان و کارامە و لێهاتی دروست بکرێت بۆ ئەوەی بابەتەکان  خۆشەویست بکرێت لە ناو دل و دەروونی قوتابیان . مامۆستای شارەزاو پڕ زانیاری وبە توانا داکۆکی لە سەر ئامانجە تایبەتەکانی بابەتەکان بکات قۆناغ لە دوای قۆناغ بە پێی ئاست و تێگەیشتنی قوتابیان ، سەرەدەری لە گەل پرۆگرام و ڕادەی تێگەیشتنی قوتابیانی بکات .

زانستی  دروست فێری قوتابیانی بکات تەنها بۆ سەرکەوتن نەبێت یان دەرچوونی لە ئەزموونەکانی مانگانە و وەرزی دەبێ قوتابیانی فێری زانست  بکات بۆ گەشە سەندنی هزرو بیری قوتابیان .

زانستەکە کارپێکراوە بێت لە ژیانی ڕۆژانەیان بۆیە دەبێ مامۆستای شارەزامان هەبێت دروستکردنی کادیری پسپۆر لە گەیاندنی ئامانجە تایبەتمەندیەکانی بابەت و پەرە پێدان و گەشەکردنی بیرۆکە و کارامەییەکان بێت . بۆیە دەبێ مامۆستا ڕێگای وانە ووتنەوەی گونجاو بە کار بهێنێت  بەرهەمی خۆی هەلبسەنگێنێ تاکو دلْنیا بیت بزانیت تا چ ڕادەیەك فێری بابەتەکان  بووە .

یاسین حەسەن حوسێن گۆران
سەرپەرشتیاری پەروەردەیی/ خانەنیش
لەپەروەردەی قەزای بەردەرەش / پسپۆری بیرکاری
پارێزگای دهۆك ـ مانگی ئەیلول /٢٠٢٤

# تەوەری یەکەم/ میتۆدەکانی فێرکردن

## ستراجیەتی ماموستای ڕاهێنەر

### دەسپێك

ئێمەی میللەتی کورد پێویستیمان بە شورشێکی فیکری و پەروەردەیی هەیە هەر کۆمەلگایەك بیەوێت گۆرانکاری بنچینەیی بکات دەبێ گۆرانکاری لە ناو سیستەمی پەروەردەو فێرکردن و کەرستەکانی پەروەردەیی بکات ، پەروەردەی ناتەندروست کاریگەری گەورەی هەیە لە سەر پشێوی کۆمەلایەتی و سەرجەم کایەکانی مرۆڤــ .

باشترکردنی میتۆدی شێوەی وانە گوتنەوە و بەرزکردنی ئاستی کارامەیی زانستی ماموەستا دەبێتە چارەسەر بۆ باشترکردن و درۆستبوونی تێروانینی گەشی پۆزەتیڤانەی قوتابی ، ماموەستا پێویستی بە گەشەکردنی بەردەوام هەیە بۆ ئەوەی کاریگەری بەرزی هەبێت لە بەرجەستەکردنی کارایی و بەرزکردنەوەی ئاستی قوتابیان کاریگەریەکەی دەگاتە بالکێشترین بەشی سیستەمی پەروەردەو فێرکردن کە ئاراستەی گەشەسەندنی مەعریفی قوتابیان بەرەو ئاراستەیەکی بونیاتنەرانە دەگۆرێت .

وەزارەتی پەروەردە درێغی نەکردوە لە کردنەوەی خولی راهینان و پەرەپێدانی زانستی هونەری وانە گۆتنەوەو دەست نیشانکردنی ئەرکەکانی بریتیە لە ستراجیەتی ئامادەکردنی ماموەستای راهینەرو راهینانی ماموستایان و دیاری کردنی ئەرکەکانیان تا ئاستی دیداکتیکی و زانستی ماموەستایان بەرزتربێت کەرتی پەروەردە پەرەبستێنێت .

## دیداکتیك چییە؟

لەهەموو ئەو فاکتەرانە( بوار) دەکۆڵێتەوە کە پەیوەندیان بە فێربوون و وانەگۆتنەوە هەیە . لەکاتێك (دیداکتیك) بەشێکی هەرگرنگی پەروەدەیە لەسەرتاسەری جیهانی هاوچەرخدا . (میتۆدەکانی وانە گۆتنەوە) بەشی هەر گرنگی دیداکتیکە.

## گرنگی پرۆژەکە :

یەکەم : تواناداركردنی ماموٚستایان و کەمکردنەوەی ئەرکیان لەکاتی .

دووەم : پێشکەشکردنی وانە و سپاردنی ئەرك بەقوتابیان.

سێیەم : بەسەنتەرکردنی قوتابی لە پرۆسەی فێربوون.

چارەم : ئاشناکردنی ماموٚستایان بە مودێل و میتۆدە نوێیەکانی وانە گۆتنەوە.

پێنجەم : دروستکردنی کەشێکی پەروەردەی لەناوەندەکانی خوێندن ،

شەشەم : وابکرێت قوتابی قوتابخانەی خۆشبوێت.

هەفتەم : گرنگی دانە بە کاراماییەکانی قوتابیان و بەدەرخستنی بەهرەیان.

## ئەرکی ماموٚستای ڕاهێنەر :

ماموٚستای ڕاهێنەر(٩)قوتابخانەی پێدراوە بۆماوەی(٧)ساڵان ، دەبێ لە هەفتەیێك سەردانی هەموویان بکات. ئەگەر قوتابخانەیێك (٢)دوو دەوامی تێدابوو بەیانیان و ئێواران ، ئەوە بە دوو قوتابخانە حسێب کراوە بۆی.

سەردانکردنی ماموٚستایان هەفتەی جارێك(٤٠)خولەك میتۆدێك دەلێتەوە.

سەردانی کردنی ماموٚستایان لەناو پۆل بە ئاگاداری ماموٚستای بابەت.

## ئامانجی ئەو پرۆژەیە چیە ؟

ـ تواناداركردنی ماموستایان و كەمكردنەوەی ئەركیان لە كاتی پێشكێشكردنی وانە .

ـ بە سەنتەركردنی قوتابی لە پرۆسەی فێركردن .

ـ بەرهەم هێنانی تاكێك بتوانی ڕووبەرووی گرفتەكان ببێتەوە

ـ ئاشناكردنی ماموستایان بە مودێل و میتۆدە نوێیەكانی وانە گۆتنەوە

ـ دروستكردنی گەشێكی پەروەردەیی لە ناوەندەكانی خوێندن .

ـ گرنگیدان بە كارامەییەكان قوتابی بە دەرخستنی بەهرەكانیان .

ـ گرنگیدان بە پەروەردەی مندالان بۆ ئەوەی هەلسوكەوتی شایستە لە گەل مندالان بكرێت .

## ئامانجی ماموٚستای ڕاهێنەر :

ئامانجی سەرەكی ماموٚستای ڕاهێنەر بریتییە لە گۆڕینی سیستەمی وانە گوتنەوە لەناوەندەكانی خوێندن لە سیستەمی كلاسیكییەوە بۆ سیستەمێكی هاوچەرخ .دیاركردنی چەندین مۆدێل و میتۆدی وانەگوتنەوەی هاوچەرخ.

ئاشناكردن و تواناداركردنی ماموٚستایان بە تەوەرەكانی دیكەی ستراتیژی ڕاهێنان.

# ستراجیەتی ڕاهینانی ماموستا

١ـ ئاشنای ڕێگاکانی وانە گۆتنەوە دەبێت هاوچەرخ دەبێت .

٢ـ چۆنیەتی بەڕێوەبردنی پۆل و کۆنترۆلکردنی

٣ـ دروستکردنی ماموەستای سەرکەوتوو و بەڕێوەبەری سەرکردە .

٤ـ چۆنیەتی بەکارهێنانی هۆیەکانی فێرکردن و .ئامێرەکانی فێرکردنی سەردەمیانەو ٥ـ چۆنیەتی هەلسەنگاندی قوتابیانی و دیاری کردنی ئاستی زانستیان .

٦ـ چۆنیەتی دانانی پرسیارەکانی ئەزموونی ڕۆژانە و مانگانەو وەرزی .

٧ـ چۆنیەتی مامەلە کردن لە گەل قوتابیانی زیرەك و لاواز .

٨ـ تێگەیشتنی ماموەستا بۆ پرۆگرام .

٩ـ بەرزکردنەوەی ئاستی قوتابیان لە ناو پۆل .

١٠ـ بەکارهێنانی ئامێرەکانی تەکنەلۆژیا لە ناو پۆل .

١١ـ چۆنیەتی بتەوکردنی پەیوەندیەکانی نێوان قوتابی لەگەل ماموەستا ، ماموستا لە گەل سەمیانی قوتابیان .

## ئەرکی مامۆستایانی قوتابخانە:

ـ هەر میتۆدیك باسکرا پێویستە مامۆستایان بەپێی توانایان بەکار بهێنن لە وانەکانیان.

ـ قوتابی ناوی هەموو میتۆدەکان فێربکرێ .

ـ مامۆستا پێویستە قوتابی بکاتە ئامانج و سەنتەر .

ـ پێگیری بە کاتی سمیناری میتۆدەکان بکرێ لەهەفتەی جارێك .

## هەڵسەنگاندن :

سەردانی مامۆستا لە پۆڵ یەك جارە لەسەر (٦٠) نمرەیە.

فیدباك بەڤوتابی دەدرێت ، مامۆستای هەڵدەسەنگێنیت (٤٠) نمرەی لەسەرە.

ئەنجامی هەڵسەنگاندنەکە بۆ سێ بەش دادەنرێت:

( ئی پەروەردە ، بەڕێوبەری قوتابخانە بە هێما ، بەڕێوبەری مەشق وڕاهێنان )

### نمرەی هەڵسەنگاندنی مامۆستایانی ئەزیز

| | | | |
|---|---|---|---|
| 1 - | (100 - 95) | A+ | نايابی باڵا |
| 2 - | (94 - 90) | A | ناياب |
| 3 - | (89 - 80) | B | زۆر باشە |
| 4 - | (79 - 70) | C | باشە |
| 5 - | (69 - 60) | D | مامناوەند |
| 6 - | (59 - 50) | E | پەسەند |

7 - ئەگەر هیچ یەکێک لەو پێوەرانەی بۆ ئاستی E دیاریکراون جێبەجێی نەکرا ئەوا هێمای F ی بۆ دادەندرێت.

ڕێز و سوپاسی وەزیری پەروەردە :

هەر مامۆستایێك ئاستی ( + A ) وەرگرت کە دەکاتە ( ٩٥ - ١٠٠ )

دەبێتە مامۆستای نمونەی ساڵا .

سوپاسی وەزیر وەردەگرێت .

قلغانی وەزیر وەردەگرێت .

هەر مامۆستایێك ئاستی ( A) وەرگرت کە دەکاتە ( ٩٠ - ٩٤ )

سوپاسی وەزیر وەردەگرێت.

## بەشداربوون لە وانەی ماموستای ڕاهینەر

ـ ماموستای ڕاهینەر تۆماری ئامادەبوون و ئامادەنەبوونی دەبێت .

ـ ئامادەنەبوونی ماموستا دوای (٣) جار هێمای (X) وەردەگرێت

ـ دووجار ئەوحالەتە ڕوودات ناونیشانی ماموستایەتی لەو ماموستایە وەردەگرێتەوە و دەبێتە فەرمانبەر .

ـ وەرگرتنی هێمای (f) سێ ساڵ بەدوای یەك ماموستا داخلی خۆل دەكرێت و تاقیكردنەوە دەكات ، ئەگەر دەرچوو دەگەرێتەوە سەر پیشەكەی

# میتۆدەکانی فێرکردن

## میتۆدی یەکەم

## میتۆدی سوکراتی

میتۆدی سۆکرات لەلایەن فەیلەسوفی یۆنانی، سۆکراتەوە پەرەی پێدراوە، گفتوگۆیەکە لە نێوان مامۆستا و قوتابیانە،

شێوازی سوکراتی بریتییە: لە گفتوگۆیەکی هاوبەش لە نێوان مامۆستا و قوتابیان ، مامۆستا بە پرسیاری بیرکردنەوە ورووژێنەر سەرکردایەتی دەکات.

دەمانەوێت لە پرۆسەی فێرکردن دا پەرە بدەین بە کارامەیی قوتابیان، بەتایبەتی لەلایەنی گوێگرتن و بیروڕادەربرین و هەڵسوکەوتی ئەکادیمی لەکاتی گفتوگۆی بابەتیانە لە ناو پۆلی خوێندن یان لەناو گروپەکاندا.

سەرچاوەی ئەم میتۆدە بۆ سوکراتی فەیلەسووف دەگەڕێتەوە ، کاتێك لە یۆنانی کۆندا خەڵکی کۆدەکردەوە و سمینار و دیالۆگی فەلسەفیی بۆ ساز دەکردن. سوکرات خۆی ناوی ئەم میتۆدی نابوو: ( میتۆدی منداڵبوون )

### وتەی بیرمەندان دەربارەی میتۆدی سوکراتی

میتۆدی سوکراتی ، هونەری گۆتنەوەی فەلسەفە نییە ، بەڵکو کردنی خوێندکارانە بە فەیلەسوف. گەورەترین زۆنی گەشەکردنە مندال بەهۆی تەقەللاکانی خۆی و دەوروبەرەوە کۆمەڵێك زانیاری کۆ دەکاتەوە، توشی گرفت بی هەولددات گرفتەکان چارەسەربکات. هیچ شتێ بەئەندازەی گفتوگۆکانی ناو پۆڵ بۆ گەشەکردنی مەعریفی منداڵان گرنگتر نییە.

مندال دوای ئەوەی لەگەل خەلکی تێکەڵ دەبێ و زانیاری دیکە لەوانەوە وەردەگریت ، دەست بە دووبارە ڕێکخستنەوەی زانیاریەکانی ددات.

## گرنگی میتۆدی سوکراتی لە بواری پەروەردەدا :

ـ گەشەی مەعریفی خوێندکاران بەرز دەکاتەوە .

ـ گەشەکردنی کارەکتەرو زیادبوونی باوربەخۆبوونی قوتابیان .

ـ قوتابی فێردەبێت رێز لە بیربۆچوونی بەرامبەری بگرێت .

ـ قوتابی پشت بە تواناکانی خۆی دەبەسنیچت .

ـ ئەرکی سەرشانی ماموستا کەمتر دەبیچت لە ڕوونکردنەوەی بابەتەکە . شیکردنەوەی رەخنەگرانە

## کارامەییەکانی قوتابیان :

١ـ خوێندنەوە

٢ـ زمانەوانی

٣ـ گەشەکردنی

٤ـ کۆمەلایەتی

٥ـ گەشەسەندنی کارەکتەر

## ئەرکی مامۆستا لە ناو پۆڵ :

- ڕێکخستنی پۆل به شێوەی بازنەیی یان شێوەی پیتی.
- ئەرك بدات بە قوتابیانبۆ خۆئامادەکردن بۆ گفتوگوی ناو پۆل.
- مامۆستا چاودیردەبێت لەبەرێوەبردنی دیالۆگ .
- پێویستەمامۆستا نەهێلێت گفتوگویەکە لە بابەتی دیاریکراو دەربچێت .
- بەشداری پێکردنی هەموو قوتابیان بە بێ جیاوازی .

- پرسیاری جوان و ڕێك و پێك ئامادەبكات و ئاراستەی قوتابیان بكادەبێت.

## سمینار

ـ حەز دەكەن یاسای سمینارمان چۆن بێ

ـ پێگیری بە كات

ـ ڕێزگرتن لە بیروبۆچوونی یەكتر

ـ بەكارهێنانی موبایل

ئامانجی ئەم پرۆژەیە:

چۆن قوتابیان وا لێ بكەین خۆیان بیر بكەنەوە و كارەكانی خۆیان بكەن بەبێ ئەوەی لەلایەن ماموستاوە وەلامی حازر بەدەستیان بدرێت.




## گرنگی پرۆژەکە :

ـ تواناداركردنی ماموستایان و کەمکردنەوەی ئەرکیان لەکاتی پێشکەشکردنی وانە و سپاردنی ئەرك بەقوتابیان.

ـ بەسەنتەرکردنی قوتابی لە پرۆسەی فێربوون.

ـ ئاشناکردنی ماموستایان بە میتۆدە نوێیەکانی وانە گۆتنەوە.

ـ دروستکردنی کەشێکی پەروەردەی لەناوەندەکانی خوێندن ، کە قوتابی قوتابخانەی خۆشبوێت.

ـ گرنگی دانە بە کاراماییەکانی قوتابیان و بەدەرخستنی بەهرەیان.

## قۆناغەکانی سمینار:

قۆناغی ئامادەکاری .

قۆناغی پێش سمینار .

قۆناغی سمینار .

قۆناغی دوای سمینار .

## قۆناغی ئامادەکاری :

ـ ئەرك دداتە قوتابیان تا لەمالەوە بخوێنەوە گرنگەكان نیشان بکەن.

ـ داوایان لێدەکات بابەتەکە بە کورتی و پۆختی بخوێنین و خاڵە گرنگەکان دەست نیشان بکەن

ـ چەند پرسیارێك لەبابەتەکە ئامادەدەکات ئاراستەی گرووپەکان بکات .

ـ کاتی سمینارەکە دیاری دەکات٢٠-٦٠ خولەك قوتابیان دیاری دەکات .

## قۆناغی پێش سمینار

١ـ یاساو رینماییەکان دەنوسنەوە لەبەر چاویان دەبن وەك، گوێدەگرین، بە سرە بەژداردەبین،

رێز لەبوچونەجیاوازەکان دەگرین

٢ـ پابەندی ڕینماییەکانی گفتوگۆیەکەدەبین

٣ـ دەبێت هەموو قوتابیان ئامانجی کەسی بۆ خۆی دیار بکاتن

٤ـ کەس بەبێ دەست بەرزکردنەوە قسە نەکات

گفتوگۆی گەرم وگۆر ٢٥ خولەکە: ئەم گفتوگۆیە بە شێوەی گرۆپ دروست کراوە ، بەلام بۆ تاکەکەسیش دەبیت.

ماموستا دەست بەپرسیار وگفتوگۆیەکەدەکاتن و ناهێلێت گفتوگۆیەکە بەلاریدا بروات، زاڵ دەبێ بەسەرپۆل.

## قۆناغی سمینار :

سەرەتای سمینارەکە(٥)خۆلەك دەبێ

- ماموّستا پرسیاری یەکەم ئاراستەدەکات یان دەنووسیت یان بە کاغەز دەی داتە دەستی قوتابیان.
- هەروەها ماموّستا دلنیابیت لە ئامادەبونی گشت قوتابیان و شێوازی دانیشتنیان.
- وا باشە  دەرفەت بدرێتە قوتابیان یان گروپەکان بیربکەنەوە لەبارەی وەلامی پرسیارەکە.

نمونەی کرداری (١)

وانە: کارامەی

بابەت: پاك وخاوینی ،پەرتووکی یەکەمی بنەرەتی ، لا٥ - ١١

قۆناغ: پۆلی یەکەمی بنەڕەت

میتۆد :  سوکراتی

پاك و خاوێنی  چییە ؟

کامە شوێن پێویستە

پاك و خاوێن ڕابگرین؟

ق.گ. □ : لەشەی خۆمان .

ق.گ. ☽  : مالەوە .

ق.گ. ☀: قوتابخانە و پۆلی .

ق.گ. ✌ : شار و گوند .

ق.گ. □ : دەست شووشتن .

ق.گ. ☽ : پەرتووك وژینگە .

ق.گ. ☀: گۆڕەپان  .

ق.گ. □ : نەخۆشخانە.

ق.گ. ✿ : ژووری نوستن .

ق.گ. ☾ : ددان خاوێنکردن .

ق.گ. ☼: سەر شووشتن .

ق.گ. ✿ : نینۆك كردن.

ق.گ. ☾ : پرچ چاکردن .

ق.گ. ☼: لابردنی بۆنی نەخۆش .

ق.گ. □ : لوت دفن خاوین كردن .

ق.گ. ✿ : جلّ وبەرگ خاوین ڕاگرتن.

سوودی پاك و خاوینی چییە ؟

## میتۆدی دووەم

## میتۆدی پرسیاری کراوە و ئارگیومێنت

له ساڵانی ڕابردوو دا بابەتێکی ناوازە و لەسەر ئاستی پەروەردەی وڵاتە ڕۆژئاوایەکاندا هاتووتە ئاراوە بەناوی (فێربوونی بەرجەستە). پرۆسەی پەروەردە نابێت باس لەفێرکردن بکات، بوڵکو دەبێ باسی فێربوون بکات و ئەم فێربوونەش دەبێ بەرجەستەکراو بێت. بۆ ئەوەی قوتابی فێری فێربوون ببێت ، دەبێ فێری ئەوە بێت چۆن مەعریفە بەرهەم بهێنێت. بۆ ئەو مەبەستەش ماموستاکان ئەو فێربوونە بەرجەستە بکەن. مەبەستمانیش لە بەرجەستە ئەوەیە کە قوتابیان هەستی پێ بکەن ، واتە : چۆن کاتێك مرۆڤ پێ لەسەر بەردێك دادەنێت یان دەست لە گلازێك یان کوپێك یا پێنووسێك ددا هەستی پێ دەکات ، ئەوهاش دەبێ قوتابیان هەست بەزانست و مەعریفە بکات کە فێریان دەبێت و ئەمەش بابتێکی مەیدانی و گرنگە.

## سوودی پرسیارکردن چیه

- هونەرێکە بۆ گەیشتن بە ڕاستیەکان.
- شێوازێکە بۆ بە دەستهێنان و کۆکردنەوەی زانیاری.
- جۆری پرسیار ڕادەی بیرکردنەوەی کەسەکە بەدەردەخا.
- هانی ئەو کەسانە دەدرێت کە دوو دڵن و ڕاڕان لەدەبڕینی بۆچوونەکان.
- گفتوگۆ و مناقشەی کاریگەر دروست دەبێ.
- وەڵامی جیاواز و هزر و فکری ناوەزە دروست دەبێ.

## هونەری پرسیارکردن

پرسیارکردن :- بریتیە لە رستەیەك کە بە ( چی ، کێ ، چۆن ، بۆچی ) دەست پێ دەکات وپێویستی بە وەلامدانەوەیەکی دیاریکراو هەیە.

چی فێردەبێت ؟  چۆن فێردەبێت ؟

کێ فێردەبێت ؟  بۆچی فێردەبێت ؟

## وتەی بیرمەندان دەربارەی پرسیارکردن

بە وەڵامەکان دەتوانی بزانی مرۆڤی زیرەکە یان نە،بەڵام بە پرسیارکردن دەزانی ژیرە یان نە. ( نجیب محفوظ ) .

کێ زیاتر پرسیار بکات زیاتر فێردەبێت و سوودمەند دەبێت.سیرفرانسیس باکوئەوە وەڵامەکان نین کە رێگا رووناك دەکەن بەلکو پرسیارەکانن. (یوجین یونیسکو)

دەتوانین حوکم لەسەر لێهاتوویی مرۆڤەکان بکەین بە پرسیارەکانیان. (فولتێر)

## جۆرەکانی پرسیار

ا ـ پرسیاری کراوە

ب ـ پرسیاری داخراو

قوتابییەکمان هەیە توانیویەتی لە پۆلی ١٢ یەکەمی سەر هەرێمبێت ، با بزانین چۆن بووە بەیەکەم ؟

ڕۆژانە چەند کاتژمێر دەتخوێند ؟  داخراوە

کێ هاوکارتبوو بۆ بەدەست هێنانی ئەم نمرەیە ؟  داخراوە

لە کوێ وانەکانت دەخوێند ؟  داخراوە

کەی دەستت بەخوێندن دەکرد ؟      داخراوە

باسی شێوازی خوێندنی خۆت بکە بۆمان کراوە ؟

بۆچی زۆربەی قوتابییان ناتوانن نمرەی بەرز بەدەست بهێنن؟

کراوە

چ ڕێنمایێکت هەیە بۆ قوتابیانی پۆلی ١٢ دەم ، ؟      کراوە

## پرسیاری داخراو:

ڕێگا لە بیرکردنەوە دەگرێت .

وەڵامەکەی یەك دوو وشەیە یان زیاترە.

خێرا لەبیریان دەچێتەوە.

زانیاریەکان سنوردارن.  ١ + ١

## هندێك نمونە لە پرسیاری داخراوەکان :

ڕۆژ لە کوێ هەلدێ ؟

کوردستان چەند پارێزگایە؟

کێ مدیری قوتابخانەتانە ؟

قازی محمد کەی شەهید کرا؟

پرسیارە داخراوەکان بەمانە دەست  پێ دەکەن :

لە کوێ ، چەند  ، کەی ، کێ

## جۆرەکانی پرسیاری داخراو

پرسیاری ڕاست و هەڵە .  □  □

پرسیاری هەڵبژاردن .  □

پرسیاری پڕکردنەوەی بۆشای .      ............

بەیەك گەیاندنی ستونەکان      ________

## پرسیارە کراوەکان

ئەم جۆرە پرسیارە پێچەوانەی پرسیاری داخراوە ، پرسیارێکی زۆر گرنگە و وەلامەکەی بەبەستراوەنەوە بە یەك یان دوو وشە ، پرسیارە کراوەکان دەستپێدەکات بە ( بۆچی ، چۆن ، لەبەرچی )

پرسیاری کراوە :

- بەرهەم هێنەری مەعریفەیە .
- ناروونەکان روون دەکاتەوە .
- وەڵام جۆراو جۆردەبێ .
- هزر وبیری قوتابی بەهێز دەکات.

## سوود و گرنگی پرسیاری کراوە:

١- بیری خوێندکار دەجووڵێنێت و بە دوای وەلامەکاندا بگەرێت .

٢- قوتابی وا دەکات لە بابەتەکە بکۆڵێتەوە .

٣- خوێندکار بەرەو ئەو لایەنە دەبات وەلامێکی دروستی دەست بکەوێت

٤- خوێندکار وا لێ دەکات بێ دوو دڵی ئەنجامی خۆی لە بەردەم پۆلەکانیدا ڕابگەیە نێت .

٥- وا لەقوتابی دەکات بە دوای ئەرگیومێنتدا بگەڕێت .

ئەو دزانیت کوتر دفریت و مریشك نافریت .چۆن کۆتر دەفڕێت و بۆچی مریشك نافڕێ؟

# سێیەم

## میتۆدی هاوکاری هاوتەمەنەکان

## پێناسەی میتۆدی هاوکاری هاوتەمەنەکان

یەکێکە لە میتۆدە باشەکانی هاوچەرخ . یارمەتی قوتابیان ددات بۆتێگەیشتنی بابەتەکە ، قوتابییە ئاست بەرزەکان هاوکاری قوتابیە ئاست لاوازەکان دەکەن، وەك ماموەستا وانەیەك دەڵێنەوە بۆ قوتابییە هاوتەمەنەکانیان .

## میتۆدی هاوکاری هاوتەمەنەکان

ئەم میتۆدە دەچێتە خانەی گروپەو و لەبەر ڕۆشنایی تیۆرییەکەی (ڤیگۆتسکی) داهێنراوە. بە پێی ئەم تیۆرە خوێندکاران دەتوانن هاوکاری یەکتر بکەن بە مەرجێك جیاوازی لە نێوان ئاستیاندا هەبێت. لەسەرەتادا ماۆستا لەگەڵ یەك قوتابی یان چەند قوتابییەك کۆدەبێتەوە ئەوا ڕاستەوخۆ دەتوانرێت سوود لە توانای قوتابییەکی زیرەك لە بابەتی وانەیەکدا وەربگیرێت. ئەم میتۆدە بە ناوەکانی میتۆدی: (هاوپۆلەکان – هاوتەمەنەکان – هاوڕێکان) ناودەبرێت.

## ئامانجی ئەو میتۆدە

- دروستکردن و بەهێزکردنی کەسایەتی قوتابی .
- زیادکردنی گیانی هاوکاری و خۆشەویستی لەنێوان قوتابیان .
- گەشە پێدانی لایەتی مەعریفی قوتابی .

## خاڵی ئەرێنی ئەم میتۆدە

- کارامەیی قوتابی بەرز دەکاتەوە .
- بە رێژەیەکی باش قوتابی بەو میتۆدە فێردەبێت .
- قوتابی پشت بە تواناکانی خۆی دەبەستێت .
- ئەرکی سەرشانی ماموەستا کەمتر دەبێت .

## سودی ئەو میتۆدە

ـ هەندێك جار خوێندكاران لە جیاتی مامۆستاكان دەتوانن بابەتێك بۆ هاوڕێكانی خۆیان روون بكەنەوە.

ـ بەهۆی سازكردنی وورك شۆپ ، پەیوەندی نێوان مامۆستاو خوێندكار بەهێز دەكات.

ـ گیانی هاوكاری لە نێوان خوێندكاران زۆر دەبێ .

ـ بەسوودە بۆ پۆلی گەورە مانەوەی زانیاری

## سودەکانی تر

١ـ هاندانێکە بۆ بەشداری کردنی زۆرترین قوتابی .

٢ـ قوتابخانەی لای قوتابی خۆشەویست دەبێ .

٣ـ گۆڕینی قوتابی بە مامۆستا، بەمەش قوتابی هەست بەگەورەبوون وخۆشی دەکات .

٤ـ تا ڕادەیەکی باش متمانە وباوڕ بەخۆبوون لای قوتابی دروست دەکات

٥ـ قوتابیان زووتر و زۆرتر لە قوتابی هاوتەمەنەکەی تێ دەگات .

## قۆناغەکانی وانەکە

خاڵی یەکەم : دەستپێکردنی وانەکە (٣٠) خولەك دەبێ.

خاڵی دووەم : ناساندنی قوتابیانی ڕۆڵپێدراو لەلایان مامۆستاوە

خاڵی سێیەم : دەست پێکردنی قوتابیان بە مامۆستایەتی و پابەندبوون بەو کاتەی بۆی دیاریکراوە.

خاڵی چارەم : دانیشتنی مامۆستا لەشوێنکی ناو پۆڵ بۆچاودێری برۆسەکە. خاڵی پێنجەم : تۆمارکردنی هەر سەرنج وتێبینی لەلایان ماماۆستاوە لەسەربابەتەکە

## قۆناغی دوای وانەکە

- ڕاستکردنەوەی زانیاریە هەڵەکانی بابەتەکە.
- ڕاستکردنەوەی هەڵەی قسەکردن وزاراوەی، زمانی جەستەی.
- پاداشت کردنی قوتابیانی بەشداربوو .
- دیارکردنی هندێك قوتابی تر بۆ وانەی داهاتوو.

## دیارکردنی ئەنجامی پرۆسەکە

١ـ ئاشکرابوونی توانا ولێهاتووی قوتابیان.

٢ـ دروستبوونی کەشێکی گیانی هاوکاری لەناوپۆڵ.

٣ـ هاندانی قوتابیان بۆ وەرگرتنی ئەم ڕۆلە لەداهاتوو.

٤ـ گواستنەوەی ئاستی نزمی قوتابیان بۆ ئاستی بەرز .

## قۆناغەکانی شێوازی کارکردن :

قۆناغی خستنەڕوو ، قۆناغی دوای وانە ، قۆناغی کارکردن ، قۆناغی کۆتای

## قۆناغی خستنەڕوو :

ماموستا لەسەرەتای وانەکەدا بۆ ماوەی ( ١٥ )خولەك، باسی بابەتەکە دەکات، دواتر ماموستا هەلسەنگاندنی قوتابیان دەکات بەشێوازی پرسیار

.بۆ ئەوەی دڵنیا بێتەوە کە بەشێکیان تێگەیشتوون ، بەشێکیان تێ نەگەیشتوون.

### قۆناغی دوای وانە :

بۆ ئەم مەبەستە مامۆستا هەڵدەستێت ورك شۆپێك بۆ قوتابیان سازدەکات و ڕێنوینیان دەکات و ئەو قوتابیانە دەستنیشان دەکات کە بەتەواوی لە بابەتەکە تێگەشتوون و ئاستی زانستیان لە ئەوانی تر بەرزترە، پێیان دەڵێت ئێوە هاوکاری ئەوانی تربکەن کە لەبابەتەکە کەموکوڕیان هەیە یا تێنەگەیشتوون.

## قۆناغی هەلسنگاندن

مامۆستا پرسیار دەکات لەگشت قوتابیەکانی ئاست نزم بۆ تێگەیشتن لەبابەتەکە لەڵایان قوتابییە هاوتەمەنەکانیانەوە.

دوای دڵنیابوون لە فێربوونی گشت قوتابیان لەبابەتەکە .

مامۆستا سوپاسی ودەست خۆشی لەقوتابییە ئاست بەرزەکان دەکات و ڕۆلیان دەنرخێنێت ، پاداشتیان دەکات .

**قۆناغەکانی میتۆدەکە:** قۆناغی ئامادەکاری ، قۆناغی پێش وانەکە : قۆناغی وانەکە : قۆناغی دوای وانەکە

**یەکەم :** ماموستا جێبەجێدەکات

١ـ دیاریکردنی قوتابی ئاست بەرز وبوێر وئەوەی حەزوو ئارەزووی لە بابەتی وانە هەبوو ..

٢ـ نووسینی ناوی قوتابیانی بەشداربوو بەریزبەندی.

٣ـ چاودێریکردنی پرۆسەکە لەلایان مامۆستاوە.

٤ـ یارمەتی دان و ئاراستە کردنی ئەو قوتابییە کە وانەکی پێ سپێردراوە ئەگەر پێویست بوو.

٥ـ دیار کردنی کاتی ڕۆلگێرانی قوتابیانی بەشداربوو .

**دووەم** : قۆناغی پێش وانەکە .

کۆبوونەوەی مامۆستا وقوتابیانی ڕۆڵپێدراو پێش وانەکە .

دیارکردنی بابەت بەقوتابی بەشداربوو.

هەلبژاردنی بابەت بەحەزی قوتابی.

خۆ ئامادەکردنی قوتابی بۆ گۆتنەوەی بابەتەکە.

**سێیەم**. قۆناغی وانەکە.

خالی یەکەم : دەستپێکردنی وانەکە (٣٠) خولەکدا بێ.

خالی دووەم : ناساندنی قوتابیانی ڕۆڵپێدراو لەلایان مامۆستاوە

خالی سێیەم : دەست پێکردنی قوتابیان بۆ رۆلی مامۆستایەتی و پابەندبوون بەو کاتەی بۆی دیاریکراوە.

خالی چارەم : دانیشتنی مامۆستا لەشوێنکی ناو پۆلٓ بۆچاودێری برۆسەکە.

خالی پێنجەم : تۆمارکردنی هەر سەرنج وتێبینێك لەلایان مامۆستا لەسەربابەتەکە.

**چارەم**: قۆناغی دوای وانەکە و ڕاستکردنەوەی زانیاریە هەڵەکانی بابەتەکە.

ڕاستکردنەوەی هەڵەی قسەکردن ، زمانی جەستەی.

دیارکردنی هندێك قوتابی تر بۆ وانەی داهاتوو

پاداشت کردنی قوتابیانی بەشداربوو.

## چالاکی

ـ مادده) چی یە ؟

ـ کێ لە ئێوەی بەڕێز دەتوانی چەند خولەکێك بۆمان باسی مادده بکات

ـ لەسەر وایت بۆرد بۆمان بنوسێ بەشێوازی نەخشەی بیرکردنەوە یان چەمکەکان دەست نیشان بکات.

ـ کێ لە ئێوەی بەڕێز دەتوانی بە ئارەزووی خۆی باسی بابەتێکمان بۆ بکات بە کورتی چەند خولەکێك ؟

ـ فیدباکی ماموٚستای ڕاهێنەر لەسەر ماموٚستایان بەمانەبێ:

( زانیاری بابەت ، زمانی جەستەی ، شێوازی قسەکردنی )

مادە : شلی ، ڕەقی ، گازی .

## چارەم

## میتۆدی ئەسکەلە

### پێناسەی میتۆدی ئەسکەلە

ـ یەکێکە لە میتۆدە باشەکانی پرۆسەی فێربوونە و یارمەتی قوتابیان ددات بۆ (تێگەیشتن لەبابەتەکە) بەیارمەتی ماموٚستا

ـ لەدوای ئەوەی ماموٚستا بابەتەکەی خستووە روو بۆگشت قوتابیان ، بەڵام قوتابی تێ نەگەیشتووەکان بەتەنها لەلایان ماموٚستاوە فێردەکرێت.

## هۆکاری ناونانی ئەو میتۆدە بە ئەسکەلە

ئەسکەلە وەکو ئامرازێکی دەست بار و هاوکار لە پرۆسەی بیناسازی وەستاکان بەکاریدێنن و شوێنی دوور و سەخت بۆیان ئاسان دەکات، وەکو لەبغ کردن و بۆیاغکردن...هتد

بۆیە لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا دەکرێ بکرێتە پردێکی کاتیّ قوتابیان لەزۆنی گەشەکردنی خۆیاندەبرێنە ئاستێکی پێشکەوتووتر ، بەیارمەتی فێرکردنی مامۆستا.

# بیرۆکەی میتۆدەکە

جیرۆم برۆنەر: یەکێکە لە زانا بەناوبانگەکانی ئەمریکا لە سالی (١٩١٥) لەدایك بووە، تەواو کەری بیردۆزی (ڤیگۆتسکی) کەزانای رووسی بوو. ((گرنگترین ناوچەی زۆنی گەشکردنە)) داهێناوە .

نزیکترین زۆرنی گەشەکردن تیۆریەکی دەروونناسی ڕووسی ڤیگۆتسکی باس لەوە دەکات بۆ ئەوەی منداڵان ئاستیان بەرز بێتەوە پێویستیان بە هاوکاری کەسانی تر هەیە، مەرج نییە ئەو کەسە مامۆستا بێت بەڵام مەرجە ئاستی لەو بەرزتر بێت.

| ئەرکی جێبەجێکردنی میتۆدی ئەسکەلە | |
|---|---|
| **بابەتەکان** | **ئەرکەکان** |
| پەرتەوازەیی بیری قوتابی | چاوخستنە سەر گرنگترین خالەکان ، رێگە نەدرێت بیری قوتابی پەرتەوازە بێت . |
| هەنگاو بە هەنگاو | ماموستا دەبێت هەنگاو بە هەنگاو بابەتەکان روون بکاتەوە |

| | |
|---|---|
| بوێری | ماموستا دەبێت قوتابیانی هان بدات بۆ ئەوەی بوێر بن و نەترسن ، متمانەیان بە خۆیان هەبێت پرسیار بکات ، پرسیارکردن هەنگاوێکی گرنگە . |

## ئەرکەکانی مامۆستا لە کاتی جێبەجێکردنی میتۆدی ئەسکەلەدا

گفتوگۆکردن : مامۆستا دەبێت رێگە بۆ دیالۆگ خۆش بکات. ئەمە یەکێکە لە ئالنگارییەکانی بەردەم خوێندکار.

پێویستییەکان : مامۆستا دەبێت بە وردی ئەوە بزانێت ئەو خوێندکارە پێویستی بە فێربوونە و دەبێت باسی میکانزمی بکرێت ، بۆ ئەوەی بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێت.

فیدباك : مامۆستا لە رێگەی فیدباکەوە دەبێ هەنگاوی داهاتوو خوێندکار دیاری بکات کە چی بکات و چۆن بیکات

دەستبەردان : هەر کات مامۆستا هەستی بەوە کرد خوێندکار خۆی دەتوانێت کارەکان بکات، دەبێت وردە وردە دەست لەو خوێندکارە بەر بدات

## هەنگاوەکانی دروستکردنی میتۆدی ئەسکەلە

هەنگاوی یەکەم: مامۆستا بابەتێك دابەش دەکات و ئامانج لەو بابەتە دەخاتە ڕوو، ئەوەیش روون دەکاتەوە کە خوێندکاران پێویستە چ شتێك بزانن یان چ ئامانجێك بپێکن. مامۆستا هەموو روونکردنەوەیەکی پێویست لەسەر ئەو بابەتە بە خوێندکاران دەدات.

هەنگاوی دووەم: مامۆستا ئەرکەکانی بەسەر چەند بەشێکدا دابەش دەکات، بۆ ئەوەی خوێنکاران بە ئاسانی تێبگەن.

**هەنگاوی سێیەم:** ماموستا نموونەیەکی چارەسەرکراو یان ئامادەکراو دەخاتە بەردەست کە چۆن کاری تێدا کراوە.

**هەنگاوی چوارەم:** هەندێك لە ماموستاکان گرنگی بە زانستی پێشوەختەی خوێندکاران دەدەن، هەلسنگاندنی پێشەکی ئەنجامدەدەن ، بۆ ئەوەی بزانن لە کوێوە دەست پێبکەن، بۆ دەستخستنی زانیاریەکان . ماموستا هەیە لەجیاتی تواناوزی پەنا دەبەنە بەر دیالۆگ .

**هەنگاوی پێنجەم:** ماموستا هەموو جۆرە پێداویستی و یارمەتییەك بۆ خوێندکاران ئامادە دەکات، بۆ نموونە: ئەو یارمەتییانەی کە دەبنە هۆی بەرزکردنەوەی کارامایی خوێندکاران، ماموستا هەندێك بابەت دەخاتەوە بیری خوێندکاران، سەرەداوایان دەداتێ... تاد، هەروەها هەموو جۆرە زانست و زانیارییەکی پێویست دەداتە خوێندکاران.

**هەنگاوی شەشەم:** ماموستا دەرفەتێك بۆ دیالۆگ و گفتوگۆی لە نێوان قوتابیاندا دروست دەکات.

**هەنگاوی حەوتەم:** ماموستا لە کاتی کارکردندا دەتوانێت هاوکاری هەمەجۆری خوێندکاران بکات، بۆ نموونە: کاتێك کە دەبینێت خوێندکارێك بە شێوازێکی نا چالاك کار دەکات، ئەرکی ئەوە ئاگاداری بکاتەوە و هاوکاری بکات کە بە شێوەیەکی چالاکتر یان راستتر کار بکات، هاوکات دەبێت هەموو هاوکارییەکی تەکنیکی ئامادە بکات.

**هەنگاوی هەشتەم:** ماموستا دەتوانێت پرسیار بکات، لێکۆلینەوە لە هەندێك وەڵام بکات و لێیان وردبێتەوە، بۆ ئەوەی لە ڕێڕەوی کاری خوێندکاران دڵنیابێت.

**هەنگاوی نۆیەم:** ماموستا دەتوانێت لەبەر رۆشنایی بابەتە نوێیەکان کە خوێندکاران فێر بوون دووبارە دەست بەکارکردن بکاتەوە.

# پێنجەم

## میتۆدی نەخشەی بیرکردنەوە:

یەکێکە لە هۆیەکانی فێرکاری سەردەمی هاوچەرخ و مۆدێرن بۆ بیرکردنەوە و داهێنان و دەربڕین سەری هەڵداوە ، لەڕێگای کێشانی هێلکاری و نەخشاندن کە نووسین و هێما و وێنەکێشان و ڕەنگ تێکەڵ دەکات .

ئامانجی : ئەوەی لەناو پەرتووك و مێشکی مامۆستایە بە قوتابیان ئاشنا بکات بە ڕێگای نەخشەی بیرکردنەوە.

بەگشتی مامۆستایان وقوتابیان بەکاری دەهێنن بۆ کورت کردنەوەی بابەتەکان. تۆنی بۆزان دەڵێت : مرۆڤ لەجیاتی ئەوەی لە مێشکی خۆیداهێلکارییەك بۆ پرۆژەکەی یان وانەیەکی دابنێت و بیری لێبکاتەوە دەتوانیت لەسەر کاغەزێك بنووسێت و پێی بلێت نەخشەی بیرکردنەوە ئەنشتاین دەڵێت : خەیاڵ لە مەعریفە گرنگترە ، چونکە مەعریفە سنووردارە .

## گرنگی وسوودەکانی میتۆدی نەخشەی بیرکردنەوە:

١ـ زانیارییەکان بۆماوەیەکی زۆر لە مێشکی قوتابی دەمێنێتەوە.

٢ـ بابەتەکە لەفراوانەوە کورت و پوخت دەکاتەوە.

٣ـ لەڕێگای ئەم نەخشەوە زانیاریەکان ڕێزبەندی دەکرێن و ئاسان دەخوێنرێ.

٤ـ بابەتە ئالۆزەکان ئاسان دەکاتەوە. ٥

ـ بیرۆکە و خەیاڵی ناو مێشك دەکاتە ڕاستی و دەخرێتە سەر کاغەز

## بۆزان چەند هەنگاوێکی داناوە بۆ ئەم میتۆدە:

١ـ لەناوەڕاستی لاپەڕە یان وایتبۆرد دەست پێ بکە، چونکە ناوەند ئازادی بەمێشك دەبەخشێ.

٢ـ وێنە لەسەربابەتە سەرەکیەکەت دابنێ.

٣ـ لەهەموو شوێنێك ڕەنگ بەکاربهێنە و هێڵەکان چەماوەبن ،

٤ـ چونکە مێشك ئاسوودە دەکات. وسەرنجراکێشن

٥ـ لەهەموو ئاستێك وشێوەێك بەکاربهێنە.

٦ـ دەتوانی وێنە بەکاربهێنە ، چونکە یەك وێنە شوێنی ١٠٠٠ وشەدەگرێتەوە.

## شێوازەکانی کارکردن:

- ئامادەکاری
- بازنەی ئاستی یەکەم
- بازنەی ئاستی دووەم
- بازنەی ئاستی سێیەم

## ئامادەکاری

ماموٚستا لەبابەتی ڕابردوو بەقوتابیان دەڵێ ئەوبابەتە ئەرکی ماله بخوێنن و بابەتی داهاتوو بەڕێگای میتۆدی نەخشەی بیرکردنەوە دەخوێنین.

### کەرستەی فێرکاری

پێنوسی ڕەنگاوڕەنگ ،

وێنەی کۆپی کرا.

، تیپ ـ لسقە ، کاغەزی ئەی فۆڕ ،

## بازنەی ئاستی یەکەم

لەناوەڕاستی تەختەی سپی(وایتبۆرد) بازنەێك یان لاكێشەێك دەكێشم وناوی بابەتەكە لەناو دەنووسم بەڕەنگی ڕەش.

بۆنمونە : پەرتوكی جوگرافیا پۆلی نۆیەم ، باسی بابەتی ( دەرامەتی ئاو ) دەكەین.

**بازنەی ئاستی دووەم** بەدەوری ئەو بازنە گەورەیەدا كۆمەلێك بازنەی دیكە دەكات و بەچەند هێلێك بە بازنەگەورەكەوە دەیان بەستێتەوە ، لەناو ئەم بازنانەدا بابەتە سەرەكییەكان دەنووسێت .

## بازنەی ئاستی سێیەم

بەدەوری هەر بازنەیەكی ئاستی دووەمدا چەند بازنەیەكی دیكە دروست دەكات و بەبازنەی ئاستی دووەم دەبەستێتەوە و ناوی بابەتەسەرەكییەكان دەنوسێتەوە.

## بازنەی ئاستی چوارەم

بازنەی زیاتر دروست دەكات لەئاستی سێیەمەوە دەكێشێت بۆ ئاستی چوارەم. حەز دەكەن یاسای سمینارمان چۆن بێ ، ڕێزگرتن لە بیروبۆچوونی یەكتر ، پێگیری بە كات ،/ بەكارهێنانی موبایل .

چالاكی : قوتابخانە لە چی پێكهاتووە

بە شێوەی نەخشەی بیركردنەوە ولاّم بدەنەوە .

هەرچی لە قوتابخانە هەیە داوا بكە قوتابی لە نەخشەی بیركردنەوە تۆماربكات ، زانیاری تەواو كۆدەبێتەوە .

# شەشەم

## میتۆدی یاریکردن

ـ میتۆدی یاریکردن ڕادەربڕینە بوترێت یەکێکە لە سەردەمیانەترین ڕێگای وانە وتنەوەیە.

ـ میتۆدی یاری کردن یەکێکە لە گرنگترین وانەوتنەوەی(دیداکتیکی کرداری)یە شێوازێکی هاوچەرخی سیستەمی پەروەردەیە.

ـ قوتابی گەشەکردنێکی باش وچاك دەکات ، کرداری فێربوون و فێرکردن خێراتر و ئاسانتر و خۆشتر دەکات .

ژان پیاژێ –( Jean Piaget ) زانا و دەروونناسێکی سویسری بووە ، زۆربەی لێکۆڵینەوە وتاقیکردنەوەکانی لەسەرگەشەگردن و بیرکردنەوەی منال بووە بەمیتۆدی یاری کردن و تیۆریەکانی بایەخێکی ئێجگار زۆر هەبووە لەڕووی پەروەدەرەیەوە .

## گرنترین ئامانج لەم ڕێگایە چێژبەخشەیە

فێربوونی بابەتەکە بە کاتێکی گونجاو .

ـ دوورە لە ترس و دڵەڕاوکێ .

ـ بەشداری کردنی گشت قوتابیان .

ـ دیاری کردنی ئاستی قوتابیان .

ـ قوتابی لەو چالاکیانە کارا دەبێ

ـ زمان و لەش و هزر تێدا بەکاردێت .

## سودی میتۆدی یاریکردن

١ـ زانیاریەکان بۆ ماوەیکی زۆر لە مێشك و هزری دەمینێتەوە

٢ـ بەهۆی میتۆدی یاری کردن قوتابی فێری کاری هاوبەشی دەبێ.

٣ـ قوتابی چێژ و خۆشی دەبینێ لە وەرگرتنی زانیارییەکان .

٤ـ دوور دەبێتەوە لەدووبەرەکی و شەڕانگێزی و ئاژاوەگێری لەگەڵ یەکتر لەناو پۆڵ و خوێندنگا .

٥ـ چالاکی مێشکی و جەستەیی و ( عەقلی )ی قوتابی بەهێز دەکا

## چالاکی

ـ فێرکردنی پیتەکان

ـ دروستکردنی ژمارەی بیرکاری و پیتی ئینگلیزی و کوردی و عەرەبی به قوری دەست کرد (صناعی)

ـ پێشبرکێ کردن بۆ قوتابیانی ئاست لاواز و ئاست بەرز دروستکردنی وشە و برگە دروستکردنی وشە و برگە بە پیتی کوردی و عەرەبی و ئینگلێزی و ژمارەی دەیانی بیرکاری . لە خشتەی خوارەوە پیتی کوردی بەکار هاتووە وشە لێدروستدەکرێت

| | | | |
|---|---|---|---|
| س | ە | چ | ر |
| و | ا | د | ل |
| ھ | گ | ش | ب |
| ی | غ | ن | ز |

یاری ، سەر ، چاو ، شار ، باران ،زارە ، ناز ، هاوار ..... .....

**کۆکردنەوە و کەم کردن و لێکدەرکردنی ژمارەی بیرکاری لە سەر پولی دۆمینە**



٤ + ١ = ........



٦ + ٠ = .........



٣ + ٢ = ..........



٥ + ٣ = .........

**لەو خشتەیە وشەی لێکدراو دروست بکە:**

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| چاو | شا | هەفتە | دل | سپی | بەردە | ماڵا |
| گول | ڕەش | مار | قارەمان | ماسی | ناز | سەر |
| ئاو | ویست | خۆش | هەنگ | بەرز | دار | پێ |

**چاوڕەش ، دلدار ، نازدار ، بەردەقارەمان ، سەردار ، پێویست**

...............

# هەفتەم

## میتۆدی نەخشەی بیرکردنەوە

ـ دامەزرێنەری ئەو میتۆدە نەخشەی بیرکردنەوەی (تۆنی بۆزان) ــە لە ساڵی ١٩٤٢ـ ٢٠١٩ ژیاوە .

ـ ئەندازەی میتۆدە نەخشەی بیرکردنەوە لە سەر کارای قوتابی.٠,٦٠

ـ هەندێ کەس بەو میتۆدە دەڵێن تۆڕی تێکهەکێشراوەیی .

ـ میتۆدێکی وانە گۆتنەوەی بەسوودە ، بەتایبەت لە دەستپێکی وانەیەکی نوێ

ـ ئەو میتۆدە بۆ بوارەکانی تر باشە وەکو :نەخشەدانان ، نووسینی کتێب ، پرۆژەیەك ، توێژینەوەیەك ....... .

ـ مرۆڤــ لە جیاتی لە مێشکی خۆی بیر لە ئەنجامدانی کارێك بکاتەوە دەتوانی بە شێوەی نەخشەی بیرکردنەوە لە سەر کاغەز هێڵکارییەکە بکێشی.

ـ میتۆدێکی ئاسانەو قوتابیان حەزی لێدەکەن ، فاکتەری ورژاندنی تێدایە

## میتۆدە نەخشەی بیرکردنەوە

ـ یەکێکە لە بنەما هەرە سەرەکییەکانی پەروەردەی هاوچەرخ ،

ـ کە قوتابیان لە جیهانی پێشکەوتوو کاری پێ دەکەن.

نووسینێکی زۆریان بۆ ئەم مەسەلەیە تەرخان کردووە کە

(چۆن تێگەیشتن لە چەمك ، بەکارهێنانی چەمك ( مفهوم ) و دروستکردنی چەمك ، بیرکردنەوە بە چەمك ) . کە دەبنە هۆی گەشکردنێکی زۆر.

## هەنگاوەکانی جێبەجێکردن :

هەنگاوی یەکەم : لە ناوەراستی وایت بۆرد دەستپێبکە .

هەنگاوی دووەم : هەولبدە لە جیاتی ئایدیا سەرەکەیە وێنەیك دابنێ .

هەنگاوی سێیەم : لە هەموو شوێنێك رەنگ بەکاربهێنە .

هەنگاوی چارەم : هێلی پەیوەستکردن بەکار بهێنە .

هەنگاوی پێنجەم : باهێلی پەیوەستکردن چەماوەیی بێت .

هەنگاوی شەشەم : لە هەموو دێرێك وشە کلیلێك بەکار بهێنە

هەنگاوی هەفتەم : تادەتوانی وێنە بەکار بهێنە .

## تایبەتمەندی و خالە ئەرێنیەکان

ـ نەخشەی بیرکردنەوە لە مێشکەوە دەگوازرێتەوە سەر کاغەز .

ـ هەموو ئەو پێکهاتانەو برگانە پەیوەندیان بە وانەکەوە هەیە دەردەکەون .

ـ بەرلەوەی دەست بە وانەکەت بکەیت تۆ دەزانی چی دەکەیت و چی پێویستە ـ ئەو خشتەیە بە چەندین جۆری جیاواز دروستدەکرێت .

ـ ئەو نەخشەیە بۆ کورتکردنەوەی بابەتێك بەکار دێت .

ـ ئەو خشتەیە بۆ هەلسەنگاندنی قوتابیان بەکار دێت .

ـ بەستنەوەی کۆمەلێك وشەو زاراوەی گرنگ پێکەوە دەبەستێتەوە .

# هەشتەم

# میتۆدی نەخشەی زاراوەکان

## تایبەتمەندی نەخشەی زاراوەکان :

ـ زاراوەکان بەشێوەیکی هەرەمەی نەخشەی دەکێشرێ.

ـ پێداچوونی بابەتەکی کو قوتابیان پێشتر خوێندوویانە.

ـ بۆگفتوگۆکردن بەکاردێ.پشتی خوێندنی بابەتەکێ وەك میتۆدەك

ـ بۆ بیرهینان و کۆکردنەوەی بابەتەکان بەکار دێت

ـ کۆمەڵێك زاراوە وچەمك لەسەر بنەمایەکی، زانستی بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

ـ بۆتاقیکردنەوەی زارەکی خوێندکاران بەکاردێت .

## سود و خاڵە ئەرێنییەکانی ئەم میتۆدە

١ـ دەتوانیت سەرجەم پێکهاتنەکانی بابەتەکە یان پرۆژەکە ببینێت.

٢ـ بەزەحمەت نییە وهەمووماموستا و قوتابی دەتوانن بەکار بینن.

٣ـ بەرزکردنەوە ئاستی زانستی و مەعریفی لە لای خوێندکاران .

٤ـ بیرکردنەوەی قوتابیان چاڵاك دەبێ.

٥ـ نەخشەی زاراوەکان تا رادەیەکی باش سوود بەخشە بۆ فێرکردن .

## جیاوازی نێوان نەخشەی بیرکردنەوە و زاراوەکان

| نەخشەی بیرکردنەوە | نەخشەی زاراوەکان |
|---|---|
| بابەتی سەرکی لە ناوەراست دەنووسی | بابەتی سەرەکی لە سەری دبێتە نووسین |
| بەشێوەی جالجالۆکە دروست دەکرێت | بەشێوەی هەرەمەی دروست دەبێ |
| هێلی رأسات و خوار دصتە بەکارهێنان | دەبێ هێلی ڕاست بەکاربهێنرێ |
| هیکەلێکی تیشکدارە | دەکرێ بە شێوەی داری بێ |
| خێرایە دیدی کەسەك دەبێ | کورتکردنەوەیە هەموو بابەت سەرەکیکە دەگرێتەوە |
| لە سەروو بۆ خوارەویە | لە خوارەوە بۆ سەرووە |

### تایبەتمەندی نەخشەی زاراوەکان :

ـ زاراوەکان بەشێوەێکی هەرِەمەی نەخشەی دەکێشرێ.

ـ کۆمەڵێك زاراوە وچەمك لەسەر بنەمایەکیزانستی بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

ـ ۆ پێداچوونی بابەتەکی کو قوتابیان پێشتر خوێندوویانە.

ـ بۆگفتوگۆکردن بەکاردێ

ـ بۆتاقیکردنەوەی زارەکی خوێندکاران بەکاردێت

ـ بۆ بیرهینان و کۆکردنەوەی بابەتەکان بەکار دێت.

ـ بۆ دڵنیابوون لە ئاستی خوێنکارا بەکاردێت .

### کەرستەی فێرکاری :

پێنوسی ڕەنگاوڕەنگ

تیپ ـ لسقە

کاغەزی ئەی فۆڕ   ،   کاغەزی ڕەنگاو و ڕەنگ

**شێوازی کارکردن** ئاستی یەکەم ، ئاستی دووەم ، ئاستی سێیەم .

**ئاستی یەکەم:** ماموستا لە سەرەوەی تەختەی وایت بۆرد یان چوارگۆشەیەك دروست دەکات و ناونیشانی بابەتی دەنوسێ.

**ئاستی دووەم:**

ماموستا پاش خستنەڕووی پێشەکییەکی کورت وناساندنی ( اقسام الكلام) ، لە خوێندکاران دەپرسێت، (اقسام الكلام) بۆ چەند بەشی جیاواز پۆلێن وبەش دەکرێن ، بەشەکان و قۆناغەکان کامەییە ؟

ئازاد : (اسم) .

شیلان: (فعل).

دارڤان: (حرف) .

دواتر ماموستا وەڵامەکان وەردەگرێت و لەسەر وایبۆردەکە دەست دەکات بە دروستکردنی نەخشەی زاراوەکان و لەناو لاکێشەکە دەنوسێت ، قوتابییێك هەڵەی کرد ماموستا هاوکاریان دەکات بۆی ڕاست دەکاتەوە ،

**ئاستی سێیەم:**

پشتی ئەوەی زانیاریەکان نوسران ماموستا هەموو بەش و قۆناغە جیاوازیەکانی (اقسام الكلام) بۆ قوتابیان باس بکات و ڕوون بکاتەوە ، پاشان پرسیاریان لی دەکا ماموستا دەلێت :

( اسم و فعل و حرف ) بۆچەند بەش وقۆناغ دابەش دەبێت ؟

سیلاڤ : بەسەر سێ بەشان دابەش دەبێ .

شینوار : قۆناغێك ( فعل ماضي).

ژیر : بەشێکی تر ( فعل مضارع).

ڕۆژین : قۆناغێ سێ ( فعل أمر).

سەروەر: (اسم) دەبێتە دووبەش ( مؤنث ) و(مذكر).

ڕێژین: (حرف) بە دوو قۆناغ دروست دەبێ ( اسم) و (فعل) و.

## ئەنجامی کردەی میتۆدی نەخشەی زاراوەکان :

ـ زاراو و چەمكێن بابەتی ( اقسام الكلام ) بەتەواوی بۆ قوتابیان کورت دەکات .

ـ پشتی تەواو کاری هێلکاری مامۆستا ئەو برِگەو بازنە دیاری دەکات لە ماوەی داهاتوو دا بخوێنن و قوتابی نەخشەی لەسەر پەرتووکی خۆ چابکەن.

ـ بۆ خوێندکاران ئاشکرابوو ئەو چەمك و زاراوی زانستی لەناو وانەکەدا کامەن.

ـ لەبەر ئەو میتۆدەی قوتابی لەزیانەکانی لە بیرچوونەوە ڕزگار دەبێت ، چونکە ئەو نەخشەیە لەمێشکی دەمینێتەوە

# نۆیەم

## میتۆدی سینگاپووری و چینی

### میتۆدی سینگاپووری :

لەسالی ۱۹۹۰ لەلایان کۆمەڵێك زانایانی ولاتەکە لەسەر بابەتی ماتماتیك و دیداکتیکی ماتماتیك ، مەنهج و پەیڕەوێکیان دارشت ، پێش ئەم ریفۆرمە ٥٠٪ ی خوێندکارانی پۆلی (١تا٥) بنەڕەتی و ٢٥٪ی پۆلی شەش دەکەوتن، دوای ریفۆرمەکە رێژەی خوێندکارە زۆر زیرەکەکان گەیشتە٣٧٪

که ئاستی قوتابییەکانیان بەرێژەیێکی باش بەرزبۆیەوە ٣٧٪ ، لەکاتێکدا وڵاتە پێشکەوتووی وەك پرۆگرامی سویدی لە ١٣٪ ئاستیان بەرز نەدەبۆیەوە

### میتۆدی سینگاپووری :

میتۆدێکی هاوچەرخی وانەگۆتنەوەی سەنگاپوریە ، تایبەتە بەوانەی بیرکاری ، لەجیاتی تێکست ونووسین وژمارە ،دەکرێت بە وێنە و بەرجەستە ، هەموو پرسیار وژمارەکان بەوێنە وبەرجەستە پێشکەش دەکرێن، بۆئەوەی قوتابی خێراتر بیربکاتەوە ومێشکی بەسەردا بکرێتەوە.

### سوود و خالە ئەرێنییەکانی میتۆدی سینگاپووری

١ـ قوتابی والێدەکات بە باشە هێمنی بیربکاتەوە .

٢ـ قوتابی دەتوانی بە شێوەی لۆژیکی بیرلە گرفتەکانیان و چارەسەر بکەن

٣ـ شارەزای چارەسەرکردنی گرفتەکانیان دەبن و باوڕیان بە خۆدەبێ

٤ـ چێژو خۆشی وەردەگرن .

٥ـ بەرجەستەکردن و پاشان وێنەو  باشی هێما و سیمبۆل .

## شێوازی کارکردن

میتۆدی سینگاپووری بە ٣سێ قۆناغ کار لەسەر دەکرێت :

یەکەم ـ  پرسیاری جێگیرکردن

پۆلێ هەمووی پرسیارەکێ شیکاری دەکەن.

دووەم ـ ڕاهێنانی ئاراستەکردن

بەهاریکاری ماموستای هەرگرووپێك چەند پرسیارێك وەکو یەك شیکاردەکەن.

سێیەم ـ ڕاهێنانی سەربەخۆ

هەر قوتابییێك بەجیا شیکاری پرسیار دەکات وەڵام دداتەوە .

## نووسینەوەی پرسیار

ـ لەسەر وایت بۆرد بۆ قوتابیان دەنوسێتەوە.

ـ پرسیارەکە بۆیان ڕووندەکاتەوە .

پرسیار / لانە کۆمەڵێك کولێرە بەڕوونی دروست کرد .  ( ١/٦ ) ی کولێرەکانی دایە چنار و (٢/٥ ) ی ئەو بەشەی کە مایەوە ،دایە ساکار . ئەو خۆی ١٢ کولێرەی بۆ مایەوە ، لانە چەند کولێرە بەڕوونی دروست کردبوون؟



چنار　　ساکار　　　　　١٢ کولێرە بۆ لانە مایەوە

٣ بەش = ١٢

١ بەش = ٤ کولێرە

چنار ١ بەش = ٤ کولێرە

ساکار دوو بەش = ٨ کولێرە

هەمووی = ٦×٤ = ٢٤ کولێرەی دروستکردیە .

**بنەماکانی :** بەکارهێنانی وێنە و شێوەکان ، سوودوەرگرتن لە هێماکان ، بەکارهێنانی شێوەی ڕاستەقینە .

# دەیەم

## میتۆدی چینی

### پێشەکی

ـ بیرکاری لە هەرشوێنێکی ئەم جیهانە بێت هەر بیرکاریە ،بەڵام دیداکتیکی بیرکاری ستراتیژەکانی فێربوون لە جیهاندا جیاوازی زۆریان هەیە .

ـ مامۆستا چینیەکان و ژاپۆنیەکان لەسەر ئەوە ڕاهاتوون کە یەك دوو پرسیار بخەنە ڕوو و دەرفەت بە قوتابیان دەدەن بە چەند شێوە و شێوازێك وەڵام بدەنەوە .قوتابیانیان لەسەر ئەوە ڕاهێناوە کە بیرکردنەوەی لۆژیکی تیادا ڕۆڵێکی گەورەتر دەبینێت و فێربوون بەرجەستە دەکات .

ـ چینیەکان خاوەنی چەندین ستراتیژی نمونەیین ، کە وای کردووە خوێندکارە چینیەکان ئاسانتر و خێراتر وڵام بدەنەوە. بەشێك لەم ستراتیژیە بۆ فەرمایشتە کۆنفیۆشییەکان دەگەڕێتەوە.

### پێناسەی میتۆدی چینی

میتۆدێکی تەمەنێکی کۆنەی هەیە کە مێژووەکە دەگەڕێتەوە بۆ پاشایەتی (جۆودا) ،کە قوتابیە چینیەکان زۆر بەخێرایی و بە ئاسانی لە ڕێگەی وێنەکێشانەوە لێکدان بۆ ژمارە بچوکەکان و گەورەکان دەکرد.

### لایەنی ئەرێنی میتۆدی چینی :

ـ یەك دوو نمونەی پرسیار وەڵام بەخوێندکارانیان ددەن لەهەر وانەیەك

ـ لەم میتۆدەیە بیرکردنەوەی لۆژیکی ڕۆلێکی گەورەی هەیە و دەبینییێت.

- بۆ وڵامەکانی لێکدان پشت بەوێنە دەبەستن.
- زۆر بەخێرای و ئاسانی لەڕێگای وێنە کێشان و لێکدان وەڵام ددەنەوە.

### شێوازی کارکردن

- ژمارەکان لەڕێگەی هێڵکاریەوە دەکێشرێن.
- ژمارەی یەکەم بە هێڵی ڕەنگی سوری ڕاست نمایش کراوە
- ژمارەی دووەم بە هێڵی ڕەنگی شین نمایش کراون

دواتر ئەو هێڵانە لە چەند خاڵێکدا یەکتر دەبڕن ، دەرئەنجامی کۆتایی دەبێ ئەم خاڵانە کۆبکەینەوە.

- لەکاتی کۆکردنەوەدا ،هەموو خاڵە یەکتربڕەکان کۆ دەکەینەوە کە بەشێوەیەکی ستونی لەژێر یەکدان ،بۆ ئەم مەبەستە دەبێت هێڵی لار یان کەوانە بەکار بهێنین.

ئەگەر شیکار بۆ لێکدانی ١٢ × ٢٤ بکەین. وێنەی راستە هێل ٢٨٨

## يازدەم

## میتۆدی دەروازە K W L

یەکێکە لەبەشەمیتۆدەکانی تر پێکهاتووە، وەك نەخشەی (بیرکردنەو زاراوەکان) ، کە لەسەرەتا و دەستپێکی هەموو بابەتیك دەخوێنرێت ، زانست و زانیاری لەقوتابیان وەردەگیرێت دەربارەی بابەتەکە، پێشی خوێندنی لەلایان مامۆستایەوە.

## دروست بوونی میتۆدی دەروازە: K W L

(دۆنا ئۆگل) دامەزرێنەری ئەم میتۆدەیە، میتۆدی دەروازە: ئامرازێکی کاریگەرن بۆ بەشداریکردنی فێرخوازان له پرۆسەی فێربوون ، یارمەتیدانیان بۆ بەبیرهێنانەوەی زانیاری و بەدوا داچوون و پێشکەوتنی فێربونیان ، بە هێلکارییەکانی( K W L )

## بیرۆکەی میتۆدەکە

دۆنا له سالی ١٩٨٦ز له کولیژی نیشتیمانی فێربوون له(ئیڤانستۆن ) له ئەمریکا ئەم میتۆدەی خستە ناو سیستەمی دەرچوونی قوتابیان بۆ یارمەتی دانیان له لێکۆلینەوەی زانستی ٠ وەرگرتنی بیرۆکەی KWL لەسەر بنەمای تیوەری (سوسیوبنائی )ی ڤیگوتسکی هاتی یە وەرگرتن له لایان دۆنا وە ٠

## کورتکراوەی وشەکانی( K W L )

| | | |
|---|---|---|
| چی دەزانیت ؟ | ( K ) | ( What do you Know ) |
| چیت دەوێت؟ | ( W ) | What do you Want |
| چی فێربوویت؟ | ( L ) | (What you Learned) |

## سودەکانی میتۆدی دەروازە

( L )

ـ قوتابی هەست بەبێزار بوون ناکات لەناو پۆل

ـ شیکردنەوەی وانە بەخواستی قوتابییانە

ـ دەرکەوتنی ئاستی زانستی قوتابییان

( W )

ـ مامۆستا بەخێرایی دەگاتە ئامانجی وانەکە

ـ قوتابی وانەکانی لەبیر ناچێتەوە وزانیاری جێگیر دەبێت

ـ هاوکاری مامۆستا دەکات بۆ پلانی وردتر .

(K )

ـ لەسەرەتای وانەکەدا قوتابیان بەژداریەکی کارایان دەبێت تا کۆتایی

ـ جیاوازی تاکە کەسی ناهێلێت لە ناو قوتابیان

## کەرەستەکانی میتۆدی دەروازە

ماجیک  و کاغەزی ڕەنگا و ڕەنگ

. داتاشۆ .

وێنە و پۆستەرات .

نەخشە و هێڵکاری .

گەشتی زانستی .

تەختەی سپی ، تاقیگە .

کورتە فیلم .

فۆرم و لاپەڕەی تایبەت بە وانە .... هتد

## پرسیارەکانی میتۆدی دەروازە

چی دەزانیت ؟		چی نازانیت؟		چی فێربوویت؟

سەرەتا مامۆستا دەروازەیەك بۆ چوونە ناو بابەتەك دەكاتەوە.

دواتر ٣ پرسیار ئاراستەی قوتابیان دەکات و داوایان لێ دەکات کە وەڵامەکەی لە سەر ( خشتەی فێربوون ) بنووسن.

## شێوازی کارکردن ئەمانەن :

ئامادەکاری ، خستنەڕوو ، شیکاری ، ئەنجام

**ئامادەکاری :** مامۆستا پلانێك بۆ گوتنەوە بابەتەکە ( کە پێشتر دای ڕشتووە ) بۆ پۆل ئاشکرا دەکات .

مامۆستا باسێکی کورت دەربارەی میتۆدی کارکردن دەخاتە ڕوو، بۆ نموونە: باسکردنی ( جۆرەکانی ناو ، کرداری دابەشکردن، مبنی للمجهول، دیداکتیك،...) مامۆستا لە کاتی وانە وتنەوەدا بە ڕێگای :

( پرسیار کراوە ، وورووژاندنی مێشك ، نەخشەی بیرکردنەوە ، نەخشەی زاراوەکان ، ... ) ئاراستەی قوتابیان دەکات .

## خستنەڕوی بابەتەکە:

- بە گەورەیی لە ناو بازنەیەکدا ناوی بابەتەکە دەنووسێت
- ئەو خاڵانە دەورووژێنێت کە قوتابیەکان بیریان نییە.
- لە جیاتی وشەی ئاسایی و چەمکی زانستی بەکاردەهێنێت
- لەو پلانەی داپڕشتووە ئاماژە بەو بڕگانە دەکات کە دەیخوێنێت وماوەی چەند وانەی پێویستە.

**شیکاری:** کارکردن بە شێوەی گرووپ یان تاکە کەس دەستنیشان دەکات.

دوای چەند وانەیەك مامۆستا دەگەڕێتەوە سەر پرسیاری خوێندکارەکان وقوتابیەك کۆی پرسیارە گرنگەکان لەسەر تەختە دەنوسێتەوە مامۆستا سەرپەرشتی ڕێزمان و لایەنی زانستی دەکات.

دواتر وەڵامی پرسیارە قورسەکان بە نووسینەکی دەدرێتەوە.

## ئەنجام :

لە کۆتایی وانەکەدا مامۆستا دەگەڕێتەوە سەر پرسیاری قوتابیان، ئەوەی لە ستوونی(چی فێربوویت ؟ ) لە سەر ( وایت بۆرد ) دەنووسێتەوە.

L		W		K

(چی فێربوویت)   (چی نازانی     )		(چی دەزانی )

## چالاکی

(صلاح الدین الایوبی) کێ یە ؟

- بەشێوازی دەروازە وەڵام بدەنەوە.
- مامۆستا کاغەزی ڕەنگ بدە بەمامۆستایان ، چی دەزانی K لەسەر (صلاح الدینی الایوبی) بنووسە.
- پاشان چی نازانی لەسەر (صلاح الدین الایوبی) W
- پاشان چی فێربووی لەسەر (صلاح الدین الایوبی) L

| L | W | K |
|---|---|---|
| چی فێربووی | چی نازانی | چی دەزانی |

کەسایەتی ناوداری کورد (صەلاحە ددینی ئەیوبی )

(صلاح الدین الایوبی)

ناوی تەواوی :		شوێنی :		سالی لەدایکبوونی :

کەسایەتی :		دەولەتی :		کارەکانی :

# دووازدەهەم

## میتۆدی مۆدێلی بازنەی

یەکێکە لە میتۆدە باشەکانی هاوچەرخ و یارمەتی قوتابیان دەدات بۆ (دەقی نووسین و دارشتن و دروستکردنی راپۆرت و لێکۆلینەوەی زانستی )

ئەو مۆدێلە پێکهاتیە لە چوار قۆناغ : کۆکردنەوەی زانیاری . شیکاری کردنەوەی :دەقی هاوبەش : دەقی سەربەخۆ

**قۆناغی یەکەم** : کۆکردنەوەی زانیاری

ـ ماموّستا بابەتێك دیاری دەکات بۆ ئەوەی هەر خوێندکارێك بەتەنیا دەقێکی لەسەر بنووسێت.

ـ بۆنمونە :

ـ ماموّستا بابەتی(شاری سلێمانی) پێشنیار دەکات.

ـ ماموّستا داوا لە قوتابیان دەکات زانیاری دەربارەی (شاری سلێمانی)کۆ بکەنەوە.

ـ ماموّستا فێریان دەکات چۆن سەرچاوەکان بخوێننەوە و بەچ شێوەیەك سوودیان لێ ببینن بۆ ئەوەی زانیاری دەربارەی (شاری سلێمانی)پەیدا بکەن.

ـ ماموّستا دەتوانێ خۆی هەندێ زانیاری دەربارەی (شاری سلێمانی) بخاتە ڕوو ، لەڕێگای (کتێب و گۆڤار و فیلم ...هتد.

ـ بۆ ئەوەی قوتابیش بتوانن و فێربن زانیاری کۆبکەنەوە.

زانیاری لە سەر( شاری سلێمانی ) بە نەخشەی بیرکردنەوە شاری سلێماتی ( شوێنی ، ژمارەی دانیشتوانی ، گرنگی ، ڕۆلی، کەشوهەوای ، نازناوی )

قۆناغی دووەم : شیکاری کردنەوەی دەقی ئامادەکراو .

ـ شیکاری دەقێکی تر یان شارێکی تر ئامادەکراو نزیك لەبابەتەکە کە لەمامۆستای وەرگرن ، بە وردی سەیربکەن و بخوێنەوە بزانن چۆن هاتیە نوسین بەلام لەسەر بابەتەکەی پێشوتر نەبێ.

ـ مامۆستا بۆ قوتابیان شێوازی خوێندن روون دەکاتەوە چۆن بخوێنن و بنوسن ، چۆن زاراوەکان بەکار بهێنن ، چۆن رستەکانیان دابرێژن ، چۆن دەست بەنووسینێ بکەن و چۆن کۆتای پێ بینن.

دەقی ئەمجارە باسی (شاری هەولێر) دەخاتەروو بۆ

شاری هەولێر ( شوێنی ، ژمارەی دانیشتوانی ، گرنگی ، رۆلی ، کەشوهەوای ، نازناوی )

ـ مامۆستا بۆیان ڕوون دەکاتەوە

ـ یەکەم جار ناو بنووسرێ پاشان ساڵی دروستبوونی و هۆکاری دروستبوونی پاشان شوێنی جوگرافی و پاشان رۆڵ و پاشان دانیشتوانی...هتد.

ـ بۆ ئەوەی قوتابی بەرچاو ڕوونیەکی لەپێش بێ.

قوتابیان بە ڕوونکردنەوەی مامۆستا لەسەر شێوازەکە قوتابیان دەتوانن بنووسن و ڕستان رێك بخەن و تێ بگەن و زاراوەکان بەکار

قۆناغی سێیەم : نووسیتی دەقی هاوبەش .

ـ مامۆستا داوا لەقوتابیان دەکات بەشێوەی گروپ یان دووکەسی یان تاکە کەسی ، ئەو زانیاریانەی کۆیان کردبووە لەسەر ( شاری سلێمانی ) و(شاری هەولێر ) وەکو دەقێکی هاوبەش ، پاشان دەقێك بنووسنەوە لەسەر (شاری سلێمانی) . ـ ئەو زانیاریانەی (شاری هەولێر) کە مامۆستا باسی کرد ،

وەکو کەتەلۆك دەبینرێ بۆ قوتابیان ، بۆ ئەوەی شێوازی دەق ونووسین بکەن لەبەرگرتنەوە بکەن بۆ( شاری سلێمانی)

قۆناغی چوارەم : نووسینی.

ـ سوود وەرگرتن لە هەردوو دەقی ( شاری سلێمانی) و ( شاری هەولێر)، قوتابیان دەتوانن دەقەکی نزیك لەو بابەتە بنووسن وەکو ( شاری دهۆك).

ـ نابێ ئەو دەقەی قوتابی دەنوسین وەکو دەقی ( شاری سلێمانی) و ( شاری هەولێر)بێ.

ـ قوتابی ئەو دەقان بەکار بهێنێ ئەوەی لەناو پەرتووکی دا هەیە بۆ ئەوەی سود لێ وەرگرێت.

ـ لە کۆتای ماموستا ئەو هەڵانەی لە ڕستە و زاراوەکان هەبوون بۆیان ڕاست دەکاتەوە.

ـ قوتابی ئازادن و دتوانن سوود وەرگرن لەشێوازی جوراوجۆر ببینن ، وەکو وێنان .

ـ مامۆستا بۆ دەقێ قوتابیان فیدباك بۆ ئەو دەقانە دەکات ، ئەو فیدباکە ڕۆلەکێ گەورەی دەبینێت لە بەرزکردنەوەی ئاستی قوتابی و ڕاستکردنەوەی هەڵەکانیان. زانیاری لە سەر شاری دهۆك

(شوێنی ، ژمارەی دانیشتوانی ، گرنگی ، رۆلی ، کەشوهەوای ، نازناوی)

## . ئەنجامی ئەم مۆدێلە

- ڕێژەی متمانە لە خۆبوون زیاد دەکات

- قوتابی فێردەبێت لە دەرەوەی خوێندنگەش بتوانێ نوسین و لێکۆلینەوە بکات..

# پێداگۆجیا pedagogy

## له پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا

دەتوانین پێداگۆجیا پێناسە بکەین وەك زانستێكی تایبەت بە بنەماو شێوازەکانی وانەوتنەوە وئامانجەکان و چۆنیەتی بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانە ، یەکێك لەو زانستانەی پێداگۆجیا پشتی پێدەبەستێت زانستی پەروەردەی دەرونیە(سایکۆلۆجی) چونکە چەندین تیۆری گرنگ لەخۆ دەگرێ وەك تیۆرەکانی فێربوونی زانستی هەروەها لەخۆگرتنی ئەوفەلسەفەیەی فێرکردنە کە فۆکەس دەکاتە سەر ئامانجەکانی فێرکردن و تاچەند گرنگەو بە بەهایە لە ڕوانگەی فەلسەفی . وەلە ڕوانگەی ئەکادیمی یان زمانەوانی دەتوانین بلێین پێداگۆجیا ڕێگای فێرکردنی پەیڕەوکراو و پیادەکراوە لە لایەن مامۆستایانی پسپۆر . دیارترین شێوازەکانی فێرکردنی پێداگۆجی :

١ - مامۆستا خاوەن دەسەلاتە ئەم شێوازە لەسەر مامۆستا دەوەستێتەوە کە بە سەرچاوەی بنەڕەتی دەزانرێ لە بەدەستهێنانی زانست و زانیاری بەو پێیە پێویستە لەسەر قوتابی هەموو ئەوانەی لە مامۆستا گوێبیست و وەریدەگری بینووسێتەوەو لە مێشکیداهەلیگری.

٢ - مامۆستا وەك ڕاهێنەر. ڕۆلی مامۆستا لێرەدا هاوشێوەی ڕۆلەکەیتی لە خالی سەرەوە تەنها ئەوە نەبێ کە پەنادەبا بۆ بەکارهێنانی ئامرازی تەکنەلۆجی بۆ پیشاندان و ڕوونکردنەوی زانیاری.

٣ - مامۆستا ئاسانکارە بۆ ڕێگەی بەدەستهێنای زانیاری. ئەرکی مامۆستا لەو شێوازە فێرکردنەدا پوخت دەبێتەوە لەوەی کە پێی دەوترێت فێربوونی خودی (التعلم الذاتي) لە میانەی هاندانی قوتابیان لەسەر

پەرەپێدانی کارامەییەکانیان لە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و پارێزگاریکردن لەو پێزانینانەی کە بەدەستهێنانی خودی خۆیان مسۆگەردەکات.

٤ - فێرکردن لە چوارچێوەی چەند گروپی قوتابیان . ئەم شێوازە فێرکردنە یەکێکە لە زۆرترین ئەو شێوازانەی کەوا پێویستی بە پیادەکردنی چالاکیە زانستیەکانە لە چەندین چالاکی پراکتیکی لە پێواژۆی فێرکردندا وەك کیمیاو زیندەزانی وئەو بابەتانەی پێویستی بە گفتوگۆو وەرگرتنی بۆچونەکانی کەسانیتر هەیە ،وەك نوسینی داهێنەرانە

٥ - شێوازی فێرکردنی تێکەل . لەم شێوازە فێرکردنەدا ڕێگای فێرکردنێکی تەواوکەری یەکتر پیادە دەکرێ ، تێکەلەیەك نێوان کەسایەتی مامۆستاو هەموو ئەو شتانەی گرنگی پێدەدات لەگەل پێویستی قوتابیان و چ جۆرە شێوازی فێرکردن کە بسازێت لەگەل سروشتەکانیان .

## ڕەگەزەکانی پێداگۆجیا :

## زانستی پێداگۆجیا پێکدێت لە :

١ -زانینی ڕێگا جۆراوجۆرەکانی فێرکردن هەروەها چۆنیەتی و کاتی جێبەجێکردنی ئەم ڕێگایانە.

٢ - ئاشنابێت بە هەلسەنگاندنی وەرزو ئاستەکانی خوێندن و زانیاری هەبێت لەسەر کارتێکردنی کۆمەلایەتی و تاکە کەسی وپالنەری قوتابیەکان . ٣ - پێکهێنانی پەیکەربەندی بۆ ئامانجەکانی فێرکردن و پرۆسەی وانەوتنەوە .

٤ - توانای خۆگونجاندن و هەلسوکەوت لە گەل گروپە ناکوکەکانی ناو پۆلدا

# تەوەری دووەم

## ڕێگاکانی وانە گوتنەوەی

ماموٚستای بەرێز قوتابخانە شوێنی فێرکردن و فێربوونە چەترێکە زۆرشت لە ژێری ڕێکخرایە لەوانە: ماموٚستاوفێرکاروپرۆگرامی خوێندن و سیستەمی پەروەردە و فێرکردن و کۆمەلگا و هتد. ............

پێویستە کۆلەکەکانی ئەم چەترە بتەو بکەین بۆ بەرەو پێش بردنی پرۆسەی فێرکردن و سیستەمی پەروەردەیی . پرۆسەی فێرکردن و فێربوون ناگاتە ئاستی بەرز ئەگەر ئامانجە پەروەردەییەکان پێکاو نەبێت . دەبێ قوتابی کارا بکرێت بۆ وەرگرتنی زانیارییەکان و گیانی بەر خۆدانی زانستی هەبێت تاکو هەستی ورژاندنی بەرەو وەرگرتنی زانیارییەکان بەرزبێت و متمانەی بەخودی خۆی هەبێت و هەست بە لێپرسینەوە بکات و بزانێت تاکێکی کاریگەرە لە بەرەنگاربوونەوەدا ڕۆلی خۆی ببینێت ، لەئاکامی ئەمانە قوتابی هەول دەدات پلەی بەرزتر لە زانین و تێگەیشتن بەدەست بهێنێ .

ئەوە وادەکات مێشك و بیرکردنەوەی قوتابی بەرەو چاکسازی بڕوات و پەرە بیرکردنەوەی تەندروست بدات ، هاندانییان بۆ پەروەردە کردنی کۆمەلگا تاوەکو لەکۆسپ و تەگەرەکان ڕزگاریان بێت. باش بزانین چاکسازی ئەو کۆمەلگایەی تێیدا دەژین گرێدرایە و پەیوەستە بە چاکسازی فێربوون . ماموٚستای بەرێز تۆش باش بزانە جەنابت تەوەری ئەو چاکسازییەی وئەوئەرکە پیرۆزە دەکەوێتە سەر شانی بەرێزت ئەی هەلگری پەیامبەری.

# گرنگترین ڕێگاکانی گۆتنەوەی وانە

## یەکەم : ڕێگای خستنەروو( القائی ) :

دەنگی مامۆستا زیاتر بەدی دەکرێت لە دەنگی قوتابییان ئەو ڕێگایە ناگونجێت لەگەل بابەتی بیرکاری بە تایبەتی لە قۆناغی بنەرەتی ، لەو ڕێگایە مامۆستا بابەتێکی خۆی بە شێوەزاری و بەرێگای تایبەتی خۆی دەدات بەقوتابییان لێرەدا هیچ بیرۆبۆچوونییان نابێت و لەمامۆستا دووردەکەنەوە

چاکی یەکانی ئەم ڕێگایە:

أ – زۆرترین بابەت بۆ زۆرترین قوتابی.

ب – کاتێکی زۆر بۆ مامۆستا دەمێنێتەوە.

ج – ڕێگا لە بەرفرەوانکردنی بواری ڕاڤەکردن و ڕۆنکردنەوە دەگریت .

د_ ماموستا سەنتەرە نەك قوتابی بە پێی ڕێگایە

خراپییەکانی ئەم ڕێگایە:

أ – قوتابی گوێ لە ڕاوبۆچوونی مامۆستا دەگرێت بێ ئەوەی بتوانێ شیبکاتەوە.

ب – دوور دەکەوێتەوە لە ئاستی قوتابییان بێ ئەوەی لێ بزانێت.

ج – ڕێگایەکی دارشتنە.

## دووەم : ڕێگای پرسیارو وەلام:

پرسیارو وەلامدانەوە لە لایەن مامۆستای بابەت دیاری دەکرێت و ئاراستەی قوتابییانی دەکات ، واتە بە خستنەرووی بابەتەکە بە پرسیارو وەلام.  مەرجە پرسیارەکان کورت و بێ هەڵە بن لەگەل ئاستی قوتابییان

بگونجێت و پێویستە هەر پرسیارێك بیرۆکەیەك لەخۆبگرێت و ئامانجەکانی تایبەتی دیاربێت تاوەکو قوتابی هانبدات بۆبیرکردنەوە.

## شێوازەکانی پرسیارکردن

**هەرچەندە زۆر شێوەی پرسیارکردن هەیە بەلام سەرکەوتنی مامۆستا لەو خالانە راچاو دەکۆێت :**

١ـ پرسیارەکان ئاسان و سەرنج راکێش بێت.

٢ـ لەگەل ئاستی قوتابیان بگونجێت.

٣ـ پرسیارەکان ئامانجی پەروەردەیی بپێکێنێتت.

٤ـ مامۆستا پێویستە دویڤ چوونی پرسیارەکانی بکات.

٥ـ گشت قوتابیان پشکدار بکات لە ووەلامدانەوەی پرسیارەکان.

٦ـ پرسیارکردن بۆ ستراتیژیەتی فێربوون بێت.

٧ـ قوتابیان هانبدرێن برواو متمانەیان بە خۆیان و بە وولآمی خۆیان هەبێت.

٨ـ وا لە قوتابیانی بکات بێ دەنگ نەبن لە وەلامدانەوە، هەرچی لە ناو بیرو هزریان دەخولێتەوە دەری ببڕن و بیلێن.

٩ـ سەرەنجی قەتابیان بۆ وەلآمی پرسیارەکەی رابکێشێت.

١٠ـ وولامی راستی دوو قوتابی لەگەل یەکدی گرێ بدات.

١١ـ رێز لە وەلامی قوتابیانی بگرێت.

١٢ـ ئەگەر وولامێك هەلە بوو، هەستی قوتابی بریندار نەکات.

١٣ـ پێویستە ناوە ناوە قوتابیان بکرێنە گرووپ بۆ ئەوەی هەموویان پێکەوە پشکدار بن لە وولامی پرسیارەکان.

١٤ـ دەرفەت بە قوتابی بدرێت تاکو بگەنە وولامی کۆتایی.

# گـــرنـــگـی پــرســیـــارکـــردن

ـ دیاریکردنی ئاستی تێگەیشتنی قوتابی دەربارەی وانەکە.

ـ گرنگیدان بە خاڵە لاواز و پێویستەکان.

ـ قوتابی هەمیشە بە وریایی زۆرەوە لەگەڵ وانەکەدایە تا کۆتایی.

ـ بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان قوتابی و ماموستا.

ـ دوورکەوتنەوەی قوتابی لە نەخۆشی دەروونی.

## سێیەم : ڕێگای دەرئەنجام:

ڕێگایەکی بیرکردنەوەیە بۆ بابەتی بیرکاری دەگونجێت کەبیری قوتابییان دەگوازرێتەوە لە نموونەی تایبەتی بۆ راستییەکان بۆشێوەیەکی گشتی یان بۆ یاسایەکی گشتی هەلپمنین( استقراء ) ئەوەش پێویست بە بێن فرەهی و ماندووبوونێکی زۆرهەیە دەبێ زۆر نموونەی تاك بخەیە روو لە دەرئەنجامە هاوبەشەکان یاسایەك یان تیورییەك دابرێژێ .

ئەو ڕێگایە ئەو کاتە بەکاردێت کەماموستا بیەوێت بگاتە یاساو تیورییەکان .

## هەنگاوەکانی کارێکەری ئەم ڕێگایە:

١ – ماموستا چەند نموونەیەکی جۆراوجۆر دەخاتە روو کە تایبەتمەندی بیرکاری هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە.

٢ – ماموستا نموونەکان دەخاتە روو ئاراستەیان دەکات بۆ دۆزینەوەی تایبەتمەندە هاوبەشەکان.

٣ – مامۆستا لەگەل قوتابییانی هاوكار دەبێت بۆ دارشتنی دەستەواژەیەك گشت هاوبەشەكان لەخۆ بگرێت.

٤ – مامۆستا جەخت بكاتەوە تا چ رادەیەك دەستەواژەكەی قوتابییان راست و دروستە كە ببێت بە رێسا.

١ – چەند سێگۆشەیەك لە كارتۆن دروست بكە یان وێنەی چەند سێگۆشەیەك لە سەر تەختە سپی بكێشە.

٢ – داوا لە قوتابییانت بكە پێوانەی گۆشەكانی ناوەوەی سێگۆشە بپیون و سەرجەمی هەر سێ گۆشە دیاربكەن.

٣ – دەرئەنجامەكەی دیار بكەن و رێسایەكی گشتی دابرێژن بسەلمێنن سەرجەمی پێوانەی هەر سێگۆشەیەك دەكاتە . (١٨٠°)

٤ – داوا لە قوتابییانت بكە وێنەی چەند سێگۆشەیەك بكێشن

( هاربرت ) زانایەكی بیركارییە ٥ پێنج هەنگاوی دانایە بۆ ئەم رێگایە:

أ – ئامادە كردن : ئاراستە كردنی چەند پرسیارێك لەسەر بەبابەت .

ب – خستنەروو : راستییە بنچینە ییەكان ( الحقائق الأساسيه الجزئيه ) دەخاتە پێش قوتابییان.

ج – بە یەك بەستنەوە ( الربط ) : وورد بوونەوە لەو راستییانە و دیاریكردنی ئەو پەیوەندییانەی لە نێوانییان و بە یەك بەستنەوەیان.

د – پۆلێنكردن : ئەو شتە هاوبەشانەی نێوانی راستییەكان بەدەردەكەویت لە هاوبەشەكانی نێوانییان و دەستەواژەیەكی گونجاو بێتە دارشتن.

ه – راهێنان ( تدريب) : بەكارهێنانی ئەو راستییانەی بە دەست كەوتووە لە سەر چەند نموونەیەكی تر پراكتیزە بكرێت.

## چارەم : رێگای دەرئەنجام ( االاستنتاجیه) هەلێنجان :

ئەو رێگایە بیری قوتابییان دەگوازێتەوە لەیاسای گشتی بۆ تایبەت ( لەگشت بۆ بەش ) واتە لە گشت بۆ بەش

کاکلەی بیرۆکەی ئەو رێگایە : ئەگەر هەموو دروست و راست بن بێ گومان بەش و پارچەکانی راست و دروست دەبن.

هەنگاوەکانی بە جێهێنانی:

١ – ماموستا رێساکانی گشتی دەخاتە روو ( یاسا ، تیور سەلماندن ) زاراوەکان و دەستەواژەکانی لەخۆ دەگرێت وبۆقوتابییانی شرۆڤە دەکات.

٢ – ماموستا چەند کێشەیەکی جۆراوجۆر دەهێنێت تێیدا چۆنیەتی بە کارهێنانی رێساکان بۆ شیکارکردنی نموونەکان روونەدەکاتەوە.

٣ – چەند نموونەیەك لەسەر رێساکان بدرێتە قوتابییان و بە پراکتیزەکردنی رێساکان.

٤ – بە قوتابییانی رادەسپێرێت چەند پرسیارێك شیکاربکەن وبە پراکتیزەکردنی رێساکان ئەوە قۆناغی جێ بە جێ کردنە ، بە نموونە دیاربکرێت .

## باشییەکانی ئەو رێگایە:

رێگایەکی خێرایە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی وانە.

رێگایەکە بە پلەی یەکەم پشت دەبەستێت بە رێساکان کە دیاریکراوە بۆ بەکارهێنانی لە شیکارکردنی پرسیارەکان.

رەخنەی لێدەگریت یارمەتی قوتابییان نادات بۆ بەرفراوانکردنی و گەشەپێدانی بیرکردنەوە بۆیە ئەو رێگایە گەلەك پەسەند نییە بۆ گۆتنەوەی بیرکاری.

## پێنجەم : ڕێگای چارەسەرکردنی کێشەکان:

ماموٚستا راهێنانێك ئاراستەی قوتابییانی دەکات و گفتوگۆی لەسەر دەکەن پاشان ئاراستەی قوتابییانی بەرەو هەنگاوەکان و کردارەکانی شیکاری پرسیارەکان دەبات و هانی قوتابییانی دەدات بیربکەنەوە و فێربوونی بەرێ بەکار بهێنێن کە پەیوەندی لەگەل بابەتەکە هەیە بۆ شلۆڤە کردنی ڕێگاکانی شیکاری پرسیار و لەکۆتایی ماموٚستا ئەنجامی شیکاری قوتابییانی هەلدەسەنگێنێت کە بە دەستییان هێنایە.

ئەو ڕێگایە بە سێ قۆناغ تیدەپەرێت:

- پێش کەش کردن
- ئاراستەکردن
- هەلسەنگاندن

بەباش دەزانریت ماموٚستا دەبێ قوتابییانی بەسەر چەند گروپێك دابەش بکات و لەگەل رەچاوکردنی جیاوازی نێوان ئاستی زانستی تاکی قوتابییان لە ناو پۆلدا.

چالاکی:

# شەشەم : شێوازی چیرۆکی

گۆڕینی وانە بۆ شیوازێکی گێرانەوەی چیرۆکێکی سەرنج ڕاکێش پێویستە ڕاچاوی ئەو خالانەی خوارەوە بکرێت : ـ

-کاتی چوونە ژوورەوەی پۆل سلاو لە قوتابییانت بکە . کلیلی ئاخافتنە

-خۆت بناسێنە و ئامێری پەروەردەیی سەردەمیانەت لات هەبێت.

-دانوستاندن لەسەر ناوەرۆکی دابەشکردنی پرۆگرامی خویندن بکە.

-هۆیەکانی فێرکردنی پێویست دەستەبەر بکرێت و سوودی بە قوتابییان بگەیەنێت .

-ناوی قوتابییانی بەشداربوو لە چالاکییەکان دیاری بکە.

-قوتابی ڕەفتارجودا دیاربکە و زانیاری تەواوی لەسەرکۆبکەوە.

-لە قوتابییانی ناو پۆل چەند کۆمەلەیەك دروست بکە و هاوکاربن لەگەل یەکتر.

-ناوی قوتابی نەهاتوو دیاری بکرێت و بەرێگای واژووکردن لەسەرتۆماری نەهاتوو.

-ئاگاداری قوتابییان بکرێت دەبێ زۆر بایەخ بە بابەتەکانی پرۆگرام بدریت

-والە قوتابییانت بکە بیرۆبۆچوونی خۆیان بەرامبەر بە پرۆگرام دەربڕن.

-باسی چۆنیەتی جێ بەجێ کردنی ئەرکی مال بکە.

-نموونەیەك لە پرسیارەکانی ئەزموونەکان لەبەر دەستی قوتابییانت دابنێ.

-بەردەوام قوتابييانت خەريكى كارەكانييان بن و دەرفەت نەدەى دوو سێ كەس لەگەل يەك گفتوگۆى بێ كەلك بكەن.

-بە ناو بانگى قوتابييانت بكە بۆوەلام دانەوەى پرسيارەكەت.

-ماوەيەكى دياريكراو بۆ ڕووداوەكانى ڕۆژ لەگەل ناوەڕۆكى بابەت گرێبدە

-كاتێ كورتە فيلمێكى پەروەردەيى پەخش دەكەيت باقوتابييان هەريەكەو سەرنج و بيرۆبۆچوونى خۆى لەسەر دەربڕێ.

-كاتيكى گونجاو بۆقوتابييانت ديارى بكە بيرۆبۆچوونى خۆيان دەربڕن.

-دەرفەتێكى گونجاو بدە قوتابييانت بۆ وەلام دانەوەى پرسيار.

-داوا بكە قوتابييان لەناوخۆيان دان و ستاندن لەسەر بابەت بكەن.

-با قوتابييانت لە كاروكردەوەى هاوبەش پشكدار بن.

-كێشەيەكيان بۆدەست نيشان بكە و لە مال وەلامەكەت بۆ بهێننەوە.

-وابكە قوتابييانت ڕەخنە لە يەكتر وەربگرن و لايەنى هێزولاوازى يەكتردياری بكەن.

-هانى قوتابييانت بدە هەريەكە و ڕووداوێكى ڕۆژ تۆمار بكەن.

-داوا لە قوتابييانت بكە هەريەكەو چەند پرسيارێك بكات ولەسەر پسوولەيەك بنووسێت و بۆوانەى داهاتوو.

-كۆمەلە قوتابييەك بە هەرەوەزى مانگانە بەلاو كراوەى ديوارى دەر بكەن.

-وا لە قوتابييانت بكە ڕەخنەى بنياتنەر لەيەكتر بگرن و خالەكانى بەهێزولاوازى يەكتر دەستنيشان بكەن بۆ مەبەستى چاكسازى.

-سندۆقەكى پێشنيار لەناو پۆل دابنێ و بۆ ئەوەى قوتابييان پێشنيارى خۆيان تێبكەن.

-سوودی کاری گروپ لە فێربوون بۆ قوتابییانت دیار بکە تاوەکو بە گیانی کۆمەڵ و تەبایی کاربکەن.

-لە کۆتایی وانەکان والە قوتابییانت بکە سێ خالی گرنگی سوودبەخش بنووسێن.

-ئەزموونێکی پێش وەختە بە قوتابییانت بکە بۆ زانینی ئاستی زانستییان.

-هەول بدە قوتابییانت بەردەوام پشکداری خوێندنەوە و نووسین و گفتوگۆبن لە هەموو وانەکانت وهیچ قوتابییەك فەرامۆش نەکەیت.

-ئامانجی فێربوونی هەموو وانەیەك دیار بکە و گفتوگۆی لەسەربکە.

-کۆمەلەکان لە نێوان یەکتری تاقییان بکەوە بۆ دیاری کردنی کۆمەلەی یەکەم

-ناوە ناوە قوتابییەکی زیرەك دەستنیشان بکە بۆ ئەوەی رۆلی مامۆستا ببینێت و خۆی ئامادە بکات بۆگوتنەوەی وانەیەك.

-داوا لە قوتابییانت بکە خالە گرانەکانی وانە بە کورتی بنووسنەوە.

-لە دەسپێکی هەر بەشێك گۆشەی خۆ ئامادە کردن بۆ خوێندنی بەشی نوێ و لەو پرسیارانە ئەزموونیکی پێش وەختە بە

قوتابییانت بکە و قوتابییان خۆیان پشکنینی پرسیاری یەکتر بکەن.

-هەلەکانی گشتی کە قوتابییان تێکەوتوونە شیکارۆشلۆڤە بکرێت.

-قوتابییانی نەهاتوو ئاگاداربکەوە و ئەگەر هەفتەیەك نەهاتنی تێپەری بە رێگای نامەیەك ئاگاداری سەمیانی قوتابی بکەوە وچارەی بکە.

-قوتابییانت رابێنە سەرچاوەی دەرەکی هەبێت بۆ دەولەمەندکردنی وانە.

-لە کۆتایی هەموو وانەیەك قوتابییانت هەلبسەنگێنە و لای خۆت بنووسە.

-نموونەی جۆراوجۆر بە کاربهێنە کە لە ژینگەی قوتابییان دەست دەکەویت بۆ تێگەیشتنی بابەت.

-پاداشتی قوتابی زیرەك بدە بە سوپاسی وریزلێنان یان بە نووسراو.

-سەرەدانی زانستی بە قوتابییانت بکە.

-خۆت دوور بێخە لە قسەی ناشرین و رەفتاری نابەجیٚ بەرامبەر قوتابییانت.

-هاوکاری قوتابییانی بیٚ دایك وباوك و هەژار بدە.

-خۆت دەولەمەند و پرزانیاری بکە بە رێگای دانوستاندن لە گەل کەسانی شارەزا و هاوپیشەی خۆت.

# تەوەری سێیەم

# فێرکردن و فێربوون

پەرەپێدانی توانای هزریە ، گرێدانی زانیاریەکانە بەیەکەوە .

بۆ گەیشتنە ئەنجامی ڕاست و دروست: فێربوونی وانەکانی بابەت پەرە بە تواناکانی هزری مرۆڤــ دەگەیەنێت بەمەرجێك ئەوەی فێری دەبێت ڕاستەوخۆ لە ژیانی ڕۆژانە خۆی بەکارییبهێنێت.

بۆ ئەوەی مامۆستا لە کارەکەی کاریگەری هەبێت ئەنجامی وانە گۆتنەوەی بپێکێنیت دەبێ ئەو دوو قۆناغە ڕاچاو بکات:-

قۆناغی یەکەم : ـ نەخشەکێشان

قۆناغی دووەم : ـ جێبەجێکردن

## ١ ـ قۆناغی نەخشەکێشان : ـ

ئەو قۆناغە پێش چوونە ژوورەوە بۆ ناو پۆل دەست پێ دەکات، پێویستە لەم قۆناغە مامۆستا بەو کارانە هەلبستێ:

خوێندنەوەی بابەتی ناو کتێب ، هەروەها ئەو سەرچاوانەی کە پەیوەندیان بە بابەتەکەوە هەبێت پەیدا بکات و بیانخوێنێتەوە، بۆ ئەوەی ئاستێکی بەرز بپێکێ، وە بە شێوازێکی ڕێك و دروست بابەتەکەی دابرێژێت.

دەست نیشانکردنی جۆری بابەتەکە بۆ ئەوەی مامۆستا لە سنووری بابەتەکەی دەرنەچێت و قوتابیانیش سوودی لێ وەربگرن دەست نیشانکردنی بابەتەکانی پێشوو، کە پەیوەندی لەگەل بابەتی نوێ هەبێت، بە بیر قوتابیانی بهێنێتەوە، باشترین شێوازە لە کاتی گووتنەوەی بابەتی

نوێ، بۆ ئەوەی زنجیرە زانیارییەکی ڕێك لە مێشکی قوتابیان دروست بێت. شارەزایی و پڕ زانیاری ماموّستا ڕۆلێکی گرنگ دەبینێ و کاردەکاتە سەربەرزکردنەوەی ئاستی قوتابیان لە تێگەیشتنی بابەتەکان چالاکیەکانی گونجاو لە ناو پۆل دەست نیشان بکرێن .

ئەوەیش دەبێتە دوو بەش :

ـ تاقیکردنەوەی فێربوونی بەرێ بە چالاکی گونجاو

هەنگاوەکانی کارکردن لە ناو پۆل.

لە ئەنجامی ئەو چالاکیانە ڕۆلی گرنگ بۆ قوتابیان دەبێت نەك ماموّستا، ماموّستا پرسیار لە قوتابییەکان بکات لەسەر بابەتەکانی پێشوو کە فێربوونە (زانیاری بەرێ) و قوتابیانیش وەلاّم بدەنەوە.

ـ چالاکیەکانی هەلسەنگاندنی کۆتایی

چالاکیەکان هەندێ مەرجیان تێدایە لەوانە:

ماموّستا هەندێك پرسیاری ڕاستەوخۆ بکات بۆ چەسپاندنی ئامانجەکان لە هزری قوتابییان.

قوتابیان هەندێك چالاکی و ڕاهێنان لە تێنوسی پۆلدا شیکاربکەن و ماموّستاش ڕێخۆشکەربێت.

ماموّستا سەرەنجی خۆی لە وولامی قوتابیان دیاری بکات کاتێك قوتابیان بە سیستەمی گرۆپ دەگەنە وولامی کۆتایی.

## ٢ـ قۆناغی جێ بەجێ کردن : ـ

ئەو قۆناغە چەسپاندنی ئامانجەکانە لە هزر و بیری قوتابیان کاتێك هەڵدەستن ڕاهێنان و چالاکی ئەنجام دەدەن، بەپێی نەخشەکێشانی ماموّستا ئەو خالانە ڕاچاو بکرێت :

ـ مامۆستا دەبێت ئامانجی تایبەتی بابەتەکە لە دەستپێکی وانەکە بۆ قوتابیان بلێتەوە (ئەمرۆ لەم وانەیە فلان بابەتە دەخوێنین... بەلام لە ئێوەداخوازم وولامی هەندێ پرسیار بدەنەوە کە پێشتر خوێندومانە و پەیوەندی بەو بابەتە هەیە ) .

ـ زێدە پێویستە مامۆستا بابەتەکانی پێشوو گرێ بدات بە بابەتی نوێ بە دانوستاندن لەگەل قوتابی.

ـ چارەسەرکردنی ئامانجەکان لەگەل راهێنان و چالاکیەکانی کە نەخشەی بۆ راکێشراوە بگونجێت، نابێت نەخشەکێشانی مامۆستا جوودا بێت لەگەل جێ بەجێ کردنی ئامانجی تایبەتی بابەتەکە.

ـ بە دواداچوونی  کاری قوتابیان بکرێت بە بەردەوامی ، دەست نیشانی ئاستەنگەکانی بەردەم قوتابیان دەستنیشان بکرێت  ،  پرسیارەکانیان وەلام بدرێتەوە،

ـ ماموستا دەبێت لە پەراوی تایبەتی خۆی  هێمایەك لە سەر  ناوی قوتابیانی لاواز دابێت ، چارەسەری گونجاو  بۆیان بدۆزرێتەوە.

## کۆمەلێك کار و فەرمانی گشتی  دەبێ مامۆستا لەبەرچاوبگرێت لەکاتی فێرکردنی قوتابیان لەناوپۆلدا.

ـ کاربکە  بۆ ورژاندنی بیرکردنەوەی قوتابییان تەنها مەلێ : بۆ ، چۆن ، چەوا ، کەی ....... لەسەر ئاستە بەرزەکانی هەرمی بلومن .

ـ دوای گۆتنی پرسیارێك چاوەروانی ماوەیەکی گونجاو بە قوتابییان وا ەزندە دەکەن مامۆستا وەلامییان دەداتەوە ، ئەگەرمامۆستا ئاگاداری ئەو رەفتارانە نەبێت لەناوپۆل تەنهادەنگی خۆی دەبیستێ و قوتابییان دەبنە گوێرایەلی.

ـ مامۆستایان بزانن ئەوەی قوتابییان وەریدەگرن بەرێژەی ٢٠٪ لەبیستن فێردەبن ، ٣٠٪ لەدیتن فێردەبن ، ٥٠٪ لەبیستن و دیتن فێردەبن ، ٧٠٪ ئەوەی دەلێن و دەیکەن.

ـ دڵی قوتابییانت خۆش بکە و خەندە بێخە سەرلێوی قوتابییانت و کەیف خۆشی و کەش و هەوایەکی لەبارلەناو پۆل برەخسێنە.

ـ ڕێزلە قوتابییانت بگرە و گەورەیان بکە ، لەکاتی پێویست پالپشتیان بە وهانیان بدە بیرۆبۆچوونی خۆیان بە ئازادانە دەربڕن.

ـ بە ستایشکردن قوتابییانت هانبدە بیری خۆت بهێنەوە کاتی قوتابی بیت چەندخۆش بوومامۆستا ستایشی تۆی دەکرد. بگاتە سەرزەنشتکردن نەکەی تەنها یەك قوتابی سەرزەنشت بکەی کۆمەڵێ قوتابی پێکەوە سەزەنشت بکە.

باش بۆقوتابییانت بدوێ بایەخ بە سۆزوهەستییان بدە.

ـ بەردەوام لەسەرخۆوبن بێن فرەبە وا مامەڵە لەگەل قوتابیانت بکە کەوا تۆ یەکێکی لەگەل وان فێردەبیت.

ـ . ڕۆڵی خۆت وەك مامۆستا دیاربکە و کەسایەتیت بەرچاوبێت.

ـ خۆت چالاك و بەرچاو دیاربکە تاوەکوبزانن مامۆستا هەلگری پەیامێکی پیرۆزە

ـ .خۆت دوور ڕابگرە لەکەسانی نائۆمێدو بێ هیوا.

ـ فێرکاربە،خۆت بە زۆرزان مەزانە، جۆرەها سەرچاوەی فێربوون بەکاربهێنە

ـ ڕەچاوی جیاوازی تاکە کەس بکە لەناوپۆلدا.

ـ زنجیرەهەنگاوەکانی یەك لەدوای یەك پێکەوەگرێدرایی کۆمەلێك ئامانجەکانی فێربوون فێرکردن ساغ دەکاتەوە:

ـ زۆرڕێگای وانە گوتنەوە هەیە ئەو ڕێگاباش و پەسەندە بەکاربهێنە بابەتە زانستیەکە بگەینتە قوتابییان.

ـ وانەگۆتنەوەی سەرکەوتوو زۆرلە کێشەوکەموکورپەکانی پرۆگرام چارەسەر دەکات.

ـ دەبێ ڕێگای وانەگوتنەوە کارلەبابەت و قۆناغی خوێندن بکات. نابێ ماموٚستا بەبەردەوامی لەسەریەك ڕێگای وانەگوتنەوە بڕوات.

ـ نابێ ماموٚستا لاگیری ڕێگایەکی وانەگوتنەوە بکات و بە چاکی بزانێ بەباشترین ڕێگا هەژماربکات گوایە ئامانجەکان دەپێکێنێ. دەبێ ماموٚستا بزانێت ڕێگای گوتنەوەی وانە بۆبچووکان جیاوازە لەگەل گەوران.

ـ ڕێگای گوتنەوەی بابەتە کۆمەلایەتییەکان جیاوازی هەیە لەگەل ڕێگای گوتنەوەی بابەتی بیرکاری. ڕێگای گوتنەوەی بابەتێك جیاوازی هەیە لەگەل گوتنەوەی بابەتێکی تر. هەندێ وانە و هەندێ ڕێگای وانەگوتنەوە پێویستییان بە هۆی فێرکردنی دیاریکراوی خۆی هەیە.

## زنجیرەهەنگاوەکانی یەك لەدوای یەك پێکەوە گرێدراییە کۆمەلێك ئامانجەکانی فێربوون و فێرکردن ساغ دەکاتەوە :

زۆرڕێگای وانە گوتنەوە هەیە ئەو ڕێگاباش و پەسەندە بەکاربهێنە بابەتە زانستیەکە بگەینتە قوتابییان. وانەگۆتنەوەی سەرکەوتوو زۆر لە کێشەوکەموکورپەکانی پرۆگرام چارەسەر دەکات. دەبێ ڕێگای وانەگوتنەوە کارلەبابەت و قۆناغی خوێندن بکات. نابێ ماموٚستا بەبەردەوامی لەسەریەك ڕێگای وانەگوتنەوە بڕوات. نابێ ماموٚستا لاگیری ڕێگایەکی وانەگوتنەوە بکات و بە چاکی بزانێ بەباشترین ڕێگا هەژماربکات گوایە ئامانجەکان دەپێکێنێ

## ڕێساکانی شێوازی قسەزانی و بیرکردنەوە:

پلەکاری لە دیاربۆ نەدیار.

پلەکاری لە ئاسان بۆگران و بەرەو گرانتر.

پلە کاری لە سادە بۆ تێکەل و بەرەو ئاوێتە.

پلەکاری لە ئاشکرا بۆ نهێنی و لە پەنیَ.

پلەکاری لە هەستیار بۆ گونجاو و شیاو.

پلەکاری لە ئاسایی بۆ نائاسایی.

پلەکاری لە راستەوخۆ بۆ ناراستەوخۆ.

زۆربەی پەروەردەکاران ئەو ڕێگایەیان پێ باش نییە چونکە قوتابییان بێ تاقەت دەکات و هەڵدێن لەوانەی بیرکاری.

ماموستا دەشێت ئەو ڕێگایە باش بکات ئەگەر رەچاوی ئەو خالانەی خوارەوە بکات: لە هەموو روویەکەوە خۆی بۆ وانە گوتنەوە ئامادە بکات لە ناوەرۆکی بابەت دەرنەچێت و دووبارەکردنەوەی تێدا نەبێت.

وانەی خۆی بەسەر هەنگاوەکانی وانەگوتنەوە دابەش بکات هەنگاوەکان : (پێشەکی ، گرێدانی بابەتی پێشتر لە گەل بابەتی نوێ ، خستنە روو ، هەلسەنگاندن ، هۆی فێرکردنی پێویست ، دیاریکردنی ئەرکی مالێ ) .

خالە سەرەکییەکانی بابەت لەسەر تەختە تۆمار بکات.

هۆی فێرکردنی پێویست بەکار بهێنێت.

وانەگوتنەوەی بە دەنگێکی نزم و خێرا نەبێت.

هەنگاوبەهەنگاو جەخت بکات ئایا قوتابییانی تێگەیشتوون ئەنجا بچێتە هەنگاوێکی تر.

## خوێندن بە زمانی دایك ( mother tongue)اللغه الام.

بێ گومان ئێستا جیهان لە هەموو کاتێك زیاتر درك بە گرنگی خوێندن دەکات بە زمانی دایك، بۆیە حکومەتی هەرێم وەزارەتی پەروەردە بڕیاری دەرکرد هەموو نەتەوەیەك بە زمانی دایك بخوێنی .

دوای توێژینەوەو لێکۆلینەوە دەرکەوت خوێندن بە زمانی دایك پالنەری یەکەمە بۆ داهێنان و بە دەستهێنانی زانست و زانیاری ، ڕێکخراوی یۆنسکۆ بۆ پەروەردەو فێربون لە ٢٠١٦ سالیادی خوێندن بە زمانی دایك ولاتانی ڕاسپارد بەفەرمی گرنگی بەو پرۆسەیە بدەن ، باشترین ١٩ ولات لە ڕووی پێشکەوتنی تکنۆلۆجیا ئەوانەن کە جەخت دەکەن لەسەر زمانی دایك ، لە توێژینەوەکی نوێ دا دەرکەوتووە کە لەسەر باشترین ٥٠٠ زانکۆی جیهان ئەنجامدراوە لە ٣٥ دەولەتدا خوێندنیان بە زمانی دایکە ئەوەش مانای ئەوەنیە کە زمانی دووەم یان بیانی گرنگ نیە .

### سوودەکانی خوێندن بە زمانی دایك :

١ – ئاشنابوونی قوتابیان بە شێوەزارەکانی زمانی دایك .

٢ – بایخدان بە زاراوەکانی زمان .

٣ - گوێگرێکی باش.

٤ - بەهێزبوونی تەرکیزکردن فۆکەس.

٥ - باشتربوونی زمانی دایك.

٦ - زیادبوونی داهێنان.

٧ - فراوانبوونی زانیاری و ڕۆشنبیری.

٨ - ڕەخساندنی دەرفەتی کاری نوێ.

٩ - ئەزموونی گەشتکردن بە ڕێگایەی جیاوازتر .

## یەکێك لە ڕۆژهەلات ناسەکان دەلێت :

ئەگەر ویستت شارستانیەتی نەتەوەیەك وێران بکەی ئەوا سێ ڕێگا هەن :

ـ تێکدانی خێزان ـ تێکدانی پەروەردەو خوێندن

ـ شکاندنی شکۆی پێشرەو و سەرکردەو مەرجەعیەتەکان

١: بۆ ئەوەی خێزان وێرانکەی ڕۆلی دایك نەهێلەو وای لێبکە شەرم لە خۆی بکا پێی بلێن پەروەردەکاری مالەوە .

٢: بۆ وێرانکردنی فێرکردن هیچ بەهاو مەکانەت بۆ مامۆستا نەهێلیەوە لەناو کۆمەلگا بۆ ئەوەی بکەوێ لە چاوی قوتابییەکانی .

٣: وەبۆ شکاندن و دابەزینی مەکانەتی مەرجەعیەت و پێشڕەوەکان ئەوا دژایەتی زاناو داناو سەرکردەکان بکە

تانەیان لێبدەو شان و شکۆیان کەم کەوە ، گومانیان بخەسەر تا کەس بڕاوایان پێنەکاو بەدوایان نەکەون .

ئەگەر دایکی هوشیار نەما

مامۆستای دلسۆز نەما

پێشڕەو و سەرکردەو مەرجەعەکان نەمان

ئەوکاتە کێ نەوەی داهاتوومان پەروەردە ڕابەرایەتی دەکات لەسەر بەها پیرۆزەکان ؟؟؟

بۆیە هەموومان بە تایبەت چینی مامۆستایان و پەروەردەکاران بەرپرسیارین لە بونیاتنانی مرۆڤ لە ڕوی فکرو عەقل و پەروەردەو ڕێی ڕاست و نیشتمان پەروەری و خۆشەویستی ولات و هەستکردن بە هاولاتیبوون و بەرپرسیاریەتی ، تاکێکی بەرهەمهێن و باوەڕ بەخۆبوو و ڕاستگۆ دەستپاك دروستبکەین.

## باشترین خاسیەتەکانی ڕێگای فیربوون

١ – پلانیکی ڕێك دابڕێژە  کە گشت هەنگاوەکانی پلانی وانە ((پێشەکی ، گرێدانی بابەتی پێشتر لە گەل بابەتی نویٚ ، خستنە ڕوو ، هەلسەنگاندن ، هۆی فێرکردنی پێویست ،  دیاریکردنی ئەرکی مالٚ )) لە خۆ بگرێت.

٢ – سوود لە هۆیەکانی فێرکردن وەربگرێت بۆ ئاسانکردنی بابەت.

٣ – پێویستە پشت ببەستێت بە هەستان و دانیشتنی قوتابییانی خۆی.

٤ – ئاگاداری جیاوازی تاکە کەسی قوتابییانی ناو پۆل بێت.

٥ – جیاوازی ئاستی قوتابییانی دیار بکەت و سوود لە ڕووداوەکانی دەور و پشتی قوتابییان وەربگرێت و وانەکەی پیٚ دەولەمەند بکات.

٦– نەرمی لە کرداری فێربوون و ئەو کەرەستانە بە کار بهێنێت کە لە ژینگەی قوتابییان دەست دەکەویٚت.

## فێربوونی کارا  (التعلم النشط)

بریتییە لەو پرۆسەیەی فێربوون کە تیایدا فێرخواز بە شێوەیەکی کارا بەشداری دەکات ستراجیەتی ڕێگاکانی وانە گوتنە بەکاربێت بۆ گەیاندنی  بابەتەکانی ناو پۆل هەروەها فراوانکردنی خەیالٚی خۆیی و شارەزایی پێشویی و زانیاری گشتی کە لە دەرەوەی قوتابخانە فێری بووە بۆ گەیشتن بە مەبەستێکی دیاری کراو بە گروپ یان بە جووت و تاك.

ـ هەلی قوتابی بۆ بەکارهێنانی تواناکانی فێربوون پێکەوە ئیش کردن.

ـ داوایان لیٚ بکرێت کەپرسیاری منطقي بکات و لانەدات لەبابەتەکە.

ـ لە پێشەکیەکی وانەکە ڕای هەموویان وەربگرە ئنجا وانەکەیان پیٚ بلٚی.

ـ هەلیان پیٚ بدە بۆ بەستنەوەی بابەتی وانەکە بە ژیانی خۆیانەوە.

ـ نمونە لە سەر فێرکردنی کاراو چالاك بێ بەشداری کردن فێربوون ڕوونادات .بە تاك بێت یان بە گروپ.

ـ ئەو خوێندکارەی بە تەنها دانیشتووە و بە گروپات ئیش ناکات دەبێ وای لێبکەی کە لە گەڵ یان ئیش بکات.

ـ ئەگەر خوێندکارێك تێنەگەیشت بوو لە پۆل دەبێت ماموٚستا کاتێکی تایبەتی دوای وانەکە بۆ تەرخان بکا لە دەرەوەی پۆل.

ـ بابەتی گشتی بخرێتە ناو گفتوگۆکان و ڕای خوێندکاران وەربگیرێ پەیوەندی نێوان ماموستا و خوێندکار

ـ پەیوەندی ڕێزگرتن لە نێوان هەردوولا پێویستە.

ـ هەست کردنی ماموستا بەو شتانەی کە قوتابی پێویستیەتی.

ـ ماموٚستا یارمەتی قوتابی بدات بۆ شیکارکردنی هەر تەگەرەیەکی دێتە ڕێگای

ـ ڕەچاو کردنی جیاوازی تاك ( فروق فردی ).

ـ هاندانی ماموٚستا بۆ قوتابی و جۆشدانیان بۆ بیر کردنەوەو داهێنان سەرکوت نەکردنی قوتابی لە هەڵەکردن.

ـ دروست کردنی هەلومەرجی گونجاو هاوکاربیت بۆ فێربوون

**هەمەجۆر** : هەمە جۆر بێت لە وانە وتنەوەدا نەك تەنها یەك ڕێگای وانە وتنەوە بگرێتە بەر.

**وریای ئاسوودە** : باشترین هەلومەرج بۆ فێربوونی هەموو قوتابیان بریتی یە لە نیگەران نەبوون و ئامادە و هێوریە لە پۆلدا.

**متمانە بەخۆبوون :** واتە راستگۆیی لەگەڵ قوتابیان ، شتێك مەڵێ کە نەتوانی جێبەجێی بکەی و بەکارنەهێنانی دەستەواژە و وشەی ناشیرین بەرامبەر فێرخوازان.

**ژینگەی ناوپۆل :** ئایا پۆلە ئاسودەیە ؟ ڕەنگاو ڕەنگە ؟ سەرنج ڕاکێشە ؟ کاری فێرخوازان نمایش کراوە ؟ واتە بە شێوەیەکی گشتی پۆلەکە ڕازاوەیە بۆ ئەوەی فێر خواز چێژ لە بابەتەکان وەرگرن هەندێ لە ڕێگەجیاوازەکانی فێربوون کە قوتابیان پەسەندی دەکەن ؟

خستنە رووی چەمکەکان لەرێگەی نەخشەکان.

وانەبێژی – خوێندنەوە – گفتوگۆ – تۆماری دەنگدار ( تسجیل صوتی )

کاری بەکۆمەڵ –دروست کردنی تەندارەکان ( ئەندازەی بۆشایی ) ( الفضاء ) قوتابیان لەزۆربەی کاتدا رێگای فێربوونی جیاواز پەسەند دەکات لە بابەتی بیرکاریدا. هەبوونی هەندێ شتی گوێ پێنەدراو.

## ستراتیژەکانی فێربوون و فێرکردن

### ـ پرسیارکردن

بۆی هەیە پرسیارکردن زۆر شێوەی هەبێ بەڵام کلیلی سەرکەوتنی لەوەدایە کە ماوۆستا بە جدی رەفتار لەگەڵ قسەی منداڵان بکات ورەخنەیان لێنەگرێ و بە هیچ جۆرێ نەیانشکێنێتەوە، ئەگەر هەڵەیانکرد. بە تایبەتی ئەوە گرنگە کە ئەو قوتابیانە رابێنێ کە وەڵامی چاوەڕواننەکراو دەدەنەوە. کۆمێنتی وا بدە " من بەو جۆرە بیرم نەکردۆتەوە – ئای لەو بیرۆکە باشەی" یا " دەزانم مەبەستت چییە –

لاموانیە تەواو ڕاست بێت، چونکە ( هۆکارێك بدە)، بەڵام زۆر زیرەکانەیە کە بیری لێبکەیتەوە" زۆر هانی منداڵان بدەو وا بکە هەموو حەزبکەن بەشدار بن و داهێنەرانە بیر بکەنەوە. هەندێ ڕێگە بۆ پرسیارکردنی کاریگەر ئەمانەن:

لە کۆتایی وانەدا هەندێ پرسیاری کۆتایی کراوە ئاراستە بکە لە بارەی ئەو کارەی لە وانەکەدا ئەنجامدراوە: ئەمە ڕێگەیەکی باشە تا بەراستی بۆت دەرکەوێ چی فێربووینە.

وا باشتریشە کە پرسیار لە منداڵان بکەیت تا بڕیار بدەن، چ بە تەنیا چ وەکو گروپ – پێیانوایە گرنگترین شت لە وانەکەدا چی بووە. بێگومان ئەمە کارامەییەکی زۆر گرنگی فێربوونە کە بۆ تاقیکردنەوە ئامادەدەبی و، مەشقێك دەداتە منداڵان و سەرنجی نایاب لای ماموٚستا دروست دەکات لە بارەی ئەو شتانەی کە فێری بوون.

لە دەسپێکی بابەتی تازەدا پرسیار لە منداڵان بکە کە پێشتر چی لە بارەی بابەتەکەوە دەزانن: وەکو شالاٌوی هزر ئەمە بکەو هەموو وەلامەکانیان بێ ڕەخنەگرتن لەسەر بۆردەکە بنووسە: پاشان دەتوانی ئەوەی هەڵەیە بە ڕێگەی گرنگ دەری بخەی.

لە جیاتی ئەمە یا هەر لەگەڵیدا ، لە سەرەتای بابەتی تازەدا لە منداڵەکان بپرسە دەیانەوێ لەو بارەیەوە چی بزانن. لەم حالەتە ڕەنگە وا باشتر بێت کە یەك دوو خولەکیان پێبدەی کە بە جووتە یا سێ سێ بۆچوونیان ئاڵوگۆڕبکەن بەرلەوەی بیانخەنەڕوو. گروپی وامان دیوە تەنیا لیست لەبارەی بەرنامەی خوێندنی ئەو بابەتەوە دروست دەکەن بێگومان پاش ئەوە ئەو شتانەش دەخوێنن کە پێشتر جێی بایەخیان بووە، ئەمەش وایان لێدەکا زیاتر پەیوەست بن.

داوا لە منداڵەکان بکە بە بێدەنگی بۆخۆیان بەشێك لە کتێبەکەیان بخوێننەوە: ئنجا لێیان بپرسە کە دەیانەوێ چ پرسیارێك لە بارەی کتێبەکەوە بکەن . بوونی توانای کردنی پرسیاری باش بریتییە لە توانایەکی زیندوو بۆ فێربوون و ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ پێشقەچوونی تواناکانی منداڵ. هەروەها مانای ئەوەیە کە پۆلەکە کات بۆ توێژینەوەی ئەو لایەنەی کارەکە بەسەر دەبات کە نادیارە یا جێی سەرنجی گروپەکەیە.

## ـ کاری بە تەنیاو پێداچوونەوەی بە جووتە

هێشتا بۆ منداڵان گرنگە کە بۆخۆیان کار بکەن: ئەوان دەزانن کە دەبێ ئەمە لە تاقیکردنەوەو تاقی بکەن بۆیە دڵخۆش دەبن هەندێ جار لەکاتی راهێناندا ئەمە بکەن. هەندێجار بیرۆکەیەکی باشە بکرێنە جووت بۆ ئەوەی پاشان سەیری کاری یەکتر بکەن و سەرنج بدەنە یەکتر: تۆ دەتوانی بیرۆکەی سەرنجی ساندویچیان پێبدەی تا یارمەتییان بدەیت. بە ئاسایی بەر لە پرسیاری پێداچوونەوە تۆ دەتەوێ لەبارەی راهێنانەکە قسە لەگەڵ پۆلەکە بکەی، و دەری بخەی کامە سیمای وەلامی باشە. ئەمە شێوازیکی نایابی هەڵسەنگاندنە، چونکە یارمەتی هەموو گروپەکە دەدات تا بیر لە کارێکی باش بکەنەوە لە کۆنتێکستێکی وەکو ئەمەدا. (هەروەها هەندێجار تۆ دەتوانی ئەمە لەگەڵ راهێنانی ئەرکی ماڵەوەشدا بکەیت)

## ـ هاندانی چاودێری

چاودێری لە زۆر بابەتدا کلیلی تواناکانەو، منداڵان حەز بە بەکارهێنانی دەکەن — بۆیە رێگەیەکی زۆر باشە بۆ ئەوەی بە بابەتەکەوە پەیوەستیان بکەی. بۆ نموونە:

وانەیەکی زانستی پێشکەش بکە لە بارەی پرۆسەی سوتان کە وا بکەی چاودێری ئاگری مۆمێك بکەن هەموو تێبینییەکانی خۆیان بنووسن. ( منداڵان هەندێجار لیستێك لە ٤٠ سەرنج دەنووسن!!) بە شێوەیەکی نموونەیی تۆ پێویستت بە ئامادەکردنی چەند مۆمێك دەبێت تا منداڵان بە شێوەیەکی گونجاو لێیانەوە نزیك بن. پاش ئەوەی ئەرکەکە تەواو دەکەن دەفرێکی روون بخەرە سەر مۆمێك تا بڕوانی چی روودەدات کە ئۆکسجینی نامێنێ – ئەوان لە سەرەتا تێبینی تەمەکەی ناوەوە دەکەن، لەگەڵ بەرەبەرە کوژانەوەی مۆمەکە. ئەوجا بۆ پۆلەکە لەو بیرۆکەیە بپرسە کە بۆچی مۆمەکە وایلێدێ و، تەمەکە چییە. ئنجا دەتوانی بچیە بنجی لایەنە زانستییەکەوە.

هەندێ گیانەوەری بچووکی وەکو کرمی زەوی یا مۆرانەش دەکرێ بە هەمانشێوە بەکاربێن – من لە ناو بۆکسی شقارتەم داناون و هیچ کێشەم نەبووە لەوەی کە منداڵان لایان پووچ بێ یا بەخراپی تێبگەن.

دەست بە خوێندنی شیعرێك بکە بە پرسیارکردن لە منداڵان کە چییان لە بارەی تێبینی کردووە: ئەمە دەشێ ئەرکی گروپ بێت. یا سەرنجێکی هزری بێت لە پۆلدا پاش ئەوەی هەرکەس بۆ چەند خولەکێك دەیخوێنێتەوە. زۆربەی جار خاڵی وا دەستنیشان ئەکەن کە تۆ بیرت لێ نەکردۆتەوە، لەپاڵ زۆر شت کە لای خۆت هەیە.

وانەیەکی مێژوو یا جوگرافیا دەست پێبکە بە وێنەیەکی ئەو کات و سەردەمەی کە تۆ دەتەوێ باسی بکەیت: لە منداڵەکان بپرسە چی سەرنجراکێشی تیا دەبینن. دەست بەوە دەکەی کە پێیان بڵێی وێنەکە لە کوێ گیراوە، یاچ شوێنێك پیشاندەدا، یا دەکرێ لێیان بپرسی کە

لەوبارەیەوە بیرۆکەیەکت بدەنێ. بە هەردوو ڕێگە تۆ دەتوانی هەندی بیرۆکە وەرگری تا بچیە نێوانەکە.

## ـ هەوڵی بەردەوام

بوونی توانای بەردەوامبوون لەو کاتەی کە نازانی چی بکەی زۆر گرنگە لە هەموو جۆرە بارێکدا. (پیاجێ وا زیرەکی پێناسە کردووە " بزانی چی بکەی لە کاتێکدا کە نەزانی چی بکەی") یارمەتی منداڵان بدەی کە چۆن ئەمە بکەن زۆر گرنگە بۆ ئەوان. وایان لێ بکەی دەست بە کاری قورستر و کێبەرکێی شتەکان بکەن. ئەمە پرسیار نییە بۆ ئەرکێکی دیاریکراو، بە قەد ئەوەی کە بەرنامەو هەڵوێستە، بەڵام گرنگە ئەمانە بکەیت:

ئەو باوەڕە هان بدەی کە هەڵە کردن بەشێکە لە فێربوون: مەدحی ئەو منداڵانە بکە کە وەڵامی ناراست دەدەنەوە، باسی بەسەرهاتی خۆت بکە لەو کاتانەی کە بە هەڵە فێری شت دەبووی بەر لەوەی بە ڕاستی فێریان بی، باسی ئەو شتانەش بکە کە تۆ لە قوتابخانە پێت زەحمەت بوو، یا باسی خەڵکی ناودار. ( بە نموونە تۆماس ئەدیسۆن، کە پتر لە ١٠٠ دیزاینی دانا بۆ گلۆپ تا یەکێکی دۆزیەوە کاربکات. بەڵام بێگومان سامانێکی لەمەوە دەست کەوت!)

بە منداڵەکان بڵێ ئەمڕۆ کارەکە قورستر دەبێ لە جاران، بۆیە ئەوە چاوەڕوانی کە ئەوان بە زەحمەت تێیبگەن، بەڵام متمانەت بەوە هەیە کە سەردەکەون. تەنیا کاتێ ئەمە بکە کە کارەکە بە ڕاستی زەحمەت بێ. بەڵام دڵنیابە لەوەی کە زۆر زەحمەت نەبێ! ئەوجا مەدحی ئەوە بکە کە سەردەکەوی! منداڵان هان بدە تا یارمەتی یەکتر بدەن لە پرسە

زەحمەتەکان – بەڵام بیریان بێنەوە که دەبێ بتوانن بە تەنیا کارەکە بکەن، جا هەندێ کاریان پێ بسپێرە بە تەنیا بیکەن.

## ـ پەیوەندی بە شتی دیکەوە دروست بکە

هەرکات پێویست بوو لێیان بپرسە ئەگەر شتێکیان لە بارەی بابەتێکەوە کردووە لە وانەیەکی تردا، بۆ نموونە، ئەگەر تۆ خشتەیەکیان پیشان بدەی لە وانەی جوگرافیا، لێیان بپرسە ئەگەر خشتەی هاوشێوەیان لە ماتماتیك یا لە زانست دروستکردبێ.

نموونە لە بەرنامەی تیڤیەوە بەکاربێنە کە ڕەنگە دیبێتیان – یا هانیان بدە بۆ ئەوەی ئەو زانیاری یا بیرۆکانە بەکاربێنن کە لە تیڤی یا ڕادیۆ وەریانگرتووە. بۆ نموونە ئەگەر پێویستبوو چیرۆکێ بنوسن، وایان لێبکە بەگروپ باسی بەرنامەی سەرنجراکێشی تیڤی بکەن کە هەفتەی پێشوو بینیبیان بۆ ماوەی چەند خولەکێك. ئنجا پێشنیازبکە کە دەبێ (بەتەنیا) بیرۆکەیەك هەڵبژێرن لە گفتوگۆکەیاندا تا بیکەن بە بنچینەی چیرۆکەکەیان.(وەکو ئەرکی ماڵەوە) ئەوەیان پێ ڕابسپێرە کە لە دایك و باوکیان پرسیار بکەن دەربارەی شتی تایبەت بە ڕووداوی ناوخۆ، لایەنێك لە مێژوو یا جوگرافیا، ژیانی خێزانی لە ڕابردوو تاد...، ئەو شتانەی کە پەیوەستن بە کارکردن لە بابەتەکەدا – ئنجا کاتێك لە وانەکەدا تەرخان بکە بۆ گوێگرتن لەوەی دەستیان کەوتووە.

ڕۆژنامەیەك بێنە ژووری و تیشك بخەرەسەر ئەو وتارانەی کە پەیوەندییان بە بابەتەکەی تۆوە هەیە.

## ـ ژینگەی پۆل

هەموو شتێك بكە بۆ ئەوەی وا لە پۆلەكە بكەیت ببێتە شوێنێكی سەرنج ڕاكێش و جێگەی بایەخ. منداڵان زۆر ئاگادارن لە دەوروبەری خۆیان و زۆربەی جار لەسەرەوەی بایەخ پێدانیان دێ لەبارەی قوتابخانەوە ئەگەر پرسیاریان لەوبارەیەوە لێ بكرێ. ئەگەر تەنیا شتێك هەبێت كە پێویست بێ قوتابخانە برێ پارەی بۆ خەرج بكات بریتیە لەو كەرستانەی كە پێویستن بۆ ئەوەی مامۆستا نمایش ئەنجام بدات. لایەنی سەرەكی ژینگەی پۆل بریتیە لەو ڕێگەیەی كە سەرنج ڕادەكێشێ بۆ فێربوون ، بۆ نموونە:

## ـ بوونی پۆستەری پەیوەست بە بابەتەكە.

دانانی كارت كە بیرۆكەی سەرەكی و زاراوەی تایبەت بە بابەتەكە و وشە سەرەكیەكانی زمان و، كۆمەڵەی ناوی ڕەگەزەكان لە كیمیا و وێنەی پەیوەندیداری گیاندار و ڕووەكی لە بایۆلۆجی تێدابێ.

نمایشی كاری قوتابیان : منداڵان بەراستی ڕێزیان هەیە بۆ بینینی كارەكانیان بەسەر دیوارەوە چونكە بایەخێكی زیاتریان دەداتێ. تەنیا كاری باشترین قوتابی هەڵمەواسە _ ئامانجت ئەوەبێ هەر نموونەیەك هەڵواسی كە یەك لە منداڵەكان كارێكی زۆری بۆ كردووە

نمایشی سەر دیوار زوو كاریگەری خۆی لەدەست دەدات ئەگەر نەگۆڕدرێت ! هەندێك لایەنی سەرەكی دەشێ بۆ ماوەی ساڵێك بمێننەوە ، بەڵام زۆربەیان پێویستە ناوە ناوە گۆڕانكاریان بەسەردابێت

نموونەی وانەیەكی فێربوونی چالاك

نموونەی وانەیەكی ماتماتیك: پوختەی پلان.

ئەم وانەیە بۆ ئەوە دیزاینکراوە تا بیرۆکەی هەندێ هاوکێشەی هەنووکەیی بداتە منداڵان - لە ئینگلاند بۆ ئەم کارە تەمەنیان نزیکەی ١٣ ساڵ دەبێ. پێشتر بڕێکی کەم جەبریان خوێندووە، کەچی زۆریان هێشتا بیرۆکەکە زۆر بە زەحمەت دەبینن. دەبێ تا ڕادەیەك هەساوە بن لەگەڵ بیرۆکەی ژمارە سالیبەکان. بیرۆکەکە بەگێڕانەوەی چیرۆکێك بخەروو:

# جیاوازی نێوان فێربوون و فێرکردن

فێربوون : بریتیە لە چەسپاندنی ئەو زانیاریانەی کە قوتابی وەریگرتووە دەتوانین بڵێین فێربوون بەرهەمی فێرکردنە ، فێربوون پرۆسەیەکی بەردەوامە تێدا مرۆڤـ لێهاتوویی و کارامەیی زیاد دەکات .

فێرکردن : بریتیە لە پرۆسەی گواستنەوەی زانیاری و معریفە لە کەسی شارەزا و پڕ زانست بۆ کەسانێك کە دەیانەوێت فێربن .

کەواتە جیاوازی نێوان ئەو دوو جەمکەیە چیە ؟

**فێربوون**

- فێربوون پرۆسەیەکی بەردەوامە ، مرۆڤــ لە ژیان ماوە پێویستی پێیە
- فێربوون دەشێت بە بێ کەسانی شارەزا روودات . ئەوەش بە بیرکردنەوەو تێڕوانینی خودی خۆی .
-. فێربوون تیۆری تایبەتی خۆی هەیەو بایەخ بە تێگەیشتن دەدات فێربوون ئامانجە و تایبەتە بە فێرخواز .
- فێربوون پرۆسەیەکە پەیوەندی بە توانای تاکەکەسەوە هەیە .
- فێربوون ئامانجەکەی گشتگیرە جەخت لە تێگەیشت و شیکردنەو دەکات
- لەسەر وروژاندنی مێشك و جۆراو جۆری پرسیارەکان بنیات نراوە.
- قوتابی بەشدارە لە بەرهەمهێنانی زانیاریەکان .

**فێرکردن**

-. فێرکردن هۆکارە بۆ فێربوون
- فێرکردن پرۆسەیەکی ڕێکخراوە قوتابی وەرگرێکی نەرێنی زانیاریەکانە
- فێرکردن پرۆسەی گۆڕینی رفتارو زانیاری قوتابیە .

ـ فێرکردن مەرج نیە فێربوونی لێبکەوێتەوە

ـ تایبەتە بە ماموٚستا. بایەخ دەدات بە زاراوە.

ـ هەندێك جار شکست دەهێنێت لە کرداری فێربوونی فێرخواز.

ـ لەسەر گوتنەوە و تەلٚقین و لەبەرکردن و بیرهێنانەوە بنیات نراوە..

# گرنگی هەرەمی بلۆم لە فێرکردن

## هەرەمی بلۆم Bloom's Taxonomy

بۆ پۆلێنکردنی ئاستەکانی ئامانجە فێرکاریەکانی ماموٚستایان ئەو پۆلێنکردنەیە کە ماموٚستایان بۆ بۆ قوتابیەکانیان دایدەنێن، سالی ١٩٥٦ یەکەم کەس ئەو پۆلێنکردنەی دانا زانای سایکۆلۆجی پەروەردەیی زانکۆی شیکاگۆ بوو بەناوی بنیامین بلۆم ، بەو پۆلێنکردنەی ئامانجەکانی دابەشکرد بۆ سێ چارچێوە :

درکپێکردن Cognitive

ڕەفتاری Affective

جولەی دەرونی Psychomoto

ئەو پۆلێنکردنە پەیکەربەندیە یان هەرەمیە، بەواتای ئەوەیە ،فێربوونی زانیاریەك

لە ئاستێکی بەرز بەندە لەسەر بەدەستهێنانی زانیاریەك یان کارامەییەك لە ئاستێکی نزمتردا. ئامانجی بلۆم لەو بیرۆکەیەیدا هاندانی ماموٚستایان بوو بۆ فۆکەس خستنە سەر هەرسێ چارچێوەکەدا بە مەبەستی دروستکردنی سیستەمێکی فێرکاری گشتگیر .

أندرسون وکراپويل (٢٠٠١)

چارچێوەی درکپێکردن پەیوەستە بە زانین و تێگەیشتن و هزرکردن بە قوولی لە بابەتێك . سیستەمی فێرکردنی ئاسایی شەش ئاستی کارامەییەکانی فێرکردن پەیڕەودەکات لە پرۆسەی فێرکردندا کە لە ئاستە نزمەکان دەست پێدەکات بۆ بەرزەکان. من دلنیام زۆربەی مامۆستا بەڕێزەکان ئەو کارانە ئەنجامدەدەن بەبێ ئەوەی درك پێبکەن

١ - زانین ((Knowledge

دەرخستنی توانایی بیرهێنانەوەو گێڕانەوەی ئەوەی پێشتر فێری بووی .

٢ - تێگەیشتن(:(Comprehension

دەرخستنی تێگەیشتن بۆ ڕاستیەکان و بیرکردنەوەکان وتوانستی ڕێکخستن و بەراوردکردن و وەرگێڕان و شیکردنەوە

٣ - جێبەجێکردن ؛ ((Application

بەکارهێنانی زانیاری نوێ وپێزانینی نوێ چارەسەرکردنی کێشەکانی نوێ.

٤ -شیکردنەوە ((Analysis

شیکردنەوەی زانیاریەکان و لێك جیاکردنەوەی بۆ بەشەکانی و دەستنیشانکردنی هۆکارو پالنەرەکان و تێکەلکردنی دەرەنجامەکان بە ڕاستیەکان بۆ پالپشتیکردنی گشتگیریەکان

٥ - پێکهێنان ((Synthesis

کۆکردنەوەی زانیاریەکان بە بە لێکدانی ڕەگەزەکانی بە ڕێگاو زنجیرەی جیاواز و دانانی چارەسەری ئەلتەرناتیف.

٦ - هەلسەنگاندن ((Evaluation

دانانی چەند بیرۆکەیەك و بەرگریکردن لێیان ، بە پشتبەستن بە بەلگەی ناوخۆیی و پێوەری دەرەکی .

هەرەمی بلۆمی نوێ بەم شێوەیەیە

١ - بیرهێنانەوە Remember

٢ - تێگەیشتن Understand

٣ - جێبەجێکردن Apply

٤ - شیکردنەوە Analyze

٥ - هەلسەنگاندن Evaluate

٦ - داهێنان Create

٧- ئەفراندن (ابتكار)

## زنجیرە هەنگاوەکانی یەك لەدوای یەك پێکەوە گرێدراینە کۆمەلێك ئامانجەکانی فێربوون و فێرکردن ساغ دەکاتەوە

ـ زۆر ڕێگای وانە گوتنەوە هەیە ئەو ڕێگاباش و پەسەندە بەکاربهێنە بابەتە زانستیەکە بگەینتە قوتابییان.

ـ وانەگۆتنەوەی سەرکەوتوو زۆرلە کێشەو کەموکوڕیەکانی پرۆگرام چارەسەر دەکات.

ـ دەبێ ڕێگاکانی وانەگوتنەوە ئامانجەکانی بپێکێنێت .

ـ نابێ ماموٚستا بەبەردەوامی لەسەریەك ڕێگای وانەگوتنەوە بڕوات.

ـ نابێ ماموٚستا لاگیری ڕێگایەکی وانەگوتنەوە بکات و بە چاکی بزانێ بەباشترین ڕێگا هەژماربکات گوایە ئامانجەکان دەپێکێنێ.

ـ دەبێ ماموٚستا بزانێت ڕێگای گوتنەوەی وانە بۆبچووکان جیاوازە لەگەل گەوران.

## چەمکی کۆن لە ڕێگای وانەگوتنەوە دا.

ـ قوتابی هەموو زانیاری و بابەتەکانی ناوەرۆکی کتێبی خوێندن لەبەردەکات

ـ مامۆستا لە وانە وتنەوەدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت.

ـ قوتابی چاك گوێ دەگرێت و سەیری مامۆستا دەکات.

ـ مامۆستا ڕاستەوخۆ کۆنترۆلی پۆلی بکات لە کاتی وانە ووتنەوە .

## چەمکی نوێ لە ڕێگای وانەوتنەوە دا.

ـ مامۆستا ڕۆڵی سەرپەرشتی و ئاراستەکردنە.

ـ قوتابی ڕۆڵی سەرەکی دەبێت لە چالاکیەکاندا و خۆی فێرببێت لەژێر سەرپەرشتی مامۆستادا.

ـ ئامانجی فێربوون لەبەرکردنی زانست و زانیاریەکانە بەڵکو ئامانج لەوەیە کەسایەتیەك لە ڕووی ژیری و جەستەیی و ویژدانی و سۆزەوە دروست بکەین.

# تەوەری چارەم

# وانەی سەرکەوتوو

## شێوازو بنەماکانی وانەی سەرکەوتوو

ـ دلگیر و جۆرا و جۆر بیت ئامانجەکانی فێرکردنی تێدا بەرچاوبێت.

ـ فێربوونی بەرێ لەگەل وانەی نوێ گرێبدات.

ـ ئامانجەکانی پرۆسەی فێربوون بپشکێنێ.

ـ بابەتەکە هاوتەریب بێت لەگەل کاتی دیاریکراوی وانە.

ـ هەنگاوەکانی پلانی بەشێوەیەکی گونجاو و یەك لەدوای یەك ڕێزبکات.

ـ بابەتەکانی ڕاست و ڕوون و درووست بێت.

ـ لە گوتنەوەی وانە متمانەی بە خودی خۆی و کاری خۆی هەبێت.

ـ وانەگۆتنەوەکانی جۆرا و جۆر نابێت لەسەر یەك ڕێگا بڕوات .

ـ ڕێگەی دانوستاندن بەکاربهێنێت بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان.

ـ جیاوازی تاکە کەسی لەناو پۆل ڕەچاو بکات.

ـ چالاکی ناو پۆل ئەنجام بدات.

ـ دەبێ گرێدرایی بێت لەگەل ئامانجەکانی وانە.

ـ دەبێ بابەتەکەی گونجاو بێت لەگەل ئاستی قوتابییان.

ـ دەبێ ئامانجەکانی پرۆسەی فێرکردن دەستەبەر بکات.

ـ دەبێ جۆرا و جۆر و نوێ خواز بێت و هانی قوتابییانی بدات.

ـ کتێب بەکاربێت بۆ گەشەساندنی توانای قوتابیان.

ـ وەبکات قوتابیان متمانەیان بە خۆیان هەبێت و بەشداری دانوستاندن و شیکاری پرسیارەکان بکات.

ـ پەرتووکی راهێنان بۆ ئەرکی ماڵ بەکاربێت.

ـ کتێب ببێتە سەرچاوەی بڕواپێکراو بۆ گەیاندن بە ئامانجەکانی وانە.

ـ ناوەڕۆکی پەرتووك بەکاربێت بۆ شیکارکردنی پرسیارەکان بەردەوام بوون لە شیکاری پرسیارەکانی گرنگ.

ـ دەبێت خوێندنەوەی پەرتووك توانای قوتابیان بەهێزبکات بۆ پێکاندنی ئامانجەکانی وانە.

## رێگاکانی گۆتنەوەی وانەی سەرکەوتوو بەگشتی :

ـ دیراسەکردن و بەرەو پێش بردنی ئاستی زیرەکی قوتابی لە ڕووی ئەقڵەوە و گەڕان بەدوای ڕێگەی سەرکەوتوو ئەبێتە هۆی سەرکەوتن و پلەی وریایی و عەقڵی لایان،لەبەرئەوەی دوو عەقڵ وەك یەك نیە.

ـ لەبەجێگەیاندنی کارێك پێویستە ماموٚستا توانای باشبێت و لێهاتوو بێ لە پیشەکەیدا و ئامادەیی تێدا بێت و بەو پەڕی لە خۆ بوردانە و دڵسۆزانە بەوردی کارەکانی ئەنجام بدات

ـ وەڵامدانەوەی سەرجەم ئەو پرسیارانەی لێی دەکرێ ئەگەر ڕاستەوخۆ وەڵامی لا نەبێت ،

ـ لەش ساغ و سەلامەتی و چالاك و گورج و گۆڵی کاریگەری زۆرە بۆ سەر کارەکەی چونکە ئەگەر تەمبەڵ بێ ئەبێتە هۆی پشت گوێ خستنی کارەکەیی و وەبەجێ نەگەیاندنی بەباشی،وە

ـ جیاوازی نەکردنی دیار لە نێوان خوێندکاری زیرەك و تەمەڵ بۆ ئەوەی متمانەی تەواوی قوتابی وەرگرێ و هەوڵ بدات کە خوێندکارە لاوازەکە بگەیەنێتە ئاستێکی مامناوەندیش بێت،

ـ ماموٚستا پێویستە پۆشتە و پاك بێت چونكە نمونەیە لە ناو خوێندكاران وە زیرەك بێت تاوەكو بگاتە ئاستی تایبەتی لە خوێندن و لە ئاستی زانستی ئەم ئاستانەش بەبێ زیرەكی بەدەست نایە،

ـ توانایی هەبێ كێشەی قوتابی چارەسەر بكات بە پێ ی پێویست وە ئاستی لێزانینی لاواز نەبێت ، چونكە لاوازی ئەو كاری سلبی دەبێت بۆ قوتابی كە وەكو پێویست زانیاری ناتوانێ وەرگرێ و بە دەستی بكەوێ

ـ گرینگی دان بە باری دەرونی قوتابی و ئارەزوویان ئامادەییان لە بەر ئەوەی ماموٚستا ڕێنیشاندەر و ئاراستە كەرە،وەزۆر خوێندنەوە كارێكی گرانە بە پێ ی بوار وادەكات كەوانە بلێت لە سەردەمی نوێ .

ـ ماموٚستا لەڕووی سۆزداری نابێت هێندە توند و تیژ بێ بەجۆرێك خوێندكاران لێی دوربكەونەوە و بێزار بن لێ ی وە ئەبێ پشو درێژ بێ لە مامەڵە كردنی لەگەڵ خوێندكاران خۆڕاگر بێت

ـ پەلەپەل نەكات لە هەر كارێكیدا چونكە دەبێتە هۆی شكست هێنان لە كارەكانیدا بە خاسیەتی تورەبوون وا لە ماموٚستا ئەكات خۆی لە دەست بدات ئەبنە هۆی دروست بوونی فەراغێكی گەورە لە وانە وتنەوەدا

ـ ڕەفتار كردن بە ئاسایی و هەڵسو كەوت وەك هاورێیەك لەگەڵ خوێندكاران خۆ بەزۆر نەزانین و نزیك بونەوەی لە سروشتی ماموٚساتای سەركەوت و ئەبێتە هۆی سەركەوتن لە كارەكەیدا و جێگەی قسەو باس لە لایەن خوێندكاران و كەسانی تر

ـ پێویستە ماموستا لەگەڵ هاوپیشەیدا هاوكار بێت لەبەرئەوەی ئەگەر هاوكاری یەكتر نەكەن ئامانجە پەروەردەیەكان نایەنە دی،

ـ توانای ئەوەی هەبێ کە پرۆسەی فێرکردن بەشێوەی نوێ ئاڕاستە بکا چونکە فێرکردنی باش هێندە ئاسان نی یە پێویستی بە کارامەیی و شارەزایی زۆر هەیە بۆ دروست کردنی کەسێکی شیاو بۆ فێر کردن،

ـ خەسڵەتی کەسیەتی مامۆستا هەمیشە لەلایەن قوتابیانەوە چاودێری ئەکرێت و بەردەوام لێی ورد ئەبنەوە،بۆیە پێویستە بەمتمانە بێت و ویژدانی زیندوی هەبێت

ـ دوور بکەوێتەوە لە ڕەخنە گرتن کە لە جێگای خۆی نەبێ لەگەڵ گاڵتە پێ کردنی خوێندکارە لاواز و بێ تواناکان لە پێناوی نەختێك پێکەنیندا،لە بەرامبەردا وا لە خوێندکاران بکات گرنگی بدەن بە وانەکە و چالاك بن ئەمەش بە جۆش و خرۆشی مامۆستا دێتەدی.

ـ کەشەو بیکەیاندنی کیانی خۆراکری خودی لەقوتابیاندا بەهەند بزانی ریزکرتنی هەست و تواناو ئازادیی قوتابیان و کەسانی تری لەلابی هەبێت دەبی لەکەسایەتی و ڕەفتارەکانیدا بیشرەو بیت ، کەسایەتییەکی سەرنجراکیش و ڕووخۆش بیت

## مامۆستا دەشێت ڕێگایەکی گونجاو بگرێتە بەر بۆ پێکاندنی ئامانجە پەروەردەییەکان ،

### ئەگەر ڕەچاوی ئەو خالانەی خوارەوە بکات: ـ

ـ لە هەموو ڕوویەکەوە خۆی بۆ وانە گوتنەوە ئامادە بکات.

ـ لە ناوەرۆکی بابەت دەرنەچێت و دووبارەکردنەوەی تێدا نەبێت.

ـ وانەی خۆی بەسەر هەنگاوەکانی وانەگوتنەوە دابەش بکات.

ـ خالە سەرەکییەکانی بابەت لەسەر تەختە تۆمار بکات.

ـ هۆی فێرکردنی پێویست بەکار بهێنێت.

ـ وانەگوتنەوەی بە دەنگێکی نزم و خێرا نەبێت.

ـ هەنگاوبەهەنگاو جەخت بکات ئایا قوتابییانی تێگەیشتوون ئەنجا بچێتە هەنگاوێکی تر.

## خالەکانی سەرەکی گۆتنەوە وانەی سەرکەوتوو:-

١ – بۆنە و یادەکانی نەتەوەیی و نیشتمانی بکرێتە ناو پرسیارەکانی بابەت لە کاتی وانە گۆتنەوەی .

٢ – مامۆستا پلانی سالانە و رۆژانەی هەبێت.

٣ – سیستەمی گروپ لە وانەی بیرکاری پەیرەو بکرێت.

٤– مامۆستا لە ناو پۆل نەقلی نەبێت و نوێ خواز بێت و خۆی بە زانیاری هاوچەرخ و دروست دەولەمەند بکات.

٥ – مامۆستا خۆی خۆشەویست بکات لە گەل قوتابییانی ویست و خواستییان جێ بە جێ بکات بۆ ئەوەی هەموو قوتابییەك بابەتی بیرکاری خۆش بوێت.

٦ – بیرکردنەوەی هزری ئەنجام بدرێت و لە پێنج خولەکی دەسپێکی بابەت جاران و دابەش بە قوتابییان بگۆترێ.

٧ – قوتابی زیرەك و کارامە پێش بخرێت و قوتابی لاواز و تەمبەل هانبدرێت.

٨ – ئەرکی مال بە قوتابییان بدرێت و مامۆستا دویڤ چوونی ئەرکەکانی رۆژانەی هەبێت.

٩ – نموونەی بەرجستە و هەستیار بەکاربێنێت لەگەل ژینگەی قوتابی بگونجێت.

١٠ – بایەخ بەخوێندنەوەو زانینی بابەت بدرێت .

١١– لە کاتی دانانی پرسیاری ئەزموونەکان پێگیری بە رێنماییەکانی پرسیاردانان بکرێت (باسکرایە).

١٢ – ماموٚستا کێشە دروست بکات و بە دان و ستاندن قوتابییان ئەنجامەکە بدۆزنەوە.

١٣ – پرسیاری کراوە ئاراستەی قوتابییان بکرێت.

١٤ – نیشانەی زیرەکی بە کار بێت.

١٥ – قوتابی تەوەر بێت ماموٚستا هاریکارورێخۆشکەر بێت.

١٦ – هۆیەکانی فێرکردن لە کات و ساتی گونجاو بەکار بێت.

١٧– ماموستای رابەر لە دەسپێکی سالی خوێندن لە گشت پۆلەکان دەست نیشان بکرێت و نەهێتە گۆڕین بەتایبەتی لە بازنەی یەکەمی خوێندن.

١٨– لە وەرزی یەکەم هەلواسراوەی دیواری دروست بکرێت و بابەتی قوتابییان تێیدا بەرچاو بێت.

١٩ – ماموٚستایان سەردانی یەکتری بکەن لە ناو پۆل بۆ ئالۆگۆرکردنی زانیاری و رێنماییەکان لە نێوان خۆیاندا.

٢٠ – جیاوازی تاکەکەسی راچاوبکات لە ناو قوتابییانی پۆل و ئاستی زانستیان دەست نیشان بکرێت.

٢١ – قوتابییان دەبێ رێسا و یاسا و دەستەواژە و هێما و راستییە بنچینییەکانی لەبەر بکەن و لێکیان جودا بکەنەوە.

٢٢ – ماموٚستا دەبێت قوتابییانی فێری ( دیقەت ، خێرایی ، رێکخستن ) بکات چونکە ئەمانە دروشمی تێگەیشتنی بابەتە .

## بنەماكانی مامۆستای سەركەوتوو :

١- خۆت بە قوتابیان بناسێنە كە تۆ ئاسانكاری بۆ فێركردنیان دەدەیت.

٢ – پێش ئەوەی قوتابییان فێر بكەیت ، خۆت فێربكە.

٣ – پەیوەندی خۆشەویستی لە نێوان خۆت و قوتابییان دروست بكە.

٤ – كاودانێك لە ناو پۆل برەخسێنە قوتابی هەست بە دڵنیایی بكات.

٥ – گشت قوتابییان لە وانەكەت پشكدار بن.

٦ – مامۆستا دەبێت گوێ لە پرس و راوبۆچوونی قوتابییان رابگرێت.

٧ – وا لە قوتابییانت بكە لە یەكترفێرببن لێك تێبگەن و رەخنە بگرن

٨ – قوتابی لاواز هان بدات و پرسیارو ئەرك پێیان بدرێت و لەگەل ئاستی زانستییان بگونجێ.

٩ – قوتابی زیرەك پێش بخات و پرسیاری زێدەتریان لێ بكات.

١٠ – پلانی سالانە و رۆژانەی هەبێ.

١١ – نموونەكان بەرجەستە بن لەگەل ژینگەی قوتابییان بگونجێ.

١٢ – لەكۆتایی بابەتەكان قوتابییان هەلبسەنگێنێ بە ئەزموونی رۆژانە.

١٣ – پرۆگرام و پرسیاری دەرەكی لە قوتابییانی بكات و پەیوەندی لەگەل قوتابییانی هەبێ.

١٤ – مامۆستا وابكات قوتابییانی نەوەی دووا رۆژن ، بە ئومێد بژین و سوودی خوێندن و خوێندەواری بڕوانامە بۆیان روونبكاتەوە.

١٥ – بایەخ بە جیاوازی تاكە كەسی بدرێت . سزای و پاداشت هەبێت .

١٦- بایەخ بە چالاكییەكانی ناو پۆل و دەرەوەی پۆل بدرێت.

١٧ – وا لە قوتابییانی بكات متمانەیان بە خۆیان هەبێت و هەست بە لێپرسراوەتی بكەن و دان بە خۆ بنێن و بەرگەی كێشەكان بگرن.

١٨ – بایەخ بە بەها پەروەردەییەکان بدرێن.

١٩ – کەلتوور و رۆشەنبیری نەتەوایەتیمان لەناو دڵی قوتابییان موکوم بکرێت

٢٠ – مامۆستا دەبێت لە ژیانی رۆژانەی دیمۆکراسی بێت و بڕوای بە دیموکراتییەت هەبێت.

٢١ - لە کار و کردەوەکانی رۆژانەی راست و دادپەروەربێت.

٢٢ – زانیاری هەبێ لەسەر دەروونناسی و سایکۆلۆژی مندال.

٢٣ – قوتابییان خەلات بکات.

# راچاوکردنی ستراتیژییەتی ناو پۆل

١ – رەچاو گرتنی هوشیاری قوتابییان لەناوپۆل.

٢ – کەش و هەوایەکی هێمن و ئازاد لە ناو پۆل برەخسێنێ و دابین بکرێت

٣ – پێشکەش کردنی چالاکی ناو پۆل.

٤ – قوتابییان هان بدرێن بیر و بۆچوونی خۆیان دەربڕن.

٥ – بایەخ بە خواست و ویستی قوتابییان بدرێت.

٦ – ئەو قوتابییانەی درەنگ فێردەبن داواکارییان جێ بەجێ بکرێت.

٧ – داواکاری قوتابییانی زیرەك وکارامە بێتە جێ.

٨ – پەرەپێدانی پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابییان لەسەر بناغەی خۆشەویستی.

٩ – کەرەستە و کەل وپەلی پێویست لە ناو پۆل دابین بکرێت.

١٠– دابەش کردنی لێپرسراوەتی لە نێوان قوتابییانی پۆل.

١١ – بەکارهێنانی هۆیەکانی پێویست لەکات و ساتی خۆیدا.

١٢ – هەلسەنگاندنی بەردەوام لە کاری فێرکردن.

١٣ – لە دەسپێکی خوێندنی سالی تازە قوتابییان چالاکی ئەنجام بدەن

١٤ – هەنگاوەکانی وانەی خۆی بەسەر کاتی وانە دابەش بکات.

١٥ – دانیشتنی قوتابییان بە شێوەیەکی گونجاو بێت.

١٦ – ئامێری گەرم کەرەوە لە شوێنی دیاری کراو دابنرێت.

١٧ – ژووری پۆل هەواگۆرکێ تێدا هەبێت و دوور بێت لە جەنجالی.

## شێوازەکانی گوتنەوەی وانەی سەرکەوتوو

شێوازی وانەگوتنەوەی مامۆستایەك ، جیاوازە لەگەل شێوازی وانە گوتنەوەی مامۆستایەکی تر ، واتا شێوازی وانە گوتنەوە گرێدراوە بە خەسلەتەکانی خودی مامۆستای بابەت . چەند شێوازێك هەیە ئەمانەن-:

شێوازی گوتنەوەی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ.

مامۆستا هەیە لەسەر شێوازی فێربوونی بەرێ وانەکەی دەلێتەوە.

لەسەر بیرو بۆچوونی قوتابیان بەرێوە دەچێت وەکو دووبارەکردنەوە، راست کردنەوە، پەیوەندیەکان...

جۆراوجۆرکردنی پرسیارەکان.

لەسەر رۆشنایی خستنە روو پێشکەش کردن.

شێوازی گفتوگۆ و دانوستاندن لە نێوان قوتابیان.

شێوازی زانیاری و چوست و چالاکی مامۆستا لە ناو پۆل.

بەراستی جێ بەجێ کردنی ئامانجەکانی پەروەردەیی بۆ فێرکردنی هەر بابەتێك، بە پلەی یەکەم دەگەرێتەوە بۆ مامۆستا، بۆیە دەبێت مامۆستایان ئەرك و لێپرساویەتی خۆیان بەدروستی بزانن و رۆژانە پەرەی پێبدەن، رۆلی خۆیان بگێرن و کاریگەربن لە:

ڕۆڵی پەروەردەیی خۆی لە ناو قوتابیان ببینێت.

ڕۆلی کۆمەلایەتی بگێرین و پسپۆربین  لە ڕەهەندەکانی کۆمەلایەتی و ئابووری و سیاسی ، ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر فێربوون و فێرکردن.

ئاستی زانستی ماموٚستا بەپێی پێویست بێت:

ماموٚستا دەبێ زانیاری تەواوی لەسەر بابەتی وانەکەی هەبێت وە باشترین ڕێگا بەکاربهێنێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان

ئاستی ڕۆشنبیری ماموٚستا بەرز بێت:

سەرەرای خۆ ئامادەکردنی بۆ لایەنی پەروەردەیی دەبێت ماموٚستا زانیاری و ڕۆشنبیری گشتی لە هەموو ڕوویێکەوە هەبێت.

ئامادەکردنی پلانی ڕۆژانە

# تەوەری پێنجەم

## پـــلان و جۆرەکانی

جێبەجێکردنی کرداریانەی سوڕەکە شیکارکردن قوتابخانە ئەدا و کاری هەنووکەیی خۆی لە بواری فێرکردن و فێربووندا شیکاردەکات قوتابخانە ئەنجامەکانی خۆی لەگەڵ ئەنجامەکانی لە ساڵانی رابردوودا بەراورد دەکات و هەروەها لە سەرپەرشتیار دەپرسێت لەبارەی ئەوەی کە ئایا بەبەراورد لەگەڵ قوتابخانە هاوشێوەکان باش بووە.

پلان قوتابخانە ئامانجەکانی خۆی بە پلانی ستراتیژی پەرەپێدانی خۆی دادەڕێژێت.

قوتابخانە بە پلانی پەرەپێدانی ستراتیژی خۆیدا دەچێتەوە بۆ دیاریکردنی ئەوکارانەی کە دەبێت بکرێن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکان.

ئەنجامدان

قوتابخانە کارەکان ئەنجامدەدات لەگەڵ دڵنیاکردنەوەی ئەوەی کە کارمەندان و قوتابیان بەشدارن لەکاتی ئەنجامدانی پرۆسەی چاودێریکردنی کارەکادا.

پێداچوونەوە

قوتابخانە دەرئەنجامەکان هەڵدەسەنگێنێت و پاشان سوڕەکە دووبارە دەستپێدەکاتەوە.

# پلانی وانە

بریتی یە لە کۆمەڵێك هەنگاوی یەك لە دوای یەك کە لە کاتێکی دیاریکراو جێ بەجێ دەکرێت بەسوود وەرگرتن لە هۆکارەکان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان. پلان بریتی یە لە : ( هەنگاوەکان ، کات . هۆکارەکان ، ئامانج )

پلاندانان : شێواز و تەوەرێکە بۆ بەستنەوەی تواناکانی شتێنی و سەرچاوە مرۆییەکان و سوود لێوەرگرتنیان بۆ پێکاندنی ئامانجەکان لە ماوەیەکی دیاریکراودا . پلاندانان:پرۆسەیەکی هزرییە بە شێوەی نووسین مامۆستا بەماوەیەك پێش گوتنەوەی وانەکەی دایدەنێت ، لە چەند هەنگاوێکی جودا جودا بۆ پێکاندنی ئامانجەکانی دیاریکراو.

## گرنگی پلانی وانە

-پرۆسەی فێربوون بەپێی هەنگاوەکانی ڕێکخستی پێکەوە گرێدەدات بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی دیاریکراو.

-مامۆستا دووردەکاتەوە لە زۆر شتی شلەژاو.

-پەرە بە شارەزاییەکانی زانستی و کارامەیی مامۆستا دەدات.

-هاوکار دەبێت بۆ دەستنیشانکردنی ڕێکاری گونجاو بۆ جێ بەجێکردنی فێربوون و هەڵسەنگاندنی.

-بە شێوەیەکی ڕێك و گونجاو سوود لە کاتی دیاریکراو کاتی وانە دەگرێت

-دەست نیشانی لایەنی بەهێز و لاوازی پرۆسەی فێربوون دەکات.

-هەنگاوەکانی پلان دیدی مامۆستا کارادەکات.

-پێشنیار پێشکێش دەکات بۆ چاکسازی پرۆسەی خوێندن.

-هاوکاری مامۆستا دەدات بۆ دەستنیشانکردن و ئامادەکردنی هۆیەکانی فێرکردنی گونجاو و بەرجەستە.

## دوو جۆری هەیە

### پلانی درێژخایەن :

ئەو پلانەیە بۆ وەرزێك دێتەدانان بۆ ماوەیەکی درێژ وەکو پلانی ساڵی خوێندن.

**پلانی کورت خایەن** : ئەو پلانەیە بۆ ماوەی هەفتەیەك یان یەك ڕۆژ دەبێت.

## پلانی ساڵآنە

لە کاتی دانانی پلانی سالانە دەبێ مامۆستا پێگری بەم هەنگاوانە بکات:

پرۆگرامی خوێندن (کتێب) باش بخوێنێتەوە و دەست نیشانی بابەتەکانی بکات.

مامۆستا دەتوانێت سوود لە پێرستی کتێب وەربگرێت.

ئامانجەکانی پەروەردەی گشتی لە یەکەکان دەست نیشان بکات.

یەکەکانی کتێب بەسەر ژمارەی رۆژانی وەرزی خوێندن دابەش بکات.

رۆژانی ئەزموونی مانگانە ، تاقیکردنەوەی کۆتایی هەرددو وەرزی سال و پشووەکانی زستانەو بەهارە لە سالی خوێندن، جەژن ویادەوەریەکان بزانێت و راچاو بکات.

نەرم و نیانی لە دابەشکردن هەبێت بەرێژەی ٥. %

# پلانی رۆژانە:

دانانی روونکردنەوەیەکی دیاریکراو لە گوتنەوەی بابەتێکی دیاریکراو ، پلانێکی مەود ا کورتە ، پۆل و قۆناغ و وانەی بابەت تێیدا دەست نیشان کرابێت. مامۆستا هەلوێست و چالاکیەکانی بەرێ دەهێنێتەوە یادی قوتابیانی ، بۆ ئەوەی بە ئاسانی بگاتە ئامانجی بابەت .

## گرنگی ئامادەکردنی پلان :

نەخشەکێشان و خۆ ئامادەکردن ، بۆ هەموو کەسێك زێدە فەرە بەتایبەتی مامۆستا، لەوانەش مامۆستای نوێ کە تازە دامەزراون، ئەوە ناگەیەنێت کە مامۆستای کۆن پێویستی پێ نیە. مامۆستای چالاك ئەو کەسەیە کە پلانی رۆژانەی خۆی ئامادە بکات ، وانەی خۆی بە دروست و رێکی لە ناو پۆل ئەنجام بدات و سوود بە قوتابیانی دەگەیەنێت. هەر مامۆستایەك پلان بەکار نەهێنێت و ئاشنای بابەتەکەی نەبێت باشتر وایە نەچێتە ناو پۆل. چونکە نەخشەکێشان و پلانی وورد بۆ هەر وانەیەك مامۆستا دەزانیت هەنگا و بە هەنگاو چی دەکات ، لە شوێنی خۆی بەشیان و توانا دەبێت، بەئاسانی قوتابیانی دەگەنە ئامانج.

کاتی وانە بێ سوود و بەفیرۆ ناروات.

قوتابیانی توشی خاوی و بێ هێزی نابن.

مامۆستا و قوتابیان هەست بە دلنیایی دەکەن.

مامۆستا دەستهەلاتی بەسەر پۆل دەبێت.

کێشەکانی ناو پۆل دێنە چارەسەرکردن.

ئاستی قوتابیان لێك جوودا دەکاتەوە.

بەدروستی کرداری هەلسەنگاندن ئەنجام دەدرێت.

ئامانجەکانی گشتی و تایبەتی دەپێکێ.

ڕاستیەکانی بابەتی بیرکاری پۆلێن دەکات.

بنەماکانی وانە گوتنەوەی سەرکەوتوو

ئامانجی تایبەتی بابەت دەست نیشان دەکات

## پلانی وانە ئەو خالە سەرەکیانە لەخۆدەگرێت :

ـ هوشیاری نەتەوەیی ـ بیرکردنەوەی هزری ـ پێشەکییەك

ـ گرێدانی بابەتی نوێ بە بابەتەکانی پێشتر

ـ بەکار هێنانی هۆیەکانی فێرکردن

ـ فێربوونی بەرێ دووبارە بکرێتەوە

ـ پراکتیزەکردنی چالاکییەکان

ـ هەلسەنگاندن . لە کۆتایی ـ ئەرکی مال

## وانەی سەرکەوتوو پلانی سەرکەوتووی گەرەکە

وانەی سەرکەوتوو پلان و خۆ ئامادەکردنی گەرەکە، پلان و خۆ ئامادەکردن بۆ هەموو کەسێك پێویستە بگرە لە کرێکارێك تاکو دەگاتە کەسێکی پر لە لێپرسراویەتی بەرز، بێ گوومان لە هەموو کەسی زێدە تر ، کاری ڕۆژانەی مامۆستایە، بەتایبەتی مامۆستای نوێ، هەر مامۆستایەك بەبێ پلانی وانەی ڕۆژانە بچێتە ژووری وانە گووتنەوە، نازانێت هەنگاوەکانی وانەگووتنەوە بە دروستی جێ بەجێ بکات ، ئەو ماندوو بوونەی کە ئەنجامی دەدات بەبێ بەرهەم دەبێت.

بەلام هەر وانەیەك پلان و خۆئامادەکردنێکیووردی بۆ ڕێك خرا بێت هەموو هەنگاوەکانی پێکاو دەبێت و شیان و شوێنی خۆی لە ناو پۆل دیاری دەکات ، بەرەو ئامانجەکانی پەروەردەیی هەنگاو دەنێت و لە کاری

ڕۆژانەی سەرکەوتوو دەبێت و دوور لە شێوان و کات بەفیڕۆدان و هەست بە دلنیایی و خۆراگری دەکات لە ناو پۆل.

بابەتی بیرکاری ڕۆژانە پلانی بۆ ئامادە ناکەیت بەلکو بابەت بە بابەت بە جوودا هەریەکە بە تێرو تەسەلی پلانێکی بۆ دادەڕێژیت تاکو کۆتایی پێ دێت لەسەری دەڕۆیت هەروەها بابەت لە دوای بابەت . پێش گووتنەوەی بابەتی نوێ بە پلانێکی دروست خۆتی بۆ ئامادە دەکەیت.

## شێوازەکانی خۆ ئامادەکردنی ڕۆژانە

نەخشەی خۆئامادەکردنی ڕۆژانە دویڤ چوونی هەنگاوەکانی وانەی ڕۆژانەیە ــ دەبێ پێویستیەکانی قوتابیان جێ بەجێ بکات.

ــ پلانی ئامادەکراو

ــ دەبێ نەرم و نیان و شیاوی گۆڕین بێت.

ــ ئامادەکردنی دەست نیشانی جیاوازی تاکە کەسی بکات.

ــ پلانی وانە دەبێ چالاکییەکان و ڕێگاکانی هاندان و دلخۆشکەری تێدا بێت

ــ پێش خۆ ئامادەکردنی گۆتنەوەی وانە دەبێ ماموستا هاندان و دلخۆش

ــ دەبێ ماموستا کەش و هەوایەکی دلخۆشکەر بڕەخسێنێت و ئاواتێکی خۆش لەناو دلیان دروست بکات.

ــ ماموستا خۆی ئامادەبکات چالاکی و گفتوگۆ و دانوستاندنەکانی نابێت کار لە زنجیرەی هزری خۆی بکات و زانراوەکانی زانستی خۆی لەدەست بدات و زاراوەکانی بابەتی ڕوون نەکاتەوە.

ــ دەبێ ناوەرۆکی پلانی ڕۆژانە ئامۆژگاری پەروەردەیی تێدابێت لەگەل ئامانجەکانی وانە بگۆنجێت.

ـ پلانی وانەگۆتنەوەی ڕۆژانەی پەیوەندی لەگەل یەکەی وانە هەبێت و یەکەکانی ئامادەکردنی پلان پێکەوە گرێبدات

ـ دەبێ پلانی ئامادەکراوی ڕۆژانە بەسەر کاتی وانە دابەش کرابێت تاوەکو هەنگاوەکانی وانە سوودبەخش بێت.

ـ پلانی ڕۆژانە لە کوتاییدا دەبێ سەرنج و تێبینیەکانی مامۆستا و کێشە و ئاستەنگەکان لەکاتی جێ بەجێکردنی دەست نیشان بکات و پێشنیاری گونجاو بۆ چارەسەری کەموکوریەکان بدۆزێتەوە و تاوەکو لە ئاییندە تووشی نەهێت.

کار و فەرمانی ئامادەکاری ڕۆژانە کاتێکی گۆنجاو بۆ مامۆستا فەراهەم دەکات بابەتەکەی بەشێوەیەکی زانستی بچەسپێنێت. دەست نیشانی ڕێکخستنی بیرۆکەی بابەت دەکات و یەکەکانی دانەوەی وانە ڕێك دەخات.

ـ ڕێگەیەکی وانەگۆتنەوەی گۆنجاو دیاری دەکات تاوەکو کات بۆ مامۆستا و قوتابیان فەراهەم بکات.

ـ دەست نیشان کردنی جێ بەجێ کردنی چالاکییەکانی لەناو وانە بەشێوەیەکی وورد و ڕێك. شێوازی ئامانجەکانی ڕەفتاری بابەتی وانە لەخۆ بگرێت.

ـ تۆماریکی چالاکییەکانی فێرکردن ئامادە بکات بۆ وەبیرهێنانەوەی ڕوومالکردنی ئەرکی خالەکان. ئەو خۆ ئامادەکردنەی ڕۆژانەی مامۆستا بەلگەیەکی سەلمێنراوە بۆ سەرپەرشتیاری پەروەردەیی کە مامۆستا ڕۆژانە توانا و دلسوزی خۆی بەرامبەر پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن نیشان دەدات

# وێـــنـــەیـــەك لـــە فـــۆرمی پـــلانـــی وانـــە

**ئامانجی فێربوون :** ناوی بابەتەکە دەنووسی بۆ نموونە ( ناونیشانی بابەت )

## ئامانجەکانی فێربوونی قوتابیان :

مەبەست لەو خالآنەیە ڕاهێنانی قوتابیان لەسەر ئاڕاستە کردنی پرسیار بەمەبەستی تێگەیشتن.

ڕاهێنانی قوتابیان لەسەر دیاری کردن و دۆزینەوەی خاڵە گرنگەکان لە پرۆسەی فێربوون.

ڕاهێنانی قوتابیان لەسەر گوێ گرتنی لایەنە باشەکانی کەسانی تر.

ڕاهێنانی قوتابیان لەسەر هاندانی چالاکی کردنیان وەك گروپ و کۆمەڵ.

چـــالاکـــیـــەکـــان ( لـــەگـــەڵ کـــاتـــی وانە ) بگونجێت

هـــۆیـــەکـــانـــی فـــێـــرکـــردن

تـــێـــبـــیـــنـــیەکان

## ڕێگاو شێوازی وانە ووتنەوە و چالاکیەکان

**پێشەکی** : ئامادەکردنی قوتابیان بەشێوەیەکی دەروونی باش بۆ بابەتەکە.		( ٣ خولەك )

پێداچوونەوەی بابەتی ڕابردوو و

بەستنەوەی بە بابەتی نوێ .

( ٥ خولەك )

نموونە ( تەختە سپی، پێنۆسی ڕەنگی ، نەخشە ، وێنە .......... هتد

هەر تێبینیەك بۆ خۆت بینووسی بۆ لەبیر نەچوونەوە.

**پیشکەش کردنی بابەتی نوێ .**

( ١٠ خولەك )

**گفتوگۆکردن و پرسیار کردن:** بۆ دڵنیایی لە تێگەیشتنی قوتابیان لە بابەتە نوێ کە .

( ١٢ خولەك )

ڕاهێنانێك لەسەر بابەتە نوێ کە بۆ دیاری کردنی لایەنە زانستیەکەی بە مانای ( پرسیارێکی گشتی ).

**کارکردن بە تاك و بە جووت و بە کۆمەڵ** .( ٥ خولەك )

**پێداچوونەوە** : بە شێوەیەکی گشتی بابەتەکە لەگەڵ قوتابیان .

( ٥ خولەك )

## دیاری کردنی ئەرکیماڵەوە.

## خالەکانی هەڵسەنگاندن:

داوا لە قوتابیان بکە کە گروپێك هەڵیان سەنگێنن دەربارەی ڕاهێنانی بابەتە نوێ کە.

پرسیار کردنێك لەلایەن ماموستاکەوە دەربارەی بابەتەکە و پێداچوونەوەی و ئاستی دیاری کردنی زانینی قوتابیان بۆ بابەتەکە و لە زۆری وەلامەکە و جۆری وەلامەکە لەلایەن قوتابیانەوە . بەم جۆرە ماموستا دەتوانی ئاستی قوتابیەکان هەڵ بسەنگێنی و تا چ ڕادەیەك لە بابەتەکە گەیشتوون.

هەڵسەنگاندنی وانەکە شتە باشەکان ئەو شتانەی کە پێویستیان بە پێشکەوتن و گۆڕان هەیە .

# هەنگاوەکانی گشتی ئامادەکردنی پلانی وەرزی

١- شارەزایی لە ناوەڕۆکی پرۆگرامی دیاریکراوی ساڵی خوێندن پەیدا دەکات بیرۆکەیەکی گشتی لا دروست دەبێت دەربارەی بابەتەکان.

٢- دیدگەیەکی ووردی زاراوەکانی وانەکانی بیریار لەسەردراو لا دروست دەبێت بەووردی لە پلانی ڕۆژانەی خۆی تۆماردەکات.

٣- ناوەڕۆکی بابەتەکانی زانستی پێکەوە گرێدەدات.

٤- ماوەی کاتی دیاریکراو بەکردار لەبەرچاو دەکرێت بۆ تەواوکردنی پرۆگرام.

٥- مامۆستایانی نوێ ڕاوێژپێکردنی مامۆستایانی خاوەن شیان و پڕ زانیاری دەکەن.

# هۆیەکانی فێرکردن

پێناسە: هەر شتێك (کەرەستە، ئامێر، وێنە، نەخشە، ...) مامۆستا لە ناو ژووری خوێندن یان لە دەرەوە بۆ مەرامی گواستنەوەی پێزانین و زانیاریەکانی دەست نیشانکراو بە شێوەیەکی ئاسان و ماوەیەکی کورت، ماندوبوونێکی کەم بۆ گەیشتنە ئامانج.

سێ جۆری هۆیەکانی فێرکردنێ هەنە

ـ رادیۆ- شریتی تۆمارکراو/ بە دەنگ .

ـ وێنە و کەرەستەی بەرجەستە /بە چاو .

ـ داتاشۆ و تەلەفزیۆن و ڤدیۆ... / بە دەنگ و ڕەنگ .

هۆیەکانی فێرکردن سێ تەوەری سەرەکی دەگرتەوە

مامۆستا بەکار دەهێنی. گەیاندنی سوود بۆ قوتابیان.

جێ بەجێ کردنی ئامانجە پەروەردەییەکان.

باشترین هۆیەکانی فێرکردن پەیوەندی تەواوی بە ناوەرۆکی بابەت هەبێت.

گرێدرابێت بە ئامانجەکان.   لەگەل تەمەنی قوتابیان بگونجێت.

لەگەل ڕێگای فێرکردن و چالاکیەکانی بگونجێت.

زانیاریەکانی ڕاست و دروست و ئاشکرا بێت.

سووك و ئاسان بێت لەکاتی بەکارهێنانی.   زێدە ئالۆز و بەهای گران نەبێت.

بابەتی پرۆگرامی خوێندن دەولەمەند بکات.

سەرنج ڕاکێش بێت. زانیاری نویٚ تر لە مێشکی قوتابیان بچەسپێنێت.

هۆیەکانی فێرکردن باش و خاوێن بێت، دەردەشەی لەسەر نەبێت.

ماموٚستا دەبێت بەکارامەیی بەکاری بهێنیٚ.

ڕێك و جوان بێت و بەکارهێنانی مەترسیدار نەبێت.

پاراستی بێت لەلایەنی زمانەوانی.

بەکورتی هۆیەکانی فێرکردن دەبێت ئەو خەسلەتانە لە خۆ بگرێت ( پێکاو- ڕاستی- ئاسان- سووك- جوان- دروستی- تەواو- گونجاو- هەرزان- نەرم- مەترسیدار نەبێت- پەروەردەیی- خاوێن- پاراستی)

مفاییٚن هۆییٚن فێرکردنیٚ

ئەو بابەتەی دێتە خوێندن، لە ناو مێشکی قوتابیان دەچەسپێنیٚ.

ئەو شتانەی دەبینرێن یان لە تاقیگەهیٚ ئەنجام دەدرێن، لە ناو مێشکی قوتابیان بۆ ماوەیەکی زێدە تر دەمێنێتەوە.

لدەمیٚ بکارهینان هۆییٚن فێرکردنیٚ هەمی هەستیارییێت قوتابی تێدا پشکدار دەبن.

قوتابی زۆر دەستەواژەی بەدەست دەکەوێت.

چۆنیەتی بەکارهێنانی

سێ ڕێگە هەنە بۆ بکارهێنانی هۆیەکانی فێرکردن.

**یەکەم:** پێش بەکارهێنانی.

هۆی فێرکردنێ بێتە تاقیکردنەوە.

دەست نیشانکردنی جێگایەکی گونجاو بۆ لێدانانی.

ئامادەکردنی گشت کەرەستەو پێداویستیەکانی.

پلانێك دابنرێت بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانی.

دەست نیشانکردنی کاتی بەکارهێنانی.

**دووەم :** لەکاتی بەکارهێنانی

چاودێری سەرنجی قوتابیان گرێ بدرێت لەگەل بەکارهێنانی هۆیەکانی فێرکردن.

پالدەری قوتابیان جۆش بدرێت.

خالەکان روون بکرێتەوە و هێماکانی راڤە بکرێن.

روون و ئاشکرا بێت لای گشت قوتابیان.

دووای تەواو بوونی یەکسەر هۆی فێرکردن لە پێش چاوی قوتابیان هەلبگیرێت.

**سێیەم:** دوای بەکارهێنانی

دانوستاندن لەسەر خالە سەرەکیەکانی بکرێت کە پەیوەندی بە بابەتەکەوە هەیە، شلۆڤە بکرێت. هەلسەنگاندنی هۆی فێرکردن. ئایا شتی

نوێی خستە سەر بابەتی وانەکە. ئایا ڕێگا خۆشکەر بوو بۆ گەیشتن بە ئامانج.

ئایا لە کاتی گونجاو هاتە بەکارهینان.   پێویستە لە شوێنێکی دیاریکراو بێتە هەلگرتن.

ئایا سەرەنجی قوتابیانی ڕاکێشا.

پالنەر لای قوتابیان دروست بوو.

سەرچاوەکانی هۆی فێرکردن

<u>یەکەم:</u> ژینگەی دەوروبەری قوتابیان.

<u>دووەم:</u> بنکەی هۆی فێرکردنی، تایبەتە بە دروستکردنی هۆیەکانی فێرکردن.

<u>سێیەم:</u> دروستکردنی هۆیەکانی فێرکردن بە دەستی مامۆستا و قوتابی.

جۆرەکانی هۆی فێرکردن کتێبی خوێندن و کەل و پەلی نووسین.

تەختە ڕەش و گشت تەختەکانی تر. کەرەستەو نمونەی بچووک لە تشتی گەورە وەرگیرابێت. تۆ و بەرهەمی هەندێك ڕووەکی وەکو مازی، بەڕوو، فاصۆلیا، پاقلە، سێو، گوێز.چالاکی و یاریەکانی فێرکردنی. هۆیەکانی زمان وەکو ئەدەبی فۆلکلۆری نەتەوایەتیمان، چیرۆك، بەسەر هات، مەتەل، پەند ,

ئامێری کارەبایی وەکو را، سلاید، کۆمپیوتەر، ئەنتەرنێت... ,

دیۆ، سینەما قوتابیان بەخۆیان دەکرێنە هۆیەکانی فێرکردن.

جموجۆلی مامۆستا. ئامادەکردنی پلانی سالأنەو رۆژانە دەستپێکردنی ئاخافتنەکەمان لەسەر ئەو بابەتە بە ووتەیەکی گرنگەوە دەبێت بلێت .

# تەوەری شەشەم

## تاقیکردنـــەوە و شێوازی پرسیاردانـــان

لەکاتی شیکارکردنی پرسیارەکانی هەر بابەتێك ئاستەنگ و ئارێشە دێتە پێش قوتابییان، چونکە زۆربەی قوتابییان  توانای بیرکردنەوەیان دوورە لە سەر ناوەرۆکی بابەت یان باش لێرا نەهاتوونە و یان ناتوانن لە زمانی تێگەیشتنی پرسیار بگەن یان بە باشی سەرەدەری لەگەل تێگەیشتنی ڕێگاکانی شیکارولە هەنگاوەکانی سەرەکی شیکاری پرسیارەکان ناگەن.

کاری هەرە سەرەکی ماموٚستایان لە پرۆسەی فێرکردن و فیربوون ئەوەیە ڕێگاکان و ستراتیژییەکانی پەیوەندی بە شیکاری پرسیارەکان هەیە فێری قوتابییانی بکات ، ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ تواناو شارەزایی ماموٚستا لەبابەتی بیرکاری و چۆنیەتی بەرێوەبردنی پۆل و ئاراستەکردنی پرسیارەکان و پشکداری قوتابییان لەو پرۆسەیەدا و تێگەیشتنی هەنگاوەکانی شیکاری پرسیارەکان و گرێدانی جەمك و زانراوەکان و پراکتیزەکردنی ڕێساکان.

### ئەوانە فاکتەری گرنگن بۆ پەرەپێدان و گەشەسەندنی هزروبیری قوتابییان بۆ شیکارکردنی پرسیارەکان.

### هەنگاوەکانی شیکارکردنی پرسیار

١ – لەسەر خۆ پرسیار بێتە خوێندنەوە و بە دروستی لە ناوەرۆکی پرسیار تێبگەیت دەلێن:  (تێگەیشتنی پرسیار نیوەی وەلامەکەیەتی)

٢ – هاوردەکان و داواکارییەکانی پرسیار بۆ قوتابییان لێك جودابکرێتەوە

٣ – دەرفەتێکی گونجاو بەقوتابییان بدرێت بۆ وەلامدانەوە ی ئەنجام

٤– فێربکرێن زانیاری خۆیان گرێ بدەن لەگەل شیکاری پرسیار.

٥– پێداچوونەوەی هەنگاوەکانی شیکاری پرسیار بکات بۆ دلنیابوون.

٦ – لە ئاسان دەست پێ بکات بەرەو گران و بەرەو گرانتر.

٧ – هەنگاوەکانی شیکار یەك لەدوای یەك دەست پێبکات تاکو بگاتە ئەنجامی کۆتایی.

## کۆسپ و تەگەرەکانی

## دکەونە رێکای قوتابییان لدەمێ شیکارکرنا پرسیارەکان

١ – نەبوونی شیانی خوێندنەوەی رەوان لای رێژەیەکی زۆر  لە قوتابیان .

٢– زۆربەی قوتابییان لاوازن لە وەرگرتنی زاراوەکان و تێگەیشتنی رامانی وشەکانی زمان .

٣ – داکەتنیان لە دوەرگرتنا پرسیارێدا و نەشیانا وی بۆ لێك جوداکرنا راستیێن چەندایەتی ئەوێن کودپرسیارێن دا هاتبین شرۆڤە کرنا وان.

٤ – دواکەتنی قوتابیان بۆ لێکهەلاوردنی پەیوەندییەکانی نێوان پێدراوەکان و زاراوەکان.

٥ – لاوازییا شیانێن قوتابییان بۆ هزرا بەلگەیی ( استدلالی ).

٦– نەبوونا شیانێن شارەزاییێن بیرکاری و کردارا تێنەگەهشتنا هندەك دەستەواژەو زاراوەکان لە بیرکاریدا.

### پێنگاڤێن قوتابی تێدا دەرباز دبیت دەمێ پرسیارا شیکار دکەت

١ – خوندنەوە بتنێ بەس نینە ، تێگەیشتنی مەبەستی پرسیار  مەرجە لەگەل ناسینی هێما و زاراڤا.

٢– مامۆستای پشت راست بیت کوهەمی قوتابییان تیگەهشتینە.

٣ – مەشق کردنی قوتابییان بۆدەستنیشان کردنی پێدراوەکان و مەرجێن پرسیاری.

٤ – دەلیقەکا باش بدەنە قوتابییان بۆ هزرکردنێ و نڤیسینا شیکار و دیارکردنا ئەگەرەکان.

٥ – راهێنانا قوتابییان لسەر شرۆڤە کرنا پێنگاڤا بەرێکای گرێدانا وان بۆ بابەتی زانستتەکانی بەری ، گرێدانەکا موکوم ب پرسیارێ.

٦ – ماموستا نابێت پرسیارێ شیکار بکەت ، دەبێ قوتابی تەوەر بیت ماموەستا هاریکار و رێخۆشکەر بیت.

٧ – قوتابی بشێن رستەکانی پرسیاری بکەنە پرسیارو ژمارەو رستێن بیرکاری

٨ – بەرسڤ وولامی پرسیارەکان بێتە ساغکردنەوە بۆ متمانەوپشت راست بوون لەدروستی ئەنجام.

## پۆلین کردنی پرسیارەکان به (٦) شەش ئاست :

### هەرئاستێکیان جۆرێك له بیرکردنەوەی دەوێت.

١-پرسیاری بیرهێنانەوە: ئەم شێوازە باوترین شێوازە له نێوان ماموستایاندا.

٢-پرسیاری تێگەیشتن : لەم جۆرە پرسیارەدا قوتابی خۆی وەلاٌم دادەڕێژێت به تێگەیشتنی خۆی بۆ نموونە(جیاوازی بکە لەنێوان.....)

٣-پرسیاری جێ به جێکردن: ئەم جۆرە پرسیارە وەلاٌمەکەی لای قوتابی جێبەجێکردنە بەشێوەی پراکتیکی

٤-پرسیاری شیکردنەوە:ئەمەش وا له قوتابی دەکات به قوڵی بیربکاتەوە بۆ شیکردنەوەی وەلاٌمەکان و گەڕان به دوای هۆکارەکان.

٥-پرسیاری هەڵسەنگاندن:ئەمەش جۆرێکە لە پرسیار بۆ ئاستە باڵاکان کە داوا دەکات قوتابی هەڵسەنگاندن بکات یان ڕای خۆی بدات وەك(ڕات چیە لەسەر...؟)

٦-پرسیاری دروستکردن: کە ئەمە شێوازێکی هەرە بەرزی پرسیارکردنە کە وەڵامدانەوەی لە ئاستێکەوە بۆ ئاستێکی تر دەگۆڕێت،نموونە:(پێشبینی چی دەکەیت.......؟).

## ئەو بنەمایانەی کە پێویستە مامۆستا

## بۆ دانانی پرسیارەکانی تاقیکردنەوە ڕەچاوی بکات

**بنەماکانی پرسیاردانانی تاقیکردنەوە**

١-دەبێت لە ئاستی قوتابیاندا بێت.

٢ .هەموو بابەتەکە بگرێتەوە

٣ .پرسیارەکان دەبێت لە گەڵ کاتدا بگونجێت

٤ .وەڵام لەناو پرسیارەکاندا نەبێت

٥ .تەکنیکی پرسیارەکان تەواو بێت لە ڕووی نوسینی بابەت و کات ..هتد

٦ .پرسیارێکی فکری تێدا بێت بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بۆ وروژاندنی مێشك..

٧ .بە زمانێکی پاراو نوسرا بێت.

٨ .دابەش کردنی نمرەکان بەشێوەیەکی گونجاو لەسەر پرسیارەکان

٩ .هەمە جۆر بێت پرسیارەکان واتە ( ئاسان ، ناوەند ، گران ).

١٠ .پرسیار دووبارە نەبێتەوە

# ئامانجەکانی تاقیکردنەوە

ـ مەودای کارکردنی هزری پەرەپێدەدات.

ـ دەست نیشانکردنی قوتابی لاواز، چۆنیەتی بەرەو پێشوەبردنیان.

ـ دەستنیشانکردنی قوتابی زیرەك و کارامەو هاندانیان.

ـ بەدیاردەکەوێت تا چ رادەیەك رێگای وانەگووتنەوەی مامۆستاکاریگەر بووە و کاری کردۆتە سەر ئاستی زانستی قوتابیان.

ـ بیروڕای قوتابیان تێدا بەرچاو دەبێت تا چ رادەیەك فێربوونە.

ـ هاوکاری قوتابیان دەدات بۆ پێکەوە گرێدانی بابەتە جۆراوجۆرەکان.

ـ مێشکی قوتابیان پەرەپێبدات کە زیاتر بیربکەنەوە.

ـ زانیارییەکان لێك جودا نابنەوە.

ـ توانای بڕوا بەخۆبونی دەبێت و لەسەر راستیەکان راوەدەستێت.

ـ قوتابی بەردەوام دەبێت لە سەر خوێندنەوەی بابەتەکان.

ـ مێشکی قوتابی لە بزوتنەوە دەبێت کە چالاکتر فیربن.

ـ کاودانێکی گونجاو بۆ هەموویان دەگونجێت چ بەشێوەی تاکە کەسی یان بە شێوەی گرووپ دانوستاندن و گفتوگۆ لەگەل یەکدی ئەنجام بدەن.

ـ قوتابی فێری پشت بەستن بەخۆی دەبێت ، توانای خودی خۆ پاراستنی دەبێت.

## بۆ سەرکەوتنی تاقیکردنەوە

## دەبێت مامۆستا ئەو خالانە راچاو بکات

ـ کاتی تاقیکردنەوە لە لایەن مامۆستا دیاری بکرێت، بە شێوەیەك بەئارەزوومەندی زۆربەی قوتابیان بێت.

ـ مامۆستا هەتا بتوانێت ئەزمونەکەی لە رۆژێکی دیاریکراو ئەنجام بدات ، نەهێتە دواخستن ، ئەم دیاردەیە زۆر باوە کاردەکاتە سەر دل و دەروونی قوتابیان و حەزوو ئارەزوویان لاواز دەکات.

ـ ئەو بابەتانەی دەست نیشان دەکرێن بۆ ئەنجام دانی تاقیکردنەوە دەبێت لەگەل شیانی قوتابیان گونجاو بێت.

ـ ئەو بابەتانەی ئەزموونی مانگانەی لێ ئەنجام دەدرێت هەتا بکرێت بەسەر یەکەوە بێت ، نەك جودا جودا بێت.

ـ پرسیارەکانی مامۆستا گشتگیرو هەمەجۆر هەمەلایەنە بێت.

ـ تاقیکردنەوەی مانگانەو کۆتایی وەرز،بە پێی رێنماییەکانی پەروەردە ئەنجام بدرێت، هەموو لایەنەکانی بابەتی دیاریکراو بگرێتەوە.

ـ مامۆستا پێویستە هەندێك پرسیاری گرنگ لە تێنووسی تێبینیەکانی خۆی تۆمار بکات، لە رونکردنەوەی رۆژانەی خۆی ، بۆ ئەوەی بە ئاسانی پرسیاری خۆی دابرێژێت.

ـ پرسیار لە پێش ئەنجامدانی تاقیکردنەوە بێتە ئامادەکردن، زۆر نا بە جێیە مامۆستا جەند پرسیارێك بەپەلە لە کتێب بهێنێتە دەرەوە.

ـ هەتا بکرێت مامۆستای بابەت بە خۆی ئامادە بێت لە تاقیکردنەوەکەی خۆی.

ـ مامۆستای چاودێر هێمنی بپارێزێت.

ـ دوای ئەنجامدانی تاقیکردنەوە پێویستە مامۆستا پرسیارەکان بۆ قوتابیانی شیکار بکات و دەست لەسەر هەلە زەقەکان دابنێت بۆ ئەوەی دووبارە نەبێتەوە لە لای قوتابیان.

ـ مامۆستا دەبێت بە یەکسانی بروانێتە قوتابیان زوو ئەنجامی تاقیکردنەوەکە بە قوتابیانی بدات.

ـ پرسیارەکان لە ٣سێ ئاست دابێت: ئاسان، مام ناوەند، گران. هەرسێ ئاستەکە لە ناو پرسیار هەبێت بۆ ئەوەی قوتابیانی لاواز بشێن پرسیارە سووکەکان و مامناوەندەکان وەلام بدەنەوە هەروەها قوتابیە زیرەکەکانیش بشێن وەلامی پرسیارە گرانەکان بدەنەوە.

ـ مامۆستا ئەنجامی تاقیکردنەوەکە وەکو هەلسەنگاندن بەکاربهێنێت تا چ رادەیەك ئامانجە پەروەردەییەکانی پێکاوە.

ـ نمرە لەسەر پرسیارەکان دەست نیشان بکات.

تێبینی : تاقیکردنەوەی مانگانە بە نمرەی دیاریکراو ئەنجام بدرێت ئەوەی تر بمێنێتەوە بۆ (چالاکی ناو پۆل ، ئەرکی مال، ئەزموونی رۆژانە ـ کیوز ـ رەوشت باشی پاکو خاوێنی، ...) بەمەرجێك مامۆستا دەبێت تێنووسی بەیرەی هەبێت و رۆژانە تێبینیەکانی تێدا تۆمار بکات  تاوەکو لە مانگانەو وەرزی  سوودی لێوەربگرێت بۆ زانینی ئاستی قوتابیان دانانی نمرە کانیان بە دادپەروەری.

## چاودێری تاقیکردنەوەکان و کارەکانی

دەبێ ماموەستای چاودێر ڕاچاوی ئەو خالانەی خوارەوە بکات :ـ

١. ناوی خۆت و ئیمزا و هاتوو نەهاتووی قوتابی لای خۆت تۆمار بکە .

٢. دڵنیابەرەوە لەوەی قوتابی ناوی خۆی نوسی بێت .

٣. زۆر لەقوتابی نزیك مەبەوە ئاخفتنیان لەگەڵ مەکە

٤. ئەگەر قوتابی هەر پرسیارێکیان هەبوو مامۆستای بابەت یان سەرۆکی لیژنەی تاقیکردنەوەکان ئاگاداربکەوە .

٥. کاتێك قوتابی وەڵامی دایەوەو تەواو بوو دەفتەرەکەی بەجوانی بپشکنە ئەگەر هەر پرسیارێکی وەڵام نەدابووەوە ئاگاداری بکەرەوە وەڵام بداتەوە پێش ئەوەی لەهۆڵ بچێتەدەرەوە .

٦. هێمنی هۆڵ بپارێزە هیچ کەسێك بۆی نیە غەڵبەغەڵب یان گفتوگوێیەك بکات کە ببێتە هۆی ئاڵۆز بوونی بیری قوتابی .

٧. بەکۆمەڵ قوتابی دەفتەرت بۆ نەهێنن لە کاتی کۆتایی ، باشتر وایە ئەگەر قوتابی وەڵام دانەوەی تەواو بوو لەجێی خۆی دەستی بەرزکاتەوە خۆت بچی دەفتەرەکەی لێ وەربگری

٨. زۆر بەوریایی ، شێوازەکانی گزی کردن زۆرە بەوریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆخەدا بکە بەبێ بەڵگە کێشەت بۆ دروست دەبێت .

٩. دانە دانە و بەش بەش دەفتەر مەنێرە بۆ مامۆستای بابەت دەفتەرەکان جیابکەرەوەو بیانژمێرە بەراوردی بکە لەگەڵ ژمارەی قوتابی ئەگەری هەیە دەفتەری کەرتێکی ترت وەرگرتبێ یان دەفتەرێکت لێ بەربووبێتەوە لەکۆتای بیدە بە لیژنەی تاقیکردنەوەکان .

# تەوەری هەفتەم

## هـــەلسەنگاندن

## هەلسەنگاندنAssessment

هەلسەنگاندن( Assessment ): هەولێکە بۆ شیکارکردنی ئەو فێربوونەی کە قوتابیەك بە درێژایی ماوەیەکی دیاریکراو بەدەستی هێناوە لە ئەنجامی حاڵەتی فێرکردن وانە پێوتنەوەی ناو پۆل . واتە: ئەو کردارەیە کە دوای جێبەجێکردنی پلان دێت، بەمەبەستی دیاریکردنی ئاستی جێبەجێکردن و ئامانجی پلانەکە.

واتە: لە دوای هەر قۆناغێکی جێبەجێکردنی پلان، هەڵسەنگاندن پێویستە هەڵسەنگاندن هەنگاوێکی گرنگە جگە لەوەی کارێکی پەروەردەییە، پێویستی بە هەولێکی زیاتر هەیە، چونکە پەیوەندی بە دروستکردن و بنیادنانی هزریی مرۆڤەوە هەیە

ئایا هەڵسەنگاندن بۆ چیە؟

بۆ بە دەست هێنانی نمرە؟

بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی زانستی؟

بۆ پەرەپێدانی ئاستی فێربوون؟

بۆ دیاریکردنی کەم و کورییەکان؟

هەڵسەنگاندنی جووتێ) چالاکیی تاکەکەسی: بڕیاربدەن لەسەر ٤ ڕاهینان و دەستپێکردنی کە قوتابیان بتوانن بەکاریان بهێنن بۆ هەڵسەنگاندنی کاری یەکتر.

ب) چالاکیی جووت: سەیری پرسیارەکانی یەکتر بکەن و سەرنج بگێڕنەوە بۆ یەکتر – واتا جووتەکان یەکتر هەڵبسەنگێنن.

چۆن هەڵسەنگاندن ئەنجام دەدەین ؟

ڕێگە بە قوتابیان بدەی ئەوەی دەربخەن کە چی دەزانن نەك ئەوەی کە چی نازانن.

ماموٚستا پێویستە قوتابیان هەڵبسەنگێنی و زۆرینەی قوتابیان دەربچن ئەگەر وا نەبێت دەبێت بەهەموو ئەو کارانەدا بچێتەوە کە کردوویەتی.

هەڵسەنگاندن زانیاری بەخشن بۆ قوتابیان بۆ ئەوەی بزانن ڕادەی فێربوونیان چەندە و دەست نیشان کردنی خاڵە بەهێز و لاوازەکانیان بەم شێوەیە کۆنترۆل دەبن.

هەڵسەنگاندنەکە سەرجەمی بێت واتە لە ڕێگای تاقیکردنەوە نمرەیان بۆ دابنرێت ، ئمرەکەش دەبێتە ئەوەی کە تا چەند فێری بابەتەکە بووە لە ماموٚستا.

هەڵسەنگاندن تا ڕادەیەك باوەڕ پێکراوی تێدا بێت ، و دڵنیا بکرێنەوە کە هەڵسەنگاندنەکە ڕەوایەتی هەیە

ماموٚستایان پێویستە زانیاری بدەنەوە بە باوکان و بەرێوەبەر و دامەزراوەکان بەگشتی لەبارەی ئەو پێشکەوتنانەی کە قوتابیان بە دەستی دێنن.

ئەنجام دانی هەڵسەنگاندن کۆمەڵە خاڵێکی سەرەکی دەگرێتە خۆ

هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوەکان بەشێوەی بونیاتنەرانە ئەنجام بدرێن و جەخت لەسەر دەستکەوتەکان بکرێ نەوەك شکستەکان.

هەڵسەنگاندنەکە تا ڕادەیەك باوەڕپێکراوی تێدا بێت.

دڵنیا بکرێتەوە کە هەڵسەنگاندنەکە ڕەوایەتی هەیە.

هەڵسەنگاندن بریتیە لە کرداریەتی ( عەمەلی بوون ).

هەڵسەنگاندن بریتیە لە لێ پێچینەوە.

پـێـوانــەکـــردن ( پـێـوەر )

بریتی یە لەبۆچوونی جیهانی لەبارەی دەستکەوتەکانی پرۆسەی فێربوون و فێرکردن بۆ ماوەیەکی دیاریکراو

نموونە : شیکارکردنی سەرکەوتن ، شکستی ڕێچکەیەکی وانەوتنەوە و فێرکردن یان کتێبێکی خوێندن.

گــرنــگـی پـێـوەرەکــان

پێوەرەکان ڕێگان بۆپارێزگاری کردن لە پاکی ودروستی کرداری فێربوون و فێرکردن.

پێوەرەکان ئاستی لێهاتویی و توانای بەڕێوەبەر و مامۆستا دیاری دەکات.

پێوەرەکان هاوکاری بەڕێوەبەران و مامۆستایان دەبن بۆ ئەوەی کە بزانن پێویستە چۆن بن.

پێوەرەکان خاڵی یەکلایی کەرەوەیە بۆ ئەوەی بزانین تا چ ڕادەیەك ئەرکەکانمان بە جێهیناوە.

پێناسەی زاراوە سەرەکیەکان

تاقیکردنەوە : بریتیە لە هۆکارییێك بۆ دڵنیاکردنەوەی ئەوەی کە ئایا فێربوون سەبارەت بە ناوەرۆکێك یان بابەتێك روویداوە کە زۆربەی جار لە ڕێگەی بەکارهێنانی هۆکاری پێدانی ئەرکی پراکتیکیەوە ئەم کارە ئەنجام دەدرێت.

پێوانەکردن : بریتیە لە بۆچوونی جیهانی لەبارەی دەستکەوتەکانی پروسەی فێربوون و فێرکردن بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بۆ نمونە،

شیکارکردنی سەرکەوتن/شکستی ڕێچکەیەکی وانەوتنەوە و فێرکردن یان کتێبێکی خوێندن.

هەڵسەنگاندن : هەوڵێکە بۆ شیکارکردنی ئەو فێربوونەی کە قوتابیەك بە درێژایی ماوەیەکی دیاریکراو بەدەستی هێناوە لە ئەنجامی حاڵەتی فێرکردن وانە پێوتنەوەی ناو پۆ

مەبەست لە هەلسەنگاندن

ئاگادارکردنەوەی مامۆستا لە ئاستی پێشکەوتنی فێرخوازەکان.

بەخشینی زانیاری بۆ کەسوکاری فێرخوازان لەسەرپێشکەوتنیانبەخشینی زانیاری بە فێرخوازان لەسەر پێشکەوتنیان دوای هەر یەکەیەك.

یارمەتیدانی فێرخوازان بۆ گەڵاڵە کردنی تێگەیشتن و توانا بۆ ئەنجامدانی کارەکان

ئەنجامدانی هەلسەنگاندن کۆمەلە خاڵێك لە خۆ دەگریت

هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوەکان بەشێوەی بونیاتنەرانە ئەنجام بدرێن و جەخت لەسەر دەستکەوتەکان بکرێ نەوەك شکستەکان.

هەڵسەنگاندنەکە تا ڕادەیەك باوەڕپێکراوی تێدا بێت.

دڵنیا بکرێتەوە کە هەڵسەنگاندنەکە ڕەوایەتی هەیە.

هەڵسەنگاندن بریتیە لە کرداریەتی ( عەمەلی بوون ).

هەڵسەنگاندن بریتیە لە لێ پێچینەوە.

# هەندێ بیرۆکە لە بارەی هەڵسەنگاندنەوە

یەکەمین شت کە بگوترێ ئەوەیە کە ئەزموون و تاقیکردنەوە تەنیا یەکێکن لە شێوازەکانی هەڵسەنگاندن، ئەوانە بۆخۆیان بایەخیان هەیە ، بەڵام لە هەمانکاتدا کۆت و سنووری راستەقینەشیان هەیە، ئەگەر هەڵسەنگاندنی قوتابی تەنیا لە رێگەی ئەزموون و تاقیکردنەوەدا بێت، ئەوا لەو کاتەدا هەندێ شێوازی یارمەتی زۆر گرنگ لە دەست دەدەن کە پێویستە مامۆستا پێشکەشیان بکات لە بارەی پرۆسەی ئەو پێشکەوتنەی بەدەستی دێنن ، لە پاڵ چۆنییەتی چاکترکردنی کارەکانیان. هەرووەکو دەبێ دان بەوەشدا بنێین کە مەرج نییە "هەڵسەنگاندن" هەمیشە بۆ وەدەستهێنانی پلە بێ. بەڵکو لە زۆر بارودۆخدا ئەوە زۆر گرنگترە کە تێگەیشتنێکی کارا بدەیە قوتابی بۆ ئەو شتانەی کە فێری بووە. لەگەڵ ئەو رێگایانەی کە هێشتا پێویستیان بە باشترکردن هەیە.

دووەم شت ئەوەیە کە هەڵسەنگاندن زۆر مەبەستی جیاوازی هەیە، هەندێ لە شێوازەکانی هەڵسەنگاندن بۆ یەك مەبەست باشترن لە مەبەستێکی دیکە. ئەوە گرنگە کە بیر لەوە بکەینەوە کە تۆ دەتەوێ بە کامە ئامانجت بگەیت کە هەڵسەنگاندن بۆ هەندێ لە قوتابیان ئەنجام دەدەیت. ئەم خشتەیەی خوارەوە هەندێ لە مەبەستەکانی هەڵسەنگاندن دەردەخا، لەگەڵ هەندێ رێگە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان . هەندێ جار کە بابەتی ئەم خشتەیە دەخوێنییەوە، رەنگە وات بە بیر دابێ " بەڵام ئەمە فۆرمی هەڵسەنگاندن نییە" – خاڵەکە رەنگە لەوەدا رەنگ بداتەوە! بۆ نموونە ، ئەگەر قوتابییان هاندران تا پرسیارێك بکەن ، مامۆستا بۆیهەیە ئەوە دەرخا کە ئەوان لە شتانێك تێگەیشتوون کە بۆ ئەم مایەی

سەرسامییە، لە هەمانکات ڕەنگە ئەوە دەربخا کە بە تەواوی بیرۆکەسەرەکیەکەیان لێ ونبووە.

لەگەڵ ئەوەی کە ئەزموون و تاقیکردنەوەکان بۆ پوختەی هەڵسەنگاندنەکان باشن – بزانرێ بە شێوەیەکی گشتی تا چ ئاستێك بەرەوپێشچوون- بەڵام زۆر ناشێن بۆ هەڵسەنگاندنی پێکهاتەیی کە یارمەتی قوتابی دەدات تا تێبگەن چۆن بەرەوپێش بچن و چییان پێویستە بۆ ئەوەی باشتربن. ئاسانە لەیاد بکرێ کە هەڵسەنگاندنی پێکهاتەیی بە زۆر ڕێگە گرنگترە لە پوختەی هەڵسەنگاندن، هەرچەندە هەردووکیان پێویستن. بۆیە بۆ بیرکردنەوە لە مێتۆدەکانی ئەو بابەتانەی خوارەوە، لەگەڵ ئەوانە دەست پێدەکەین کە زیاتر سیفەتی پێکهاتەییان هەیە.

خاڵێکی سەرەکی دیکە ئەوەیە کە هەندێ هەڵسەنگاندن بە زۆری بۆ ئەوە داڕێژراون تا پێشکەوتنی هەر تاکێکی قوتابیان دەربخەن- ئەزموون و تاقیکردنەوەو، نمرەدانان لەسەر ئەرکی ماڵەوە دەتوانن ئەمە بکەن. ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە کاتێکی زۆری مامۆستا دەبات و، زۆر جاریش ئەوە پێویستە کە بزانرێ سەرجەم گروپێك پێکەوەچۆن بەرەوپێش دەچن: مامۆستا بەردەوام پێویستی بەو زانیارییەیە _ لە ڕووی نموونەییەوە هەموو وانەیەك_ و پێویستە بە دۆزینەوەی مێتۆدی وا هەیە کە خێراتربێت و بەکارهێنانی ئاسانتر بێت.

لەبەر ڕووشنایی هەلسەنگاندن ڕادەی سەرکەوتن و کاریگەری پلانی وانەی پراکتیکی دەست نیشان دەکات.

گرنگترین ڕێك کردنی پرۆسەی هەلسەنگاندن ئەمانەن-:

دەبێ هەلسەنگاندن گرێدرابێت بە ئامانجەکانی وانە.

دەبێ ڕێگاکانی هەلسەنگاندن جۆراو جۆر بێت ( زارەکی – بەنووسین – بابەتی – گۆتەیی ........ )

هەلسەنگاندن لەمیانەی پرسیارە سەرەکیەکان ئەنجام بدرێت.

ئەرکی مالێ پارچەیەکە لە پرۆسەی هەلسەنگاندن بۆیە دەبێ:

ا) ئەرکی مالێ پشکداربێت لە جێ بەجێکردنی ئامانجەکانی وانە.

ب) پرسیارەکانی ئەرکی مالێ جۆراوجۆر بێت روون و ئاشکرابێت لە هزر و بیری قوتابیان.

ج) یارمەتی قوتابیان بدات فێربوون کارا بکات هانی خوێندنەوەی بابەتی دەرەکییان بدات

پلانی بەرنامەی هەلسەنگاندن و جێ بەجێکردنی

١ -دیزاین کردنی بە هێلکاری و پێوانی رادەی جێ بەجێکردنی ئامانجەکان

٢ -شێوازی هەلسەنگاندنی گۆنجاو بێتە هەلبژارتن لەگەل دەست نیشانکردنی کەرەستەی پێویست.

٣- هەلسەنگاندن لەکاتی دیاریکراوی گۆنجاو ئەنجام بدرێت.

٤- پلانی جۆراوجۆر لە شێوازەکانی هەلسەنگاندن بەکاربێت.

دەست نیشانکردنی هەندێ لە ئامانجەکانی پرۆسەی هەلسەنگاندن.

شیکردنەوەی هەندێ لە نجامەکانی هەلسەنگاندن.

# جۆرەکانی هەلسەنگاندن

هەلسەنگاندنی پێشینە ( قبلی ) : ئامانجی ئەو هەلسەنگاندنە داکۆکی لە فێربوون بە ڕێی قوتابی دەکات پێش دەست بەکاربوون لە خوێندنی یەکەی نوێ.

هەلسەنگاندنی بەردەوام ( تکوینی ) : ئەو هەلسەنگاندنە بەکاردێت لەکاتی گۆتنەوەی وانەکانی یەکە لەناو پرۆسەی خوێندنی رۆژانەی ئامانجی چاکسازی فێربوون و فێرکردنە زانینی مەودای پێشکەوتنی قوتابیان، راهێنانی ناو پۆل و ئەرکی مالێ لە خۆ دەگرێت .

هەلسەنگاندنی کۆتایی : دەست نیشانکردنی ئاستەنگ و گرفتەکانی فێربوون و دیاریکردنی لایەنەکانی هێز و لاوازی ئاستی وەدەست هێنانی فێربوونی وانەکانی یەکەی خوێندن.

روونکردنەوەی هەنگاوەکانی بولیا-:

تێبگە : هاوکاری قوتابیان دەکات بۆ تێگەیشتنی پرسیارەکان بیرکاری بۆ هەمووان لەکاتی خستنەرووی پرسیارەکان دەشێت هاوردە و داواکراوەکان بەکاربهێنێت.

پلان دانان : ئەو هەنگاوە وا لە قوتابی دەکات ڕێگەیەکی گۆنجاو بۆ شیکاری پرسیارەکان دەست نیشان بکات و هەنگاوەکانی یەك لەدوای یەك دیاری بکات تا گەیشتن به ئەنجامی کوتایی دروست لە شیکاری پرسیارەکان . ساغ بکەوە : لە کوتایی قوتابی هەلدەستێت بە ساغکردنەوەی ئەنجامی پرسیاری بۆ پشت راستکردنەوە و دلنیابوونی خۆی لە ڕاستی ئەنجامەکە .

# تەوەری هەشتەم

## ماموستای سەرکەوتوو

### بنەما گرنگەکانی ماموستای سەرکەوتوو

١ .هانی قوتابی بدە هەرکات کارێکی باشی ئەنجامدا

٢ .ڕێزی قوتابیەکەت بگرە ئەگەر دەتەوێت ڕێزی تۆ بگریت

٣.فێری بکە هەرکات پێویستی پێت بوو داوا لە تۆ بکات.

٤ .هاوار بەسەر قوتابی دا مەکە.

٥.بەشتێك قوتابیەکە مەترسێنە کە دەسەلاّتت بەسەری دا نیە و ناتوانی جێبەجێ ی بکەی.

٦ .هەموو کات کار ئاسانی بۆ قوتابیەکانت بکە و پرسیاری ئاسان ئاراستەی قوتابیان بکە و خۆت لە شتی ئاڵۆز و گران دوور بگرە.

٧ .هەموو قوتابیەکانت بە یەك چاو سەیریان بکە.

٨ .هەمیشە ڕقت لە لە کردەوەی ناشیرنی قوتابی ببێتەوە نەك خۆی.

٩ .بە خۆشترین ناو بانگی قوتابیەکەت بکە.

١٠ .دڵ فراوان بیت و لێبوردە بیت بەرامبەر هەڵەکانی قوتابی.

١١ .وا سەیری قوتابیەکە بکەی کە بە توانا و بە هێزە و گومانی خراپی بۆ دروست مەکە.

١٢ .قسەیەك بۆ قوتابی مەکە کە خۆت بە کردەوە نەت کردبێ یاخود داوای فێربوونی شتێك لە قوتابی مەکە کە خۆت نەیزانی.

١٣ .بەردەوام خۆشەویستی و گرنگی پێدانی خۆت بۆ قوتابیان دووبارە بکەوە.

١٤ .هەرگیز پشت لە ئامۆژگاری قوتابیان مەکە چونکە قوتابی لە ئاو زیاتر پێویستی بە ئامۆژگاری یە.

١٥ .بە سلاْوكردن و ڕووی خۆش یەكەم چركەی ڕووبەروو بوونەوە لەگەڵ قوتابیان دەست پێ بكە.

## ڕەفتاری مامۆستای سەركەتوو لە ناو پۆل

١ – بەنەرمی و ئاشكرا بئاخڤیت.

٢ – بەیەك نزم ( ایقاع ) قسە نەكات.

٣ – كۆنترۆڵی ناو پۆلی خۆی بكات.

٤ – چاوی بەناو هەموو پۆل بگەڕێنێ ، نابێت تەنها تەماشای كەسێك یان شوێنێك بكات.

٥ – فەرمانەكانی كورت و ڕاشكاو بێت.

٦ – ووشەی گونجاو و ئاسان بەكار بهێنێ.

٧– بەزار گۆتنی قوتابییان ( دیالیكتی ) ناوچەكە قسە بكات.

٨ – نابێت قسە بكات و ڕووی لە تەختە بێت.

٩ – ناوی قوتابی بلێت و بە ناو هێنان پرسیار ئاراستەی قوتابیانی بكات.

١٠ – پشوو درێژ و دڵ فرە بێت.

١١ – مامۆستا لەناو پۆل گوفتار ڕاست و بە دادپەروەری لە ناو پۆل مامەلە لەگەل قوتابیانی بكات.

١٢ – لەناو پۆل دیمۆكراسی بێت.

١٣ - زیاتر بایەخ بە قوتابییانی لاواز و دواكەتوو بدات قوتابیانی زیرەك و بە توانا فەراموش نەكات.

١٤ – هەست نەكات قوتابییانی خاو و بێ هێز بوونە.

١٥ – پرسیار و دان و ستاندن لەگەل گشت قوتابییانی بکات.

١٦ – کێشەی قوتابییانی خۆی چ لەناو پۆل دەرەوەی پۆل چارەسەر بکات.

١٧ – قسەی ناشیرین و تۆقاندن بەرامبەر قوتابییانی بە کار نەهێنێ.

١٨ – هیوا و ئومێد لەناو دلی قوتابییانی بچەسپێنێ و ئاوا بکات.

١٩ – وابکات گشت قوتابییان مامۆستای خۆیان خۆش بوێت.

## خەسلەتەکانی ماموستای سەرکەوتوو لایەنی کۆمەڵایەتی

١- گفت ڕاست و خۆش مەحشەر بێت.

روو خۆش و ئاخفتن نەرم بێت.

گوێ لە پرس و راوبوچوونی قوتابیانی رابگرێت.

٢- مامۆستا لە ژیانی رۆژانەی هاوکاری قوتابیانی بکات.

لە کارو کردەوەی رۆژانەی ڕاست و دادپەروەر بێت.

٣- پەیوەندی لەگەل سەمیانی قوتابیانی بەردەوام بێت.

=٤ دەبێ پەیوەندیەکانی لە چوارچێوەی ڕەوشتی پەروەردە و فێرکردن بێت ، ناودەنگی کار و پیشەی خۆی بپارێزێت.

٥- مامۆستای سەرکەوتوو دەبێ رەوشەنبیری گشتی هەبێت

٦- کێشەکانی ناو پۆل و دەرەوەی پۆل چارەسەر بکات.

بە زانین و پەیرەوکردنی ئەو هەنگاوانە- :

ـ هەست کردن بە کێشە و دەست نیشان کردنی ناوەرۆکی کێشەکە.

ـ گوێ لە کێشەی قوتابیان بگرێت کێشەکە بێتە دارشتن.

ـ بەلگە و نیشانەکانی کێشەکە دەست نیشان بکات.

ـ هۆکار و فاکتەرەکانی بەرپابوونی کێشەکە شیبکاتەوە.

ـ بەدوای چارەسەر کردنی کێشەکە بگەرێت.

ـ دەرهاوردەکان دابرێژین کارکردنی پێویست بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان.

ـ دارشتنی پلانێك بۆ جێ بەجێکردنی چارەسەری کێشە.

ـ جێ بەجێکردنی پلانێك ئەنجامەکانی بەدەست هاتیە تێدا تۆمار بکرێت.

ـ راڤە و شلۆڤەکردنی ئەنجامەکان بۆ گەیشتن بە دەرئەنجامی کوتایی.

٧ـ کارامەییەکانی وانە گۆتنەوە و تواناکانی لەناو پۆل بەکاربهێنێ

شارەزایی هەبێت لە سەرنج راکێشانی قوتابیان.

سەرنجی قوتابیان بۆ لای خۆی رابکێشێت و رایبگرێت.

بابەتەکە بۆ قوتابیان ئاسان بکات.

٨ـ کارامەیی هەبێت لە پلاندانان و پەرەپێدانی پرۆگرام و بەرێوەبردنی ستراتیژیەتی ناو پۆل راهێنانی قوتابیان لەسەر متمانە بوون بە خۆیان و وەرگرتنی هەلوێشت لە ژیانی رۆژانەیاندا.

٩ --کار بە زاراوەکانی پەروەردەیی نوێ بکات ئەوانەی پەیوەندیان بە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن هەیە.

١٠ --دەست بە کۆلەکەکانی سەرەکی پیشەی خۆی بگرێت وەکو چەمك و تێگەیشتنەکان و زانراوەکان و ئامانجەکان و رێگاکانی وانە گۆتنەوە.

١١- تێگەیشتن لە پێوەرەکان بۆ چۆنیەتی هەلبژاردنی رێگەی وانە گۆتنەوەی گۆنجاو بۆ گەیشتنی ئامانجەکانی وانەکەی کە لەگەل کات و نەشونماکردنی هزری قوتابیان بگونجێت.

١٢- چارەسەری کێشەکان چارەسەری هەندێ کێشە بکات کە دێتە پێش ماموستای و کاریگەری هەیە لەسەر فێربوونی قوتابیان وەکو زوو

هەلچوون و متمانە بەخۆ نەبوون و دیاردەی ئاژاوەگێری و هەست بە لێپرسراوی نەکردن.

-١٣ دەبێت شارەزایی هەبێت لە بەکوتایی هێنانی وانە پێشتر پلانی بۆ دانابێت و زانراوەکانی سەرەکی وانە لە کۆتایی بخاتە بەردیدی قوتابیان.

-١٤ زانیاری تەواوی هەبێت لەسەر چۆنیەتی بەرێوەبردنی پۆل دانوستاندن لەگەل قوتابیان و پشکدارکردنیان.

-١٥ توانای هەلبژاردنی هۆی فێرکردنی گونجاو بۆ قوتابیانی رەچاو بکات کە لەگەل ناوەرۆکی بابەت بگونجێت و بەرجەستە بێت

-١٦ لایەنی تەندروستی قوتابخانە و ژینگەی ئاواهی بپارێزێت.

-١٧ نوێخواز بێت و پەرە بە پرۆسەی فێرکردن بدات بەهاوکاری لەگەل دەستەی کارگێری قوتابخانە و مامۆستایانی ئەندام.

-١٨ رۆلەکانی مامۆستا تێبگات لە پرۆسەی وانە گۆتنەوە پرۆسەی پەروەردەیی تەوەرێکی گرنگ و فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ سەرکەوتنی یان لەناو چوونی . رۆلی مامۆستا رۆلێکی سەرەکییە

## هەنگاوەکانی گۆتنەوەی وانەی سەرکەوتوو

١ – مامۆستا سەرنجی قوتابییان بۆخۆی رابکێشێت.

٢ – بەکار هێنانی شێوازی گونجاو بۆ گەیشتنە ئامانج.

٣ – گرێدانی بابەتی نوێ بە بابەتەکانی رابردوو.

٤ – بە کارامەیی هۆیەکانی فێرکردن بێتە بە کارهێنان.

٥ – ئاخافتنی مامۆستا رێك و لەجێ بێت.

٦ – رەچاوکردنی جیاوازی تاکەکەسی.

٧ – توانای چۆنیەتی ئاراستەکردنی پرسیار.

٨ – پرسیاری جۆراوجۆر بەسەر هەموو قوتابییان دابەش بکرێت.

٩ – ڕێکخستنی نەخشەدانانی تەختە سپی .

١٠ – کتێبی قوتابخانە بە ڕێکی کاری پێ بکرێت.

١١ – ژووری پۆل ڕێك بخرێت و بەرێکی کاری تێدا بکرێت.

١٢ – دەست نیشان کردنی ئەرکی مال.

١٣ – قوتابی تەوەر بێت و مامۆستا هاریکارو ڕێخۆشکەر بێت.

١٤ – سیستەمی گروپ ئەنجام بدرێت پەسەندە بۆ فێر کردن.

١٥ – هەلسەنگاندنی قوتابییان بە ئاراستە کردنی چەند راهێنانی بابەتەکە

١٦ – مامۆستا خۆی کۆتایی پێ بهێنێت.

# پۆلێنکردنی مامۆستایان

## ١-مامۆستا لە ڕووی مامەلەکردنی لە گەل قوتابیان :

هەندێکی کەم لە  ماموەستا بەکەمترین هۆکار گەرمی دەکات بە شتی گەورەو بچوك تورە دەبێت!بۆیە دەیبینیت بەردەوام هاوار دەکات و بێزارەو خەریکی هەڕەشەو گورەشەیە. قوتابیەکانی چالاکیان دیاریکراوە و حەز بە بەشداری ناکەن.

## ٢-مامۆستای (بێهەلویست) :

توانای بڕیار دانی نیە. ناتوانێت گفتوگۆو ووتو وویژەکان بەڕێوەبەرێت. ناتوانێت یاساو ڕێسای ناو پۆل بپارێزێت

## ٣-مامۆستای (دیکتاتۆر):

بە توندو تیژی و زەبروزەنگ دەناسرێتەوە.دەچێتە پۆلەوە بە تورەیی و دێتەدەرەوە بە تورەیی.ڕەخنەی زۆرە و ڕەخنەی گەورەو بچوك لە کاسانی تردەگرێت.مۆلەتی پرسیار نادات لە مەودایەکی تەسکدا نەبێت. قوتابیەکان خۆیان لە ترسی پەچەکرداری ئەو پرسیار ناکەن. لە زوربەی کاروبارەکاندا ڕێك و پێکەو هەرچی لێ داوا بکرێت بە ووردی و ڕێکی بە ئەنجامی دەدات.

بە دلسۆزی لە کارو خۆشەویستی پیشەکەی ناسراوە. ئەم جۆرە لە مامۆستا جێ ی ڕەزامەندی کارگێڕی قوتابخانەیە(ئایا ئەمە ئەو مامۆستایەیە کە دەمانەوێت؟)

## ٤-مامۆستای (بێزار) :

سکالاۆ بێزاری زۆرە بە هۆ و بە بێ هۆ! هەندێك جار سکالاۆ بێزاریەکەی بە هۆی بێزاری خۆیەتی و هیچی تر. لە ڕاستیدا ئەم جۆرە لە مامۆستا نازانرێت چی دەوێت هەمیشە بێ تاقەت و بێزارە! سرۆشت و ڕەفتاری ئەم مامۆستایە دەبێت بەهۆی بێ تاقەتی قوتابیان و هەستکردن بە سەرنەکەوتن و بێزاربوون. حەزی لە ووتوێژو پرسیار نیە لەبەرئەوەی خۆی لە خۆیدا بێزارە.

## ٥ -مامۆستای (کەمتەرخەم):

زوربەی جار ئەرکەکانی پشتگوێ دەخات. ووردی و ڕێك وپێکی تیا بەدەی ناکرێت.بیانوی زۆرە. زۆر گوێ ناداتە یاساو ڕێساکان.پیشەکەی خۆش ناوێت و ناگاتە ئاوات و ئامانجەکانی

## ٦-مامۆستای چالاك :

بە چوست وچالاکیەو ە بەرەو ڕووی کارەکانی دەڕوات.

خێرایی و دەست و بردی لە جێبەجێکردنی کارەکانیدا بەدی دەکرێت.

کەشێکی زیندوو پڕ چالاکی دروست دەکات لە هەچ شوێنێك بێت.

پەیوەندیەکی باشی هەیە لەگەڵ هاوکارانی.

پابەندە بە یاساو ڕێساکان. ووتو ووێژ زۆر دەکات و گوێش دەگرێت.

پرسیار دەکات و خۆی وەڵامی دەداتەوە و چاوەڕێ ی وەلاّم ناکات لەبەرئەوەی حەزی بە خێراییە. زۆر دەجولێت لە ناو پۆلدا بەشێوەیەك قوتابیەکانی توانای بە ئاگابونیان کەم دەبێت. لە ناخیدا هەست بەو لێپرسراویە دەکات کە هەڵیگرتووە.

هەرچی توانای هەیە دەیخاتە کار بۆ جێبەجێکردنی کارەکانی و پەیوەندیەکی باشی هەیە لەگەڵ قوتابیەکانی.

## ٧-مامۆستای سنگ فراوان:

ڕووی خۆشەو هەمیشە نیشانەی دڵخۆشی پێوە دیارەو سنگ فراوانە.

کەسانی تر قبوڵ دەکات و لە هەڵەکانیان دەبورێت.

کەشێکی خۆشی و شادی دروست دەکات لە گەڵ هەمواندا.

کەسایەتیەکی بەهێزی هەیە جگە لەوەی ڕووی خۆشە سەرنجی قوتابیەکان بۆ لای خۆی ڕادەکیشێێت و گفتوگۆکان گەرم و گوڕ دەکات.

## ٨-مامۆستای هاوسەنگ:

ئەمە ئەو مامۆستایەیە کە کارەکان لە شوێنی خۆی دادەنێت.

سورە لەسەر پێشخستنی خۆی لە ڕووی پیشەییەوە خاوەنی خولیاو ئاواتی پیشەییە. هەوڵ دەدات پەیوەندی باش بێت لەگەڵ هەموان.

پۆلەکەی بەباشی دەبات بەڕێوە. هانی ووتو ووێژو دەربڕینی سەربەست دەدات. توانای بڕیار دانی هەیە.

بە باشی پلان بۆ کارەکانی دادەڕێژێت و لە پشێوی دوور دەکەوێتەوە.

توانای بینینی هەموو ئەو شتانەی هەیە کە لە پۆلدا ڕوو دەدات.

ڕێگاکانی وانە بێژی

کۆتنەوە محازەرە. پێشکەشکردن.

گفتوگۆ. فێرکردنی بە گروپ.

ڕێگای پێ خوێندنەوە. فێربونی بە کارکردن.

فێربوون بە تێبینی هەست پێکراو .وە زۆر ڕێگای تریش

## بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی فێربوون

## هەندێ رۆلی لاوەکی هەیە کە ئەمانەن : ـ

**پلاندانان** : پلانێکە ماموٚستا دایدەرێژێت بیری داهاتووی خۆی لێدەکات دەیەوێت لە کارو ئەرکی رۆژانەی  جێ بەجێ بکات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی پەروەردەیی.

**جێ بەجێ کردن** : بیرکردنەوەیەکی پێش وەختەیە ماموٚستا رێکی دەکات تێبینی و ئەنجامەکانی قوتابیان    تێدا بەرچاو دەکات دەبێ هەست و نەستی قوتابیان و توانای بیرکردنەوەیان و رەفتاری رۆژانەیان بەهەند وەربگرێت.

**سەرپەرشتی کردن و بەدواچوون** : رێکارەکانی رێکخستنی چالاکیەکان کە لە ناو پۆل ئەنجام دەدرێت کۆنترۆلی پۆل بپارێزێت قوتابیان لەناو قوتابخانە بمیننەوە و رێگر بێت لە نەهاتنی قوتابیان شیرەت و ئامۆژگاری بکات بەردەوام بن لە خوێندن تاوەکو پلەیەکی باش بەدەست بهێنن لەدوارۆژ ببنە تاکێکی بەرچاو  و سوودبەخش بۆ خزمەتکردنی وەڵاتەکەی.

**شارەزاییەکی تەواوی هەبێت لەسەر شێوازی تاقیکردنەوەی باش** دەبێ پرسیارەکانی ماموٚستای ئامانجەکانی تاقیکردنەوە و بابەتی خوێندن جێ بەجێ بکات.  پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی ڕاست و دروست بێت بۆ ئەوەی بە دروستی قوتابیانی خۆی هەلبسەنگێنێ.

# تەوەری نۆیەم

## سیستەمی گرووپ

### بەکارهێنانەکانی کاری بە کۆمەڵ ( گروپ )

سیستەمی گرووپ لە فێرکردندا ، وەك پرۆسەیەکی پەروەردەیی، هەرچەندە لای ئێمە ئەزموونێکی نوێیە و بۆ یەکەمین جاریشە لەدووای ڕاپەرینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ لە دەسپێکی سالانی ٢٠٠٠ هەندێ لە قوتابخانەکانی هەرێم جێ بەجێ دەکرێت ، لەو بڕوایە داین کە لە ئایندەدا سودێکی باشی دەبێت لە بواری فێرکردن و پەروەردەدا ، ئاسۆیەکی نوێ بۆ قوتابیان دەکاتەوە.

لێزان و پسپۆڕانی پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستان، خەریکن خالە لاوازەکانی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن دەست نیشان دەکەن، جیهان لە گۆڕانکاریدایە، بۆ ئەوەی لە ڕێڕەوی ژیانی سەردەم دوا نەکەوین، پێویستە سوود لە سیستەمی پەروەردەیی گەلانی پێشکەوتوو وەربگرین.

قوتابخانە دەستپێکی ئەو پێشکەوتن و گۆڕانکاریانەیە، بۆیە پێویستە هەنگاوی هاوچەرخانە هەلبنێین لە شێوازی فێرکردندا ئەویش پەیرەوکردنی بەکارهێنانی سیستەمی گرووپە لە قوتابخانەکاندا، ئەگەر لە گشت پۆلەکانیش نەبێت زێدە فەرە لە هەموو قوتابخانەکاندا هەبێت ئەویش لە هۆلێك یان ژوورێکی قوتابخانە دەست نیشان بکرێت، کاری بە کۆمەل یان سیستەمی گرووپی تێدا ئەنجام بدرێت، وەکو ڕێخۆشکەرێك بێت تاوەکو لە گشت هۆبەکانی قوتابخانە ئەنجام بدرێت.

## پێناسەی گرووپ:-

بریتیە لە کۆمەلە کەسانێك کە بە شێوەیەکی هاوبەش کارەکانیان بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجە هاوبەش و داڕێژراوەکان ئەنجام دەدەن.لە ڕێگای بەکارهێنانی نوێی دیموکراسی لە نێوانیاندا.

یەکەم شت کە پێویستە بگوترێ ئەوەیە کە کاری بە کۆمەڵ تەنیا پەیڕەوێکە بۆ فێربوونی چالاك و پێویستە لەگەڵ کۆمەڵێك مێتۆدی دیکە تێکەڵ بکرێت. زۆربەکارهێنانی ڕەنگە وەکو هەر شتێکی دیکە بێزاری لێ بکەوێتەوە.

دووەم شت ئەوەیە کە زۆر ڕێگەی جیاواز هەیە بۆ کاری بە کۆمەڵ ، کە بۆ بۆنەو بابەت و پێویستیی فێربوونی جیاواز گونجاوبن، . کە ئەمانە هەندێکیانن:

لە وانەیەك کە بە زۆری لە لایەن ماموستاوە بەڕێوە دەچێ، لە منداڵان داوابکە کە تەنیا بۆ ماوەی یەك یا دوو خولەك گفتوگۆ لەسەر شتێك بکەن بەر لە وەڵامدانەوە. دەتوانن بە جووت یا سێ سێ ئەمە بکەن بە پشتبەستان بە چۆنیەتی دانیشتنیان و چانسی ئەوەیان پێبدرێ کە بیر لەو وەڵامە بکەنەوە کە دەیانەوێ بیدەنەوە. ئەنجامەکە ئەوەیە کە منداڵانێکی زیاتر بۆیانهەیە بەشداری بکەن و، ئاستی وەڵامەکەش بۆیهەیە بەرزتربێت. هەندێجار – بە تایبەتی ئەگەر ماموستاکە هانی ئەمە بدات – وەڵامەکە لەگەڵ پرسیارێك دەدەنەوە کە زیاتر دەچێتە قووڵایی بابەتەکە.

دیسان هەر دوو کەس دەتوانن گفتوگۆیەکی کورت بکەن بۆ پشتیوانی فێربوونی زمان – ماموستا بۆیهەیە بیەوێ بچێتە ناو ستراکچەری

وتووێژەکە، سەرەتا لەگەڵ پۆل و وشە سەرەکیەکان و فرێزەکان لەسەر بۆردەکە بنووسێت، ئنجا دەکرێ بە هەموو پۆلەکە دووبارە بکاتەوە تا هەموو کەسێك متمانەدار بێ بە هەندێ وشەی قورستر بەر لەوەی ئەو جووتە دەست پێ بکەن.

گروپی منداڵان دەتوانن پێکەوە کار بکەن لەسەر کێشەیەکی دیاریکراودا بۆنموونە کۆمەڵە پرسیارێك لە بابەتێکی وەکو ماتماتیك، زانست، مێژوو. دیسان گروپەکە دەکرێ رێك بخرێ تا لەگەڵ دانیشتنی منداڵەکان بگونجێ ، بۆیە وا باشە کە لەسەر مێزێکدا رووبەرووی یەکتر بن. ئەم شێوازە چانسێکی باش دەداتە هەموو منداڵەکان بۆ تێگەیشتن لەوەی چۆن کێشەکە تێبگەن و ئەوانەش کە لە بابەتەکە باشترن، چێژ لە یارمەتی دانی ئەوانی لاوازتر وەردەگرن.

- دەکرێ گروپ بە کێبەرکێی کراوەترو درێژخایەنتر چارەسەربکرێت بۆ نموونە بۆ سازکردنی پەڕاوێك بۆ میوانانی شارەکەیان ، یا پۆستەرێك کە هانی خۆراکی تەندروستیانە بدات. بۆ ئەم جۆرە کارە پێویستان بەوە دەبێت کە پێکەوە بە دەوری مێزێك دابنیشن ئەگەر بگونجێ – هەرچەند دەبینین هەندێ منداڵ لەسەر زەوی بەسەرچۆك بەرامبەر دادەنیشن و کارەکە دەکەن! ئەو جۆرە کارە هەندێ کاری باش بۆ نمایشکردن دەدەنە دەست. - سەیری خوارەوە بکە.

گروپی گەورەتر دەتوانن لە فێربوونی زماندا کاری خۆش بکەن: بۆ نموونە گروپەکە وا نیشاندەدەن کە لە قاوەخانەیەکدا کریارین. گروپێکی دیکە لە هەمانکات ئەرکی ئەوە وەردەگرن کە ببنە شاگرد و بچن بۆ ئەوەی بزانن ئەوانەی سەرمێزەکە دەیانەوێ چی بخۆن یا بخۆنەوە.

## ستراتیژیەکانی کاری گروپ

ئەوەیە کە دەست بە چارەسەری ئەو کێشەیە بکەی لە ڕێگەی بەڕێوەبردنی پۆلەوە. بەشێوەیەکی ئاسایی باشترین قوتابیان لە ریزی پێشەوە دادەنیشن ، بەلاَم ئەو ئەم تەکنیکانەی لە پۆلەکەیدا بەکارهێنا:

- بەگرووپ کردنی قوتابیانی لاواز و بەهێز پێکەوە
- گواستنەوەی قوتابیانی ریزی پێشەوە بۆ دواوە لەهەر هەفتەیەکدا کە هەر ریزێك یەك کورسی دەهاتنە پێش
- هەندێ جار رێی دەدا کە قوتابیە لاوازەکان پێکەوە کار بکەن تاکوو متمانەیان بەخۆیان زیاد بکات
- دەستنیشان کردنی چاودێری پۆل لەنێوان قوتابیە بەهێزەکان تا یارمەتی گرووپە لاوازەکان بدەن
- زیاتر پیاهەڵگوتنی ئەو وەڵامانەی کە لە قوتابیە لاوازەکانەوە دەهاتن
- دەستنیشانکردنی قوتابیە لاوازەکان بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری ئاسان
- دڵنیابوون لەوەی کە قسە لەگەڵ هەموو پۆلەکەدا بکات نەك تەنیا قوتابیانی ریزی پێشەوە.

## هەنگاوەکانی وانە گووتنەوە بە شێوازی گرووپ

- ناساندن و ئاشنایکردنی ئەندامانی گرووپ بەیەکتری.
- دابینکردنی پێداویستیەکانی فێرکردن بۆ مامۆستاو قوتابیان.
- دابەشکردنی گرووپەکان بە شێوەیەکی هەرەمەکی (عشوائی).
- ڕێکخستنی گرووپەکان دانیشتنیان لە شێوەی بازنەیی بێت.
- بە زۆرینەی دەنگ پرسیارەکان وەلام بدرێنەوە.
- ماوەیەك تەرخان بکرێت بۆ ئەنجامدانی کاری گرووپ.

- ماموٚستا رێخۆش کەر بێت بۆ گەیشتن بە ئامانج.
- کۆکردنەوەی ئەنجامی چارەسەر و پێشنیارەکان لە لایەن ماموٚستاوە.
- خوێندنەوەی وەلام لە لایەن ئەندامێکی گرووپ.
- هەلسەنگاندن و خستنەرووی ئەنجامەکانی هەر گرووپێك.
- ئەنجامەکانی شێوازی وانە گوتنەوە بە گرووپ .
- بایەخدان بە قوتابیان و گوێگرتن لە بیر و ڕاو بۆچونەکانیان .
- هاندانی قوتابیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی کێشەو گرفتەکانیان.
- فێربوون بە رێگای کارکردن و ئەنجامدانی چالاکی.
- یارمەتیدانی قوتابیان بۆ هاوکاریکردنی یەکتری.
- گیانی هاوکاری لە نێوان ئەندامانی گرووپ
- بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان قوتابیان.
- بەهێزکردنی پالنەر لای قوتابی بۆ هاندانی کرداری فێرکردن.
- بەکارهێنانی هۆیەکانی فێرکردن بە شێوەیەکی بەرفراوان.
- دابینکردنی کەش و هەوایەکی دەروونی گونجاو بۆ قوتابیان.
- خۆ دورخستنەوە لە سزای لێدان و توندو تیژی.

## هەندێك لە یاساکانی کاری گروپ و جووت لە ناو پۆلدا

کاری گروپ یان جووت یەکێکن لە گرووپ شێوازە رێگای وانە ووتنەوەی سەربەخۆ ، لەهەر شوێنێکی جیهانداو لەهەر پۆل و بابەتێکدا گرنگ و کاریگەرن ، لەکاتی کارکردن بەم ڕێگایەدا هەموو قوتابیان دەتوانن چالاکانە بەشداری لە پرۆسەی فێربووندا بکەن توانای پەیوەندیان بەهێز دەبێت هەروەها فێردەبن چۆن بۆچوونەکانیان بەشبکەن و پێکەوە کاربکەن و بیرو هزرەکانیان دەربڕن وپێشکەشکردنی

تێبینیەکانیان ، بەتایبەتی بۆ پۆلە گەورەکان کە ژمارەی قوتابیانی زۆرە بەسوودە ، بەلام دەبێت پێشوەختە هۆشیارانە ڕێکخستن و ئامادەکاری بۆ بکرێت داکو قوتابیان سەرگەردان نەبن.

## چەند یاسایەك تایبەتن بە کاری گروپ و جووت.

١ - گروپی نەگۆڕ.

لە پۆلە گەورەکاندا دەبیت گروپ لەسەر بنەمای لێك نێزیکبوون بێنە ڕێکخستن یان ئەو قوتابیانەی لە پال یەك دانیشتوون گروپێك پێکبهێنن کە بەبەردەوامی پێکەوە کاربکەن بۆ ئەوەی هەر کە مامۆستا کاری گروپی ڕاگەیاند قوتابیان دەزانن گروپیان کامەیە وخێرا ئامادەنە بۆ کاریٚ گروپی.

٢ - دانانی کورسی درێژ .

لەو پۆلانەی کورسی و مێزە پێکەوە گرێدروان دەبێت گروپ پێکهاتبی لە هەموو قوتابیانەی لەسەر دوو کورسی درێژ دانیشتوون یان ٤ بۆ ٦ قوتابی ، دوو قوتابی پێش خۆ بسڤرێنن بەرامبەر دوو قوتابی پشتەوە ئەمەش پەیوەندی بەڕووبەری پۆلەکە هەیە.

٣ - ڕابەری گروپ.

لە پۆلە گەورەکان باشترە هەر گروپێك ڕابەرێکی هەبێت، گروپ دەتوانیٚ ڕابەری خۆی هەلبژێریت یان مامۆستا قوتابیەك هەلدەبژێریت ، ڕابەری پۆل هاریکار دەبێت بۆ ڕێکخستنی گروپ بۆ ئامادەکاری دانیشتن و کۆمکرن و گەڕاندنەوەی هەر کەل و پەلێك پەیوەست بە کاری لە مامۆستای . دەبێت بەخۆی کاری کروپ بنێریت یان قوتابیەکی دی ڕاسپێریت.

٤ - گەڕی گروپ و ڕابەری گروپ.

پۆستی ڕابەر یان کاپتنی گروپ دەبێت بسوڕێت نێوان قوتابیانی گروپدا، هەروەها پێکهاتەی گروپی دانراو دەتوانرێت هەندە جاران بێتە گۆڕین بۆ ڕەخساندنی دەرفەت بۆ هەمووان کار لەگەل یەکدیدا بکەن ، بەلام نابێت ئەو گۆڕانکاریانە زوو زوو بێتەکردن داکو ببێتە پالنەرێك بۆ دروستبوون و پێشبردنی ڕۆتینی لەگەل گروپ و ڕابەری.

٥ - ئەرکەکانی گروپ و جووتان .

دەتوانرێت بێتە بەکارهێنان بۆ گەلەك ئەرکی جیاواز، ئەرکی بچوکی چەند خولەکی بۆ کارێ جوتاندا لە نێوان دوو قوتابی لە پال یەکدا دانیشتوون تاکو بێ کەم و کورتی بن و خۆ دووربکەن لە بە فیرۆدانی کات. کاری گروپ دەتوانرێ بە کاربێت بۆ ئەرکی گەورەتر بۆ ماوەی ١٠ خولەك و زیاتر.هەروەها بۆ کاری جووتیش بەکاردێت.

٦ - گروپی هەمان تواناو شیانی تێکەلیان هەیە .

زۆربەی جاران گروپ لە توانای جیاواز پێکدێن چونکە قوتابیانی لاواز دەتوانن لە قوتابیانی بەهێزتر فێربن ،بەلێ دەبێت هەندێ جار مامۆستا قوتابیان لسەر بنەمای تواناکانیان دابەشبکا یان کو قوتابیانی بەهیز لە گروپێك و لاوازیش لە گروپێکدا ئەوەش پەیوەستە بە ئەرکی کاری گروپدا.

٧ - هەمان ئەرك.

لە کاری جووتاندا هەمان ئەرك دەدرێت بە هەموو جووتاندا، لە کاری گروپدا دەبێت هەمان ئەرك یان ئەرکی جیاواز بدرێت بەهەموو گروپەکاندا.ئەگەر ئەرکەکە زۆر گرنگەو پێویستە هەموویان فێربن ئەوا دەبێت هەمان ئەرك بە هەموو گروپەکاندا بدرێت. لەم حالەتەدا کاری

گروپان دێتە بەراوردوکردن و گەلەك هزر دێنە دیتن و کێبڕکێ دروست دەبێت نێوانیان.

٨ - ئەرکی جیاواز.

لە بابەتی گەورەو هەملایەنە پێویستە ئەرکی جیاواز بدرێتە گروپەکان ،ئەگەر گروپ لەسەر بنەمای شیانی تێکەل هاتە دانان دەبێت نێزیکیەك لە ڕاددەو زەحمەتی ئەرکەکاندا هەبیت ، وە ئەگەر لەسەر بنەمای تواناياندا هاتبووە دانان ئەوا ئەرکی زەحمەتتر بدرێتە قوتابیانی زیرەك و ساناهی بدرێتە لاوازەکان.

٩ - پێشکەشکردن پاش کاری گروپ وجووتاندا.

لەبنەڕەتدا پێویستە دەرفەت بدرێتە جووتاو گروپاندا بۆ پێشکەشکردنی کاری خۆیان بۆ هەمی پۆلدا چونکە هەستی شانازی بەخۆکردن پەیدادەبیت و فێردەبن چۆن خۆیان دەردەبڕن و پێشکەشدەکەن، هەرچۆنێك بێت ئەوە پێویستی بەکاتی زیاتر هەیە کەناتوانرێت هەموو جوتەکان کارێ خۆ پێشکەش بکەن بۆیە دەبێ ئەوجوتانەی نەیانتوانی پێشکەشبکەن لە کاتێکی دی ئەوە بکەن، بۆ گروپەکان دەبێت هەموویان کارێ خۆ پێشکەش بکەن بەلام ئەگەر هەمان ئەرك بوو ئەوا پێویستە تەنها یەکەم گروپ خۆی پێشکەشبکات گروپەکانیدی تەنها هزرو بیر زیادبکەن.

١٠ - چۆنیەتی هەلسوکەوتکردن لەگەل کاری گروپەکاندا. لە کاتی دابەشکردنی کاری گروپ پێویستە ماموٚستا بە پێی ئەم خالانە کاربکەن.

ا - دانانی ڕێنمایی و کاتێکی دیاریکراو بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکە ، بە دووبارەکردنەوەی ڕێنماییەکان و داواکردن لە قوتابیەك دوبارەی بکاتەوە ،نوسینی ڕێنمایی لەسەر تەختەو دابەشکردنی کار هەنگاو بەهەنگاو .

ب - گەڕان بەسەر گرووپەکاندا لەکاتی کارکردندا بۆ یارمەتیدانیان ئەگەر پێویست بوو .

ج - کاتی دەستپێك و کۆتاهاتنی ئەرکەکە بە ڕوونی دیاریبکە، هەروەها ڕابگەیینە ئەگەر چەند خولەکێك مابوو دابزانن کات چەند ماوە وە ئەگەر چەند گرووپێك پێویستیان بە کاتی زیاتربوو ئەوا کاتی زیاتریان پێ ببەخشە ئەگەر لە تواناد بوو.

## خشتەی جیاوازی نێوان هەردوو ڕێگا

## ڕیگای کلاسیکی وکاری بە کۆمەل (سیستەمی گرووپ )

| ڕێگای کلاسیکی | سیستەمی گرووپ کاری بە کۆمەل |
|---|---|
| ماموٚستا تەوەری وانەیە | قوتابیان تەوەری وانەن |
| بیر و هزری قوتابیان دەپچرێت | بیر و هزری قوتابیان بەردەوامە لەگەل وانە |
| قوتابیان پشت بەخۆیان دەبەستن | قوتابیانی گرووپ پشت بە یەك دەبەستن |
| پراكتیکی دووبارەکردنەوە | پراكتیکی دەنگدانەوە |
| کاریگەری ڕوالەتی | کاریگەری بە قولی |
| پەیوەندی نێوان ماموٚستاو قوتابیان لاوازە | پەیوەندی نێوان ماموٚستاو قوتابیان لەگەل یەکتری پەرە دەستێنێت |
| مێشکی قوتابیان بە زانیاری پردەکرێت | پێناسەو ڕێسا و یاساکانی بە زانستیانە وەردەگرێت |
| پەیوەندیدارە بە زانیاریەکی پێشوو | پەیوەندیدارە بە زانیاریەکان و ئەزموونەکان |

| | |
|---|---|
| دابین کردنی شێوازی فێرکردن | دایلۆگی قوتابیان شێوازی فێرکردنە |
| پرسیارەکان داخراوە | پرسیارەکان کراوەیە |
| کاریگەریەکان فێرکردن لە ڕێگە دەیستهەلات و ویستە کاریگەریەکان | فێرکردن لە ڕێگەی پەیوەندی شارەزایانی قوتابیانەوە ئەنجام دەدرێت |
| کتێب بابەتی خوێندن و فێرکردنە | پرۆگرام و بابەتی تری دەرەکی فێری قوتابیان دەکرێت |
| داهێنان و ئافراندن تێدا کپ بووە | داهێنان و ئافراندن تێدا هەلدەکات |
| بەشداربوان لەبەر بێ چێژی کز و لاواز دەبن | بەشداربوان بە پەرۆشەوە بەرەو بابەتی وانەکانیان دەچن |
| لەگەل گشت ئاست و بابەتەکان دەگونجێت | لەگەل گشت ئاست و بابەتەکان ناگونجێت |
| جیاوازی تاکە کەس بەدیار دەکەوێت | جیاوازی تاکە کەس بەدیار ناکەوێت، دەبێت ماموستا کاری تاکە کەس ئەنجام بدات |
| زانست و زانیاری وەکو بەرهەمە | زانست و زانیاری وەك بونیات نەرە |
| بیردۆزە پراکتیزەکان جیاوازن | بیردۆزە پراکتیزەکان پەیوەندارن |
| بابەت کاتێکی کەمی دەوێت | هەمان بابەت کاتێکی زۆری گەرەکە |

| | |
|---|---|
| تاقیکردنەوە وەك دەستهەلاتدارە | تاقیکردنەوە ڕێگایەکە بۆ فێرکردن |
| هەلسەنگاندن تێیدا زەحمەتە | هەلسەنگاندنی فێربوون ئاسانە |
| یەك هۆی فێرکردنی دەوێت | جەند گرووپە ئەوەندەی دەوێت |
| دەرفەتی قوتابی کارامە و بەهرەدار کێمە | قوتابی کارامە و بەهرەدار سەرهەلدەدات |
| لە پۆلدا هێمنی لای مامۆستا کۆنترۆل دەکرێت | لە پۆلدا هێمنی تێدا نییە و پریەتی لە گۆتە گۆت |
| دانوستاندن و پشکداری تێدا لاوازە | دانوستاندن و پشکداری تێدا بە هێزە |
| هەموو لایەك یەك کار ئەنجام دەدەن لە یەك کات و ساتدا | بەشداربووان فێری ڕەخنە و ڕەخنە لە خۆ گرتن و وەرگرتنی هەلوێست دەبن |

## تێبینی:

بابەتێك بوو لە ئاسۆی پەروەردەیی ژمارە ٢٦ کانوونی یەکەم سالی ٢٠٠٢ هاتووەتە بلاوکردنەوە لاپەرە ٦٩ ئامادەکردنی( یاسین حسن) سەرپەرشتیاری پەروەردەیی قەزای بەردەرەش

لەو بروایە داین کە لە ئایندەدا سودێکی باشی دەبێت لە بواری فێرکردن و پەروەردەییدا وە ئاسۆیەکی نوێ بۆ قوتابیان دەکاتەوە.

لێزان و پسپۆرانی پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستان، خەریکن خالە لاوازەکانی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن دەست نیشان دەکەن، جیهان لە گۆرانکاریدایە، بۆ ئەوەی لە ڕێڕەوی ژیانی سەردەم دوا نەکەوین، پێویستە سوود لە سیستەمی پەروەردەیی گەلانی پێشکەوتوو وەربگرین.

قوتابخانە دەستپێکی ئەو پێشکەوتن و گۆرانکاریانەیە، بۆیە پێویستە هەنگاوی هاوچەرخانە هەلبنێین لە شێوازی فێرکردندا ئەویش پەیرەوکردنی بەکارهێنانی سیستەمی گرووپە لە قوتابخانەکاندا، ئەگەر لە گشت پۆلەکانیش نەبێت زێدە فەرە لە هەموو قوتابخانەکاندا هەبێت ئەویش لە هۆلێك یان ژوورێکی قوتابخانە دەست نیشان بکرێت، کاری بە کۆمەل یان سیستەمی گرووپی تێدا ئەنجام بدرێت، وەکو ڕێخۆشکەرێك بێت تاوەکو لە گشت هۆبەکانی قوتابخانە ئەنجام بدرێت.

پێناسەی گرووپ-:

بریتیە لە کۆمەلە کەسانێك کە بە شێوەیەکی هاوبەش کارەکانیان بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجە هاوبەش و دارێژراوەکان ئەنجام دەدەن.لە ڕێگای بەکارهێنانی نوێی دیموکراسی لە نێوانیاندا.

یەکەم شت کە پێویستە بگوترێ ئەوەیە کە کاری بە کۆمەڵ تەنیا پەیڕەوێکە بۆ فێربوونی چالاك و پێویستە لەگەڵ کۆمەڵێك مێتۆدی دیکە تێکەڵ بکرێت. زۆربەکارهێنانی ڕەنگە وەکو هەر شتێکی دیکە بێزاری لێ بکەوێتەوە.

دووەم شت ئەوەیە کە زۆر ڕێگەی جیاواز هەیە بۆ کاری بە کۆمەڵ ، کە بۆ بۆنەو بابەت و پێویستیی فێربوونی جیاواز گونجاوبن، . کە ئەمانە هەندێکیانن:

له وانه‌یه‌ك كه‌ به‌ زۆری له‌ لایه‌ن مامۆستاوه‌ به‌ڕێوه‌ ده‌چێ، له‌ منداڵان داوابكه‌ كه‌ ته‌نیا بۆ ماوه‌ی یه‌ك یا دوو خوله‌ك گفتوگۆ له‌سه‌ر شتێك بكه‌ن به‌ر له‌ وه‌ڵامدانه‌وه‌. ده‌توانن به‌ جووت یا سێ سێ ئه‌مه‌ بكه‌ن به‌ پشتبه‌ستان به‌ چۆنیه‌تی دانیشتنیان و چانسی ئه‌وه‌یان پێبدرێ كه‌ بیر له‌و وه‌ڵامه‌ بكه‌نه‌وه‌ كه‌ ده‌یانه‌وێ بیده‌نه‌وه‌. ئه‌نجامه‌كه‌ ئه‌وه‌یه‌ كه‌ منداڵانێكی زیاتر بۆیانهه‌یه‌ به‌شداری بكه‌ن و، ئاستی وه‌ڵامه‌كه‌ش بۆیهه‌یه‌ به‌رزتربێت. هه‌ندێجار – به‌ تایبه‌تی ئه‌گه‌ر مامۆستاكه‌ هانی ئه‌مه‌ بدات – وه‌ڵامه‌كه‌ له‌گه‌ڵ پرسیارێك ده‌ده‌نه‌وه‌ كه‌ زیاتر ده‌چێته‌ قووڵایی بابه‌ته‌كه‌.

دیسان هه‌ر دوو كه‌س ده‌توانن گفتوگۆیه‌كی كورت بكه‌ن بۆ پشتیوانی فێربوونی زمان – مامۆستا بۆیهه‌یه‌ بیه‌وێ بچێته‌ ناو ستراكچه‌ری وتووێژه‌كه‌، سه‌ره‌تا له‌گه‌ڵ پۆل و وشه‌ سه‌ره‌كیه‌كان و فرێزه‌كان له‌سه‌ر بۆرده‌كه‌ بنووسێت، ئنجا ده‌كرێ به‌ هه‌موو پۆله‌كه‌ دووباره‌ بكاته‌وه‌ تا هه‌موو كه‌سێك متمانه‌دار بێ به‌ هه‌ندێ وشه‌ی قورستر به‌ر له‌وه‌ی ئه‌و جووته‌ ده‌ست پێ بكه‌ن.

گرووپی منداڵان ده‌توانن پێكه‌وه‌ كار بكه‌ن له‌سه‌ر كێشه‌یه‌كی دیاریكراودا بۆنموونه‌ كۆمه‌ڵه‌ پرسیارێك له‌ بابه‌تێكی وه‌كو ماتماتیك، زانست، مێژوو. دیسان گرووپه‌كه‌ ده‌كرێ ڕێك بخرێ تا له‌گه‌ڵ دانیشتنی منداڵه‌كان بگونجێ ، بۆیه‌ وا باشه‌ كه‌ له‌سه‌ر مێزێكدا ڕووبه‌ڕووی یه‌كتر بن. ئه‌م شێوازه‌ چانسێكی باش ده‌داته‌ هه‌موو منداڵه‌كان بۆ تێگه‌یشتن له‌وه‌ی چۆن كێشه‌كه‌ تێبگه‌ن و ئه‌وانه‌ش كه‌ له‌ بابه‌ته‌كه‌ باشترن، چێژ له‌ یارمه‌تی دانی ئه‌وانی لاوازتر وه‌رده‌گرن.

دەکرێ گروپ بە کێبەرکێی کراوەترو درێژخایەنتر چارەسەربکرێت - بۆ نموونە بۆ سازکردنی پەڕاوێك بۆ میوانانی شارەکەیان ، یا پۆستەرێك کە هانی خۆراکی تەندروستیانە بدات. تاد تاد. بۆ ئەم جۆرە کارە پێویستان بەوە دەبێت کە پێکەوە بە دەوری مێزێك دابنیشن ئەگەر بگونجێ – هەرچەند دەبینین هەندێ منداڵ لەسەر زەوی بەسەرچۆك بەرامبەر دادەنیشن و! ئەو جۆرە کارە هەندێ کاری باش بۆ نمایشکردن دەدەنە دەست. - سەیری خوارەوە بکە.

گروپی گەورەتر دەتوانن لە فێربوونی زماندا کاری خۆش بکەن: بۆ نموونە گروپەکە وا نیشاندەدەن کە لە قاوەخانەیەکدا کریاربن. گروپێکی دیکە لە هەمانکات ئەرکی ئەوە وەردەگرن کە ببنە شاگرد و بچن بۆ ئەوەی بزانن ئەوانەی سەرمێزەکە دەیانەوێ چی بخۆن یا بخۆنەوە.

# تەوەری دەیەم

## ڕێنماییەکان بۆ ماموستایانی بابەتی بیرکاری

### پێوەرەکانی جیهانی بۆ بیرکاری : ـ

ژمارەکان و کردارەکان ( الأعداد و العمليات )

جەبر

ئەندازە

پێوانە ( القياس )

ئەگەرەکان

نواندن ( التمثيل )

پێکەوە بەستن ( الربط )

گەیاندن ( التوصيل )

وانەی کوتایی لە هەموو بەشێك ڕێگاکانی شیکاری پرسیارەکان لەخۆ دەگرێت

هەنگاوەکانی شیکاری پرسیارەکان بەپێی تیوری (بوليا) شلۆڤە دەکرێت-:

ا ) تێبگە ( إفهم )

بـ) پلان دابنێ ( خطط )

ج) شیکاربکە ( حلل )

د) ساغبکەوە ( حقق )

بە ئەو ڕێگەو هەنگاوانە قوتابی دەشێت شیکاری پرسیارەکانی بابەتی بیرکاری بۆ هەمووان ئەنجام بدات.

چەمکی کۆن لە ڕێگای وانە گوتنەوە دا.

قوتابی هەموو زانیاری و بابەتەکانی ناوەڕۆکی کتێبی خوێندن لەبەردەکات

ماموستا لە وانە وتنەوەدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت.

قوتابی چاك گوێ دەگرێت و سەیری ماموستا دەکات.

ماموستا زەبتی پۆل بە ڕاستەوخۆ دەکات.

چەمکی نوێ لە ڕێگای وانەوتنەوە دا.

ماموستا ڕۆڵی سەرپەرشتی و ئاراستەکردنە.

قوتابی ڕۆڵی سەرەکی دەبێت لە چالاکیەکاندا و خۆی فێرببێت لەژێر سەرپەرشتی ماموستادا.

ئامانجی فێربوون لەبەرکردنی زانست و زانیاریەکانە بەڵکو ئامانج لەوەیە کەسایەتیەك لە ڕووی ژیری و جەستەیی و ویژدانی و سۆزەوە دروست بکەین.

## ئامانجە گشتییەکانی بابەتی بیرکاری

١ – قوتابی زانیاری هەبێت دەربارەی زمانی بیرکاری کە بریتییە لە ( دیقەت ، ڕوونی ، کورتی ).

٢– قوتابی زمانی بیرکاری بەکار بهێنێ بۆدەربڕینی بیروهزری خۆی و بەئاسانی بگەینتە کەسانی دەوروبەری لە ژیانی ڕۆژانەی.

٣ – نەشونماکردنی هزروتێگەیشتنی قوتابییان لەسەر چۆنیەتی فێربوون و فێرکردنییان.

٤ – نەشونماکردنی شیانی هزری قوتابییان بۆدەست نیشان کردنی کێشەکان و چۆنیەتی چارەسەرکردنیان.

٥ – بۆ ئەوەی قوتابی شێوازی نوێ بەکار بهێنێ بۆ کۆکردنەوەی زانیاری نوێ و چۆنیەتی پێشخستنی.

٦ – نەخشەکێشان و هەنگاوەکانی شیکارکردنی پرسیار فێر ببن.

٧ – شارەزایی تەواوی هەبێت لەسەر ئەندازە و شێوە ئەندازەییەکان.

٨ – ڕێساکان ، تێگەیشتنەکان ، ڕاستییەکان ، هاوردەکان لێك جودابکاتەوە و پەیوەندییەکانیان دەست نیشان بکات.

٩ – قوتابی لەناو کۆمەڵ و کەسانی دەوروبەری پێشەنگ بێت بۆ دۆزینەوەی ئەنجامی هەرپرسیارێکی بابەتی بیرکاری

**پۆلی یەکەم** بۆپێشکەش کردنی بابەتەکانی پۆلی یەکەم دەبێت ئەوخالانە بێتە ڕەچاوکردن- :

١ – شێوە ئەندازەییەکان فێری قوتابییان بکرێت.

٢ – پێشکەشکردنی بیرۆکەی کۆمەلە.

٣ -بەراوردکردنی دانەکانی نێوان دوو کۆمەلە ، دەست نیشان کردنی کۆمەلەی گەورە و کچکە یان زۆر کەم بە ڕێگای گەیاندنی هێل لە نێوان دانەکانی دوو کۆمەلە کۆمەلەکانی هاوتا دیاربکرێت.

٤ – ژمارەکان لە ١ تا ٥ بەرێگای بەراوردکردنی کۆمەلەکان لەگەل یەکدی.

٥ – پێش کەش کردنی فێربوونی ژمارەکان لە ٦ – ٩ بەرێگای زێدەکردنی دانەیەك بۆسەر کۆمەلەی پێشوو.

٦ – دوای ژمارە ٥ ( سفر ) فێری قوتابییان دەکرێت ئەویش بەرێگای کۆمەلەی بەتال .ژمارەکان لە ١ تاکو١٠ فێری قوتابیان بکرێت.

٧ – ئەنجا دەییەکان فێری قوتابییان دەکرێت.

٨ – بیرۆکەی کۆکردنەوە بدرێتە قوتابییان بەرێگای لێکدان دوو کۆمەل

٩ – جێ گۆرکێ دوو ژمارە لە کرداری کۆکردنەوە.

١٠ – کرداری کۆکردنەوە بەرێگای پارچە کردنی کۆمەلەیەکی دیاری کراو بە مەرجێك کۆمەلەی خالی نەدەیتە قوتابییان.

١١ – تێگەیشتنەکانی بنچینەیی لەکرداری کەم و کۆ فێربکرێن

١٢– هۆیەکانی فێرکردنی هەستیاری بەرجەستە بەکاربێت لەگەل ژینگەی قوتابییان نزیك بێت.

١٣ – گرێدانی کرداری کۆکردنەوە لەگەل کرداری کەم کردنەوە دوو کرداری پێچەوانەن.

١٤ – لەکرداری کۆکردنەوەی دوو ژمارە کە ئەنجامیان لە ١٠ زیاتر بێت فێربکرێن ١٠ تەواوبکەن.

نموونە : ٨ + ٥ = ٨ + ( ٢ + ٣ ) = ١٣یان ( ٨ + ٢ ) + ٣ = ١٣

١٥ – قەردکردن و یەك ماوە یان لیوەرگرتن و یەك بە دەست لە پۆلی یەکەم نییە.

## بۆ زۆربەی قوتابییان بابەتی بیرکارییان خۆشناوێت

بۆ ئەو ئەگەرانە دەگەرێتەوە- :

١ – مامۆستای بیرکاری بەردەوام باسی چەند ژمارەی ساردوسڕ دەکات.

٢ – هەندێ مامۆستا لەگەل رێزم بۆ هەموو ماموەستایانی بیرکاری لە وانەی بیرکاری دلخۆشی و گرنژینی تێدا ئەنجامنادەن.

٣ – زۆر ژمارە و هێما و دەستەواژەی بێ مانای تێدایە.

٤ – هەندێ مامۆستا بابەتەکەی بێ تام وچێژ دەکەن.

٥ – هەندێ مامۆستای بیرکاری چاولەخەو و باوشکیان دێت لەناو پۆل.

٦ – مامۆستا دویڤ چوون بۆ ئەرکەکانییان ناکەن.

٧ – هەندێ قوتابی دەڵێن بەردەوام لەتاقیکردنەوەی بیرکاری کەوتوومە.

٨ – مامۆستای بیرکاری ئێمەی خۆش ناوێت.

٩– بیرکاری لەگشت پۆلەکان هەیە لێ قوتار نابم.

١٠ – مامۆستا لەناو پۆل لەسەر تەختەسپی پرسیارەکان بە خۆی بۆمان ڕاڤە دەکات و ئەنجامەکەی دەنووسیت ئێمە فێرناکات.

١١ – قوتابی دەڵێن ئێمە لە هەنگاوەکانی شیکاری پرسیارەکان تێناگەین تەنها وەلامەکان دەنووسینەوە.

١٢ – مامۆستا تەنها قوتابییانی زیرەك هەلدەستێنێ بۆ شیکارکردنی پرسیارەکان و لاوازەکان پشت گوێ دەخات.

١٣ – ئەگەر پرسیار بکەین مامۆستا دەلێت وەلامەکە لەبەر چاوتە خۆ کۆرە نیت بەبێ دەنگ بینووسەوە.

١٤ – ئەرکی مال لە قوتابخانە لەبەر قوتابی زیرەك دەگرمەوە.

## هۆکارەکانی دواکەوتنی قوتابییان لە بابەتی بیرکاری

### ١ – هۆیەکانی پرۆگرام.

### ٢ – هۆیەکانی مامۆستا.

### ٣ – هۆیەکانی ژینگە.

### ٤ – هۆیەکانی قوتابی.

**١ / هۆکارەکانی بۆ پرۆگرام دەگەرێتەوە- :**

أ – نەگونجانی هەندێ لە بابەتەکانی پرۆگرامی خوێندن  لەگەل توانا و هزری قوتابییان.

ب – تەواو نەکردنی بەشە خوێندنی وەرزی و سالانەی پرۆگرامی بیرکاری لە هەندێ لە پۆلەکان بۆ چەند ئەگەرێك دەگەرێتەوە.

ج – چاپ کردنی کتێبەکان هەرجار بە شێوەیەك.

د –ژمارەی پێویستی کتێب ناگاتە قوتابخانەکان یان درەنگ دەگات.

هـ – دیالیکتی زارگۆتنی کتێب لەگەل هەموو ناوچەکان ناگونجێ.

٢ / هۆکارەکانی بۆماموٚستا دەگەرێتەوە- :

أ – کەمی کادیری پسپۆری بابەتی بیرکاری.

ب – هۆیەکانی فێرکردن وەکو پێویست نییە یان نەگونجاوە.

ج – نەبوونی پلانی سالانە و رۆژانە.

د – خۆئامادە نەکردنی ماموٚستا پێش چوونە ژووری پۆل بۆگۆتنەوەی وانە.

هـ – چالاکییەکانی ناو پۆل و دەرەوەی پۆل بە دروستی ئەنجام نادرێت.

و – ئەزموونەکان بە شێوەیەکی تەقلیدی بە کار دەهێنێن.

ز – راچاوکردنی جیاوازی تاکەکەسی لە ناو پۆل وەکو پێویست ئەنجام نادرێت.

ح – باری ئابوری بژێوی ماموٚستا.

ی – ماموٚستا دێتە دامەزراندن بەبێ خولی شیاندن و بەهێزکردنی.

ك – هاتووچۆی ماموٚستا.

ل – پرۆگرامەکانی پەیمانگەی پێگەیاندنی ماموەستایان و خولەکان پێکاو نییە ،نەبوونی پەیوەندی لە نێوان وەزارەتی خوێندنی بالاو وەزارەتی پەروەردە بهۆ دانانی پرۆگرامێکی کاراو وتۆکمەو سوود بەخش بۆ پێگەیاندنی نەوەیەکی تەندرۆست

م – بەڕێوەبەری قوتابخانەکان بە دروستی دویف چوونی ماموٚستایان ناکەن.

ص – سزا و پاداشت لەکاتی گونجاو بەکار ناهێت.

ع – نەبوونی میلاك و دوو دەوامی و سێ دەوامی لە هەندێ لە قوتابخانەکان.

ف – ماموٚستا و وەرگرتنی موٚلەتی سالانە و نەخوٚشی.

٣ / هوٚکارەکانی بوٚ ژینگە دەگەڕێتەوە- :

أ – زوٚری ژمارەی قوتابییان لە یەك پوٚلدا.

ب – نەبوونی هەماهەنگی لە نێوان قوتابخانە و دایك و باوکی قوتابییان

ج – کەمی کردنەوەی خولی بە هێز کردنی ماموٚستایانی بیرکاری.

د – کەمتەرخەمی کارگێری بەرامبەر بابەتی بیرکاری.

هـ – کەمی کتێبی ڕێبەری ماموٚستایان ( دليل المعلم ) لە قوتابخانەکان.

و – جیاوازی مووچەی مانگانەی ماموٚستا و هەندێ دامودەزگاکانی تر.

٤ / هوٚکارەکانی بوٚ قوتابی دەگەڕێتەوە- :

أ – باری ئابووری قوتابییان.

ب – بەخێوکەری قوتابییان دویف چوونی مندالەکانییان ناکەن.

ج – پچرانی پەیوەندی نێوان ماموٚستا و قوتابی.

د – دەست نیشان نەکردنی ویست و خواستی قوتابییان.

هـ – ئومێد و هێڤی لە ناو دلی قوتابییان ناهێتە چەسپاندن.

# ڕاسپاردەکان بۆ مامۆستایانی بیرکاری

١ – داکۆکی کردن لەسەر بیرکردنەوەی هزری لە پێنج خولەکی دەسپێکی وانەی بابەتی بیرکاری ، ئەویش بە ئاراستەکردنی چەند پرسیارێك دەربارەی جاران ودابەش و یەکەکانی پێوان و کێشان یان هەر پرسیارێك ببێتە مایەی هوشیارکردنەوەی هزری قوتابییان لە ناو پۆلدا.

٢ – مامۆستا بایەخ بە خوێندنەوە و بەهای ڕەنووسی ژمارەکان بدات بە ڕێگای بەکارهێنانی ئامێری ژمێریاری (معداد ).

٣ – قوتابییان فێری ڕێسا و یاساکانی بیرکاری بکرێن و دۆزینەوەیان بە ڕێگای دەرئەنجام ( الاستنتاج ) ناوە ناوە بێنێتەوە بیری قوتابییان.

٤– قوتابییان تەوەری کرداری فێرکردن بن و ماوەیەکی گونجاو بە قوتابییان بدرێت بۆ گەیشتنە وەلامی ڕاست و دروست.

٥ – مامۆستا بە هیچ شێوەیەك نابێت پرسیاری بیرکاری لەسەر تەختە سپی ڕاڤە بکات و ئەنجامەکەی بە قوتابییان بلێت ،

لێرەدا هەلەیەکی گەورە ڕودەدات چونکە مامۆستا خۆی فێردەکات و قوتابییانی پشت گوێ دەخات.

٦ – مامۆستا چەند ڕێگایەك فێری قوتابییان بکات لە شیکارکردنی پرسیارێك و قوتابی زیرەك و کارامە بەرەو پێش هانبدات.

٧ – ڕاستییەکانی بنچینەیی لەبەر قوتابییانی بکات و هەرووەها ڕاستییەکانی هەرچوارکرداری بیرکاری.

٨ – تەختە سپی بە شێوەیەکی گونجاو و زانستیانە نەخشەی بۆ بکێشرێت و بیرۆکە و هاوردەکانی پرسیار لەلایەکی دیاریکراوی تەختە سپی بنووسرێت و دوای خوێندنەوەی لەلایەن قوتابییەك بە شێوەیەکی

ڕاست و دروست ،دەستەواژەکان گفتوگۆی لەسەر بکرێت و پرسیارەکە ڕوون بکرێتەوە و پرسیارەکە لەلایەن قوتابییان بەزارەکی وەلامەکەی دەست نیشان بکرێت و هەنگاو لەدوای هەنگاوبە بەشداربوونی چەند قوتابییەك و ئەنجا قوتابییەك وەلامەکەی لەسەر تەختە سپی بنووسێت ودەرفەت بە قوتابییان بدرێت لەسەر پەراوی خۆیان بنووسنەوە.

٩ – مامۆستا پێش چوونە ژووری پۆل پلانی ڕۆژانەی خۆی ئامادە بکات ولەگەل هۆیەکانی فێرکردن کە پێویستی پێ دەبێت لە کاتی گونجاو بەکاری بهێنێت.

١٠ – ئەرکی مال بە قوتابییان بدرێت و زۆر نەبێت و لەگەل ئاستی زانستییان بگونجێت و قوتابییان ماندوو نەکرێن و دەبێ مامۆستا دویف چوون لە ئەرکی مالی قوتابییان بکات و ئەگەر ئەرکی مال ناوە ناوە بە گروپ ئەنجام بدرێت باشترە.

١١—بایەخ بە بابەتی جاران (لێکدان)و چەند جارەی ژمارەکان بدرێت.

١٢– پێویستە مامۆستا تێنووسی تێبینییەکانی هەبێت ڕۆژانە تێبینی خۆی لە سەرچالاکی قوتابییان و نمرەی ئەزموونی ڕۆژانە تێدا تۆماربکات.

١٣ – قوتابیانی زیرەك پێشبخات و بایەخ بە قوتابیانی لاواز بدات و پشت گوێیان نەخات .

١٤ – پاداشت و سزا بەکاربهێنیت نەك سزای جەستەیی

# ڕێنماییەکانی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی به گشتی بۆ ماموەستایانی بابەتی بیرکاری .

١ – رۆلی پێشمەرگە بەرز بێتە نرخاندن بەرگری لە خاك و سەروەری ولات دەکات و دژی دوژمنان بۆپاراستنی شەرەف وکەرامەتی خەلکی کوردستان و کێشانی نەخشەی سنوری خاکی کوردستان بە خوێنی خۆیان

٢ – مامۆستا پێش چوونە ژووری پۆل بۆگوتنەوەی وانە پلانی رۆژانەی خۆی ئامادە بکات

٣ – داکۆکی کردن لەسەر بیرکردنەوەی هزری لە دوو تا پێنج خولەکی دەسپێکی وانەی بابەتی بیرکاری ،

٤– قوتابییان تەوەری کرداری فێرکردن بن و ماموەستا هاریکاربێت بۆ گەیشتنە وەلامی راست .

٥ – مامۆستا بە هیچ شێوەیەك نابێت پرسیاری بیرکاری لەسەر تەختە سپی راڤە بکات لێرەدا هەلەیەکی گەورە رودەدات چونکە مامۆستا خۆی فێردەکات و قوتابییانی پشت گوێ دەخات.

٦–مامۆستا شارەزایی تەواوی هەبێت بە جۆرەکانی رێگاکانی وانەگوتنەوەی بابەتی بیرکاری

٧ –راستییەکانی بنچینەیی فێری قوتابییانی بکات و هەروەها راستییەکانی هەرچوارکرداری بیرکاری.

٨ –تەختە سپی بە شێوەیەکی زانستیانە نەخشەی بۆ بکیشریت

٩ –قوتابییان فێری رێسا و یاساکانی بیرکاری بکرێن و دۆزینەوەیان بە رێگای دەرئەنجام ( الاستنتاج )

١٠ –ئەركی مال بە قوتابییان بدرێت و زۆر نەبێت و لەگەل ئاستی زانستییان بگونجێت ، دوبڤچوونی بكرێت لەپۆلی یەكەم ئەرك لەمال نیە

١١ – سیستەمی گروپ لە وانەی بیركاری ئەنجام بدرێت

١٢ – پرسیاری ئەزموونی مانگانە نموونەیی بیت و بە پێی ڕێنماییەكان

١٣ – بۆنە و یادەكانی نەتەوەیی و نیشتمانی موتوربەی ناو پرسیارەكانی بابەتی بیركاری بكات

١٤– ماموٚستا لە ناو پۆل نەقلی نەبێت و نوێ خواز بێت و خۆی بە زانیاری هاوچەرخ دەولەمەند بكات.

١٥ –ماموٚستا خۆی خۆشەویست بكات لە گەل قوتابییانی ویست و خواستییان جێ بە جێ بكات

-١٦ قوتابی زیرەك و كارامە پێش بخرێت و قوتابی لاواز هانبدرێت

١٧ –نموونەی بەرجستە و هەستیار بەكاربێنێت لەگەل ژینگەی بگونجێت

١٠ – بایەخ بەخوێندنەوەو زانینی ڕەنووسی بەهای خانەی بدرێت.

١١– پرسیاری ئەزموونەكان نموونەیی بن . بایەخ بە خوێندنەوە و بەهای ڕەنووسی ژمارەكان بدات

١٢ – ماموٚستا كێشە دروست بكات بەگفتوگۆ ئەنجامەكە بدۆزنەوە.

١٣ – نیشانەی زیرەكی بۆ قوتابیانی زیرەك بە كار بێت

١٤ – كەساییەتیەكی بەهێز بۆقوتابیانی بنیات بنێت و بڕواو متمانەی بەخودی خۆی هەبێت لەژیانی خۆی

١٥ – ماموٚستای بیركاری لە دەسپێكی سالی خوێندن لە پۆلەكان دەست نیشان بكرێت و نەهێتە گۆڕین بەتایبەتی لە بازنەی یەكەمی خوێندن.

١٦– لە وەرزی یەكەم ودووەم هەلواسراوەی دیواری دروست بكرێت بەدەستی قوتابییان بێت.

١٧ – مامۆستایانی بیرکاری سەردانی یەکتری بکەن بۆ ئالۆگۆڕکردنی زانیاری لە نێوان خۆیاندا.

١٨ – جیاوازی تاکەکەسی ڕاچاوبکات لە ناو قوتابییانی پۆل و ئاستی زانستیان دەست نیشان بکرێت.

١٩ – قوتابییان دەبێ ڕێسا و یاسا و دەستەواژە و هێما و ڕاستییە بنچینییەکانی لێك جودا بکەنەوە.

٢٠ – مامۆستا دەبێت قوتابییانی فێری ( دیقەت ، خێرایی ، ڕێکخستن ) بکات لە بابەتی بیرکاریدا

٢١ـ پرۆگرامی بەشە خوێندنی هەردوو وەرز تەواوبکرێت هەفتەیەك تا ١٠دە ڕۆژ پێش ئەزموونی وەرزی یەکەم و دووەم پێداچوونەوەی بابەتەکان بکرێت وەك خۆئامادەکردن بۆ ئەنجامدانی ئەزموونی وەرزی

٢٢ـ لە کاتی شیکارکردنی ڕاهینان دەبیت کتێب و تینووسەکان داخرابن قوتابی خەریکی نووسینەوە نەبن.

٢٣ـ ماموەستا دەبی خۆی بهینێتە ئاستی قوتابیانی

٢٤ـ شارەزایی تەواوی لە دەروزانی مندال هەبیت.

٢٥ـ بەهیچ شێوەیەك نابیت قوتابی لەناو پول دەربکرێت.

٢٦ـ بیرکاری فێری قوتابیان بکە وەکو زانستێك لە ژیانی ڕۆژانەیان

٢٧ـ ماموەستای بیرکاری ئاگاداری پرۆکرامی خوێندنی گشت پۆلەکان بێت بۆخۆدەولەمەندکردن.

# تەوەری یازدەم

## کۆسپ و تەگەرەکان وچارەسەکردنیان

ا ـ چۆنیەتی هەلسوکەوتکردن لەگەل قوتابی لاسار

ب ـ گرفت و ئاریشەکان له ناو قوتابخانه

ج ـ رفتاری سەمیانی قوتابیان له گەل جگەرگۆشەکانیان

### ا ـ چۆنیەتی هەلسوکەوتکردن لەگەل قوتابی لاسار

### رێکارەکان بۆ چارەسەرکردنی

١- پالپشتیکردنی ئەو ڕەفتارە ئەرێنیەی لای قوتابی ، هەر مرۆڤێك چەند خراپیش بێت دەبێ لایەنێکی ئەرێنی و هەندێ رەوشتی باشیشی هەبێ ، بۆیە لە حالەتی قوتابی لاساردا واباشترە گرنگی بدرێ بە لایەنە ئەرێنیەکەی قوتابییەکە و ستایشکردنی و وابۆی دیاربکەی کە ڕەوشتی باشن و خۆشەویستە لەلای خەلك، ئەو کارەش واله قوتابی دەکات پەرە بەو ڕەوشتە باشانە بدات و وا خۆی دەبینێتەوە کە ڕەفتارە نەرێنیەکان وەلابنێ.

٢- سەپاندنی گیانی هاریکاری نێوان قوتابیانی یەك پۆلدا ، هەستکردنی بەوەی کە هاوکاری کارێکی سەپێنراوە لەناو پۆلدا پالیدەدات کە ئەویش یارمەتی کەسانیدی بدات ئەگەر حەزیشی لێنەبێ. لە ئەنجامدا لاساری و خراپەکانی کەمدەکاتەوە بەمەبەستی خۆگونجاندن لە گەل کەش و هەوای گشتی پۆلدا .

٣ - پێدانی هەندێ دەسەلاتی سەرکردایەتی بە قوتابی مشاغب ، پێدانی ئەو دەسەلاتە وای لێدەکات شەرم لە خۆی بکاتەوە و واهەستبکات کە بەرپرسیاریەکی هەیە ئەرکی هەیە ئەوەش هانیدەدات بۆ ئارامی و ڕێزگرتنی زیاتر .

٤- گفتوگۆ لەگەل قوتابی و گرنگیدان بەو ئارەزووو بەهرانەی هەیتی و برەودان پێیان و هاندانی بۆ بەردەوامیدان لەسەری ،

٥- هەولدان بۆ دۆزینەوەی تواناو بەهرە وەرزشی و جەستەییەکانی ، چونکە یارمەتیدەدات بۆ خالیکردنەوەی ئەو وزەیەی هەیەتی کە زۆرجاران هیچ ڕێگایەك نادۆزێتەوە بۆی جگە لە ئاژاوەو خراپی لەناو پۆلدا .

٦- گەڕان بەدوای ئەو هۆکارو فاکتەرانەی بوونەتە هۆی ئاژاوەگێری و خراپی قوتابییەکە .

٧- خۆدوورخستنەوە لە سزادانی قوتابی بە لێدان و جنێودان و، چاوسوورکردنەوە یان دەرکردن لە پۆل ، هێزی پەرچەکرداری نەرێنی بەرامبەر ڕەفتارێکی خراپی قوتابییەکە بەرەو زیاتر لەڕێ لادان و ڕەتکردنەوە دەیبات .

٨- پێشکەشکردنی ئامۆژگاری ناڕاستەوخۆ لە میانەی گێڕانەوەی چیرۆکی قوتابیانیتر داوالێکردنی ڕاوێژ لێی بێ ئەوەی بزانێ مەبەستەکە خۆیتی لێرەدا پێشنیاری چارەسەر دەدۆزێتەوە بۆ کێشەکەی.

٩- خۆدوورخستنەوە لە ستایش و مەدحی درۆینە بەمەبستی باشترکردنی ڕەوشتی ، هیچ سودێکی نابێ وا هەستدەکات کە هەلسوکەوتە خراپەکەی ئەو ستایشەی بۆی هێناوە.

١٠ - وازهێنان لە شێوازی ئامۆژگاری و پێدانی موحازەرە پێی ،واباشترە ڕەفتاری ئاڕاستە بکرێت بە ڕێگایەکی ناڕاستەوخۆ بە شێوەی فرێدانی کێشەکەی کە مەبەستمانە چارەسەری بکەین هەروەکو ئەوەی کە کێشەکە هی مندالێکیترە هی ئەو نیە .

١١ - مامۆستا دەبێ ئەوە بزانێت کەناتوانێ بەتەنیا کێشەکە چارەسەربکات بەلکو دەبێ پێکەوە چارەسەر بکەن بە هاوبەشی نێوان قوتابخانەو مالەوە ،بۆ ئەوەی بە پێی توانا مفاداربێ .

هیوادارم کارگێڕی و مامۆستا بەڕێزەکان سوودی لێوەربگرن و پیادەی بکەن لە قوتابخانەکانیان.

## ب ـ کێشە و ئاریشەکان لە ناو قوتابخانە

## ڕێکارەکان بۆ چارەسەرکردنی

١ ـ دیاریکردنی چوارچێوەی کێشەکە.

سەرەتا پێویستە کێشەکە بدۆزرێتەوە پاشان ناوی کێشەکەو جۆرەکەی و ئاستەکەی وئەگەرەکانی سەرهەلدانی ئەو کێشەیە بێتە دیارکردن . چونکە دەستنیشانکردنی چوارچێوەی کێشەکەو هۆیەکانی پەیدابونی خۆی لە خۆیدا نیوەی چارەسەرە.

٢ ـ شرۆڤەکردنی کێشەکە.

پشتی دەستنیشانکردنی کێشەکە پێویستە لە هەموو ڕەهەندەکانی بکۆلینەوە هەموو ئەو داتاو زانیاریانەی پەیوەستن بە کێشەکە بێتە کۆکردنەوە . چونکە بێی ئەمە ئەستەمە بتوانین کێشەکە بەرەو چارەسەرببەین .

٣ ـ دانانی چارەسەری گونجاو

پشتی دیارکردنی کێشەکەو کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر پەیدابونی کێشەکە ، پێویستە چارەسەری گونجاو بێتە رەچاوکردن بۆ ئەم مەبەستە چەند بیرۆکە زیاتربن دەرفەتی سەرکەوتنمان بۆ چارسەری ئاریشەکە زیاتردەبێت بۆیە پێویستە هەولبدەین کێشەکە پێکەوە چارەسەربکەین.

٤ ـ هەلسەنگاندنی چارەسەر .

پاش هەلبژاردنی چارەسەر یەکە یەکەی بژاردەکان دێنە هەلسەنگاندن ئەنجام و خالە ئەرێنی و نەرێنەیەکان دێنە بەراووردکردن.

٥ ـ دەستنیشانکردنی باشترین بژاردەو بڕیاردان.

ئەرێنی و نەرێنی لە رووی چۆنیەتی نەك چەندایەتی ،کۆدەنگی راستەقینە ،دەنگدان لەسەر هەلسەنگاندنی هەموو چارەسەری و کۆکردنەوەی بەهاکان یان ئەو چارەسەریەی پتر گونجاو و بەهادارن .

٦ ـ جێبەجێکردنی چارەسەری هەلبژێردراو.

جێبەجێکردنی ئەو چارەسەریە پێویستی بە پلانێکە کە ئەو خالانە لەخۆ بگرێ .

١ ـ دیارکردنی جێبەجێکردنی پێویست بۆ بەدەستهێنانی ئامانج

٢ ـ دیاریکردنی ماوەیەکی زەمەنی

٣ ـ دابینکردنی هەموو سەرچاوە پێویستەکان .

٤ ـ پێویستە لەو پلانەدا هەموو ئەو رێکارانە بێنە دابینکردن کە مەترسیەکان بۆ کەمترین ئاست کەمدەکەنەوە.

٥ ـ ئەگەر قۆناغەکان بەپێی پلانەکە بەڕێوەنەچوون پێویستە جێبەجێکارەکان ئەوبن کو چارەسەریان پێبێ .

٦ ـ ئامانجی خۆت یان کێشەی خۆت بەوردی دیاربکە.

٧ ـ بنكەی بڕیاری خۆت فراوانبكەو داخوازی لەو كەسانە بكە كە پەیوەندیان بە ئاریشەكە هەیە داكو بەشداری تێدابكەن ، هەتا قوتابی و كەس و كاری ئەوانیش.

٨ ـ داوای كۆمەك بكە بۆ بژاردەو ئەلتەرناتیڤەكان.

٩ ـ ئەلتەرناتیڤەكان هەلسەنگێنە ئنجا خالە بەهێزو لاوازەكان دیاریبكە .

١٠ ـ بەهاوبەشی لەگەل ماموستاو قوتابیان باشترین بژاردە هەلبژێرە.

١١ ـ بواری بیركردنەوە بەخۆت و ماموستاو قوتابیان بدە لەسەر گشت ئەنجامەكان.

١٢ ـ بەدواداچوونی بەردەوام بۆ جێ بەجێكردنی بڕیارو راسپاردەكان.

## ج ـ كێشەی سەمیانی قوتابیان لە گەل جگەرگۆشەكانیان دایك و باوك چۆن هەلسوكەوت بكەن لەگەل مندالەكانیان كاتێك دەرناچن یان واز لەخوێندن دەهێنن:

١ـ دەبێ ئاستی زانستی مندالەكەت بزانی بە چەند رۆژێك پێش دەستپێكردنی ئەزموونەكان ، بۆ ئەوەی شۆك نەبی بە ئەنجامە خراپەكەی.

٢ـ باوكی ئازیز بزانە كە هیچ ماموستایەك یان فێركارێك حەزناكات بە كەوتنی قوتابیەكانی . بۆیە هیچ رق و كینەیەك بەرامبەر قوتابخانەو ماموستاوكارگێری هەلمەگرە .

٣ـ ئەوەش بزانە كە ئەنجامەكان درانەوە بەهیچ شێوەیەك ناگۆڕێ تەنانەت لە لایەن بەرزترین دەسەلاتیش .

٤- پرسیار لە منداڵەکەت نەکە کێ دەرچووەو کێ دەرنەچووە چونکە ئەو تەنها سەرقاڵی خودی خۆیتی .

٥- پێشوازی لە منداڵە کەوتووەکەت بکە بەزەردە خەنەیەکی بۆندار بە سەرزەنشتێك . هەرگیز لێی تووڕە مەبە بەڵکو هەوڵدە لە ئازارە دەروونیەکەی کەمکەیەوە.

٦- هەوڵبدە ئەنجامەکەی فەرامۆش نەکەی ، هەروەها هەوڵدە کەتۆ لات گرنگ نیە و ئازارت نیە لەکەوتنەکەی . بەڵام با خۆشەویستیەکەت بۆ کوڕەکەت یان کچەکەت ببێتە پەردەیەك بۆ سۆزو عاتیفەو ئازارت.

٧- هەوڵدە دیاریەکی بچوکی پێشکەش بکەی کەمێك لە خەمەکانی کەمکەیتەوە .

٨- هەوڵدە فێری منداڵەکەت بکەی کە کەوتن و دەرنەچوون کۆتایی ژیان نیە هەندێ جار دەبێتە دەستپێکی ژیان.

٩ - نەیگوازەوە لە قوتابخانەکەی لەبەر ئەوەی دەرنەچووە ، لێیگەڕێ با بمێنتەوە لێی لەبەر خاتری یادگاریەکانی و هاوڕێکانی.

١٠- گەشتێك یان سەیرانێکی بچووکی بۆ ڕێکبخە لە گەڵ خێزان بۆ لەبیرکردنەوەی ئەوەی ڕوویداوە.

١١- هەوڵی ئەوە بدە بزانی ئەو بابەتانەی لێی کەوتووە چین؟ چونکە هەر بابەتێك هۆکاری تایبەتی خۆی هەیە جیاواز لەویتر.

١٢- هەر لە ئێستاوە پلان و ڕێگایەکی گونجاوی بۆ دانێ بەمەبەستی بەهێزبوون و وەلانانی لاوازی هەروەها دابینکردنی کەشێکی گونجاو بۆی .

١٣- پاش پشووی وەرزی یەکەم و لەکاتی دەستپێکردنی وەرزی دووەمی خوێندن یەکسەر سەردانی قوتابخانەکەی بکەو پرسیاری هەموو وردەکاریەکانی تایبەت بە کوڕەکەت یان کچەکەت بکە لە ماموستایان .

وەهەولبدە ئەو تێبینیانەی دەستتکەوتووە تۆماریان بکەی و بکەیە بنەمای هەستانەوەی ئاستی مندالەکەت ... سەردانەکانت دوبارەو سێبارە بکەوە بۆ قوتابخانە و بەرزکردنەوەی ورەی مندالەکەت بۆ باشترکردنی ئاستی زانستی و پەروەردەییەکی .

لە کۆتاییدا هیوای سەرکەوتن و دەرچوون دەخوازم بۆ کچ و کوڕەکانمان لە ئەزموونەکانی کۆتایی وەرزی یەکەم خولی یەکەم سالی خوێندنی ٢٠٢١/٢٠٢٢ داواکارم لە خوای گەورە هەمیشە ساخ وسەلامەت و تەندروست باشبن ...

بە پشتیوانی خوای گەورە تەواوبوو ، سەرکەوتنتان ئاواتە خوازمە ،

بە ئومێدم سوود بەخش بێت ، لە گەل ڕێزم بۆ هەمووتان

**یاسین حسن حسین گۆران**

**سەرپەرشتیاری پەروەردەیی/خانەنیش**

**پسپۆری بیرکاری**

**لە پەروەردەی قەزای بەردەرەش / پارێزگای دهۆك**

## بۆ دەولەمەندکردنی بابەتەکان سود لەو سەرچاوانە وەرگیرایە

### سەرچاوە کوردییەکان: ـ

١ـ زۆربەی زانیارییەکان ڕەشنووسەکانی بەردەستم بوون بەرهەمی چەندسالەی خزمەتکردنم بوو لە بواری پەروەردەو فێرکردن وەکو ماموەستا و سەرپەرشتیاریبابەتی بیرکاری.

٢ـ کتێبەکانی بیرکاری بۆ هەمووان قۆناغی بنەرەتی

٣ـ سیپارەی تایبەت بە خولی مەشقکردن ڕێبەرانی سەرەکی لە سەرپەرشتیارانی قۆناغی بنەڕەت بۆ بابەتی بیرکاری پۆلی پێنجەم لە هەولێر و سلێمانی ودهۆك١٢/ ٦ تا ٢٥ /٦/٢٠٠٩.

٤ـ پشکداربوونم لە چەند خولێلکی بە هێزکردنی ماموەستایانی بابەتی بیرکاری بۆ هەمووان.

٥ـ سوودم لە چەند ژمارەیەکی ئاسۆی پەروەردیی وەرگرتووە.

٦ـ چەند سیپارە و پرۆگرامی ماموەستای پێشەنگ بۆ گۆتنەوەی وانەی بیرکاری بۆ هەمووان قۆناغی بنەرەتی لە خولی بە هێزکردنی ماموەستایانی بابەتی بیرکاری بۆ هەمووان

٧ـنامیلکەیەك لە لایەن سەرپەرشتیارانی بابەتی بیرکاری لەهەردوو پارێزگای هەولێرو دهۆك بۆ خولی بەهێزکردنی ماموستایانی بیرکاری.

٧ـ بیرکاری بۆ خولی بەهێزکردنی ماموەستایانی قۆناغی سەرەتایی

ـ ریکخراوی یونیسێڤ ـ

٨ـ خولی بەهێزکردنی گشت بابەتەکان بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی گشتی پارێزگای دهۆك ساڵی ٢٠٠٢

٩ـ وتارەکانی بەڕێز زەریر وەزیر سەرپەرشتیاری پەروەردەی (دۆستی ڕەخنە گر ) لە پەروەردەی قەزای بەردەرەش .
١٠ـ بنەما گشتیەکانی ڕێگاکانی وانە وتنەوە ، کەریم ئەحمەد عەزیز
١١ـ ڕێبەری ماموەستای راهینەر ٢٠٢٣ / وەزارەتی پەروەردە .

## سەرچاوەکانی عەرەبی( المصادر العربیه )

١ـ القرءان الكريم ـ قورئانی پیرۆز ـ
٢ـ مناهج الرياضيات واساليب تدريسها الدكتور محمد عبدالكريم ١٩٩٩
٣ـ محاظرات فی گرائق تدريس العامه دوره تأهيل التربوی ـ دهۆك ٢٠٠٢
٤ـ اختيار تحصيلی للصف الرابع الأبتدائي فی الرياچيات يونسكۆ ١٩٩٠
٥ـ توجيهات للمعلم حول تدريس كتب الرياضيات من الصف الاول الى الصف الرابع الابتدائی
٦ـ دليل المعلم لتدريس الرياضيات للمرحله الابتدائيه ١٩٧٨ بغداد
٧ـ اهم الگرق التدريس الحديپه ، كتابه وسام گلال ، ٢٠١٨ .

# ژیانی نووسەر



(یاسین حەسەن حوسێن گۆران)

ـ لە سالی ١٩٥٤لە گوندی زەنگەنان سەر بە قەزای بەردەرەش لەدایك بوومە

ـ سالی خوێندنی ١٩٦١ـ ١٩٦٢ لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی وەرگیرام ،

ـ لەسالی ١٧٧١قۆناغی ناوەندیم لە قەزای بەردەرەش تەواو کرد ،

ـ ساڵی ١٩٧٢لە ئامادەیی هەولێری کوڕان ، خوێندنی دوواناوەندیم دەست پێکرد،

ـ لەساڵی١٩٧٤بە خێزانەوە پشکداری شۆرشی ئەیلوولی مەزنمان کرد، ئاوارەی ئیران بووین،

ـ دووای گەرانەوەمان لە ئیران ساڵێك و نیو لە پارێزگای ناصریە ماینەوە .

پۆلی شەشەمی ناوەندیم بەشی وێژەی لە دوواناوەندی قەزای رفاعی تەواوکرد ،

ـ لەساڵی ١٩٧٧لە پەیمانگای پێگەیاندنی ماموەستایانی پارێزگای ناصریە وەرگیرام:

ـ لەساڵی ١٩٧٧مانگی٥ پێنج لە باشوری عیراق گەراینەوە ئێمەیان گواستنەوە بۆگۆمەلگای شاوێس سەر بە قەزای مەرکەز لە هەولێر .

ـ لەسالی ١٩٧٨پۆلی دووەمی پەیمانگای پێگەیاندنی ماموەستایانم لە پارێزگای هەلێر تەواو کرد ،

ـ لە ١٩٧٨/١٠/١بۆیەکەم جار بەماموەستا لەگوندی ببێل دامەزرام سەر بەقەزای مێرگەسۆر .

ماموەستا بوومە لەو شوێنانە : گوندی شێتنە /دیانا

هەردوو گوندی سپیگرەو سۆلاوکە لە دەڤەری خۆشناوەتی

هەروەها لە قوتابخانەی گارە لە گۆمەلگای شاوێس ،

ـ دووای راپەرینی بەهاری ١٩٩١سالّی ١٩٩٤ گەڕاینەوە شوێنی باب و باپیران لەگوندی زەنگەنان سەر بە قەزای بەردەرەش

ـ لەرێکەوتی ٢ / ١ سالی ٢٠٠١بووم بەسەرپەرشتیاری پەروەردەیی بۆ نەهێلانا نەخوێندەواری لە پەروەردەی قەزای ئاکرێ ،

ـ لە سالی ٢٠٠٧ بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزای بەردەرەش دامەزرا لە پەروەردەی قەزای بەردەرەش بەناونیشانی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بنەرەتی بابەتی بیرکاری بەردەوام بووم لە خزمەت ،

ـ لە سالّی ٢٠١٨ هاتمە خانەنیش کردن لە خودای مەزن داوای خۆشی و سەرکەفتن بۆ هەمووتان دەخوازم ،

# بەرهەمەكانی نووسەر:

١ـ لاوك ستڕانێ كوردەواری لە ساڵی ١٩٩٧بە ژمارە( ٢٨) لە وەزارەتی ڕۆشنبیری چاپ كرا

٢ ـ پەندی پێشینان وبەسەرهاتی كوردی لە ساڵی ٢٠٠٦لە وەزارەتی ڕۆشنبیری بە ژمارە(٢٢٩) چاپ كرا ،

٣ـ هەقایەت وئەفسانەی بەرئاگردانی كوردەواری لە ساڵی ٢٠٠٩لە دەزگای مۆزیك وكەلەپۆری كورد بە ژمارە (٤١) چاپ كرا

٤ـ كەلەپوورنامەی كوردەواری لە ٢٠٠٨لە وەزارەتی ڕۆشنبیری چاپ كرا ،

٥ـ پێنج داستانی كوردەواری لە ساڵی ٢٠١١لە لە وەزارەتی وۆشنبیری بەژمارە(٥٦٩)چاپكرا

٦ـ گۆران لەنێوان زێی بادینان ڕووباری خازر لە چاپخانەی منارە لە هەولێر ساڵی ٢٠١٤چاپكرا

٧ـ فەرهەنگی ووشەكانی قورئانی پیرۆز پەیڤ و ڕامان بە هەردوو شێوەزاری سۆرانی و بادینی، ژمارەی سپاردن (٤٨١) ساڵی ٢٠١٧چاپكرا .

٨ـ ئامۆژگارییەكانی ژیان ، ژمارەی سپاردن (٤٨٠) ساڵی ٢٠١٧چاپكرا .

٩ كوردی شەبەك لەپارێزگای موسل، ژ/سپاردن (٤٧٩) هەولێر٢٠١٧چاپكرا.

١١ـ پەروەردە كردنی منداڵ ژمارەی سپاردن (٢١٤) ساڵی ٢٠١٨چاپكرا

١٢ـ نەخۆشی شێرپەنجە ساڵی ٢٠١٨ چاپكرا

١٣ـ دەقەری گۆرانەتی لە بادینان .ژسپاردن (١٦٩)هەولێر ساڵی ٢٠٢٣چاپكرا

١٤ـ ڕێبەری مامۆستای ، ژمارەی سپاردن (٢٩٣) هەولێر ٢٠٢٣ پێدرا .

١٥ـ تەفسیری ناوە جوانەكانی خودای گەورە .